


## هەژماری من دەربازبوونە لە مامەڵەی کاش و وەرچەرخانێکیشە بۆ بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییە دارایی و بانکییەکان

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

## مەترسی و دەرفەت
## لە دووبارە پێناسەکردنەوەی سەروەریی دەوڵەت لەناو سیستمە تازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ساڵی سی و یەکەم (١٤٣٩)- (١٨)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٤

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٧٠ هەزار ئالوودەی ماددەی هۆشبەر هەن و تەنیا لە یەک مانگدا ٤٣ بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون

دەبێت یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان هەموار بکرێتەوە و لەگەڵ ئاستی ئێستای مەترسیی بڵاوبوونەوەیدا بگونجێت



# لە هەر وڵاتێك مافیا و گرووپی جۆراوجۆری چەكداری هەبوو، بڵاوبوونەوە و بازرگانیی ماددەی هۆشبەر ڕوو لە زیادبوونی ترسناك دەكات




# سەردانەکەمان بۆ تاران
# لە ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١

١٣٧

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١، بە سەرۆکایەتیی شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی تارانمان کرد کە پێک هاتبوو لە دکتۆر فواد حوسێن و دکتۆر تاهر هەورامی، وەزیری تەندروستی و یاسین ئەبووبەکر و بەهرۆز فەرەیدوون پارێزگاری سلێمانی و، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر.
یەکەم کۆبوونەوەمان لەگەڵ عەلی ئەکبەر ساڵحی، وەزیری دەرەوەی ئێران ساز دا.
لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی عێراق بەگشتی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران بەتایبەتی کرا. ساڵحی عەرەبییەکی باشی دەزانی. دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا وەڵامی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانمان دایەوە.

کۆبوونەوەی ترمان لەگەڵ سەردار قاسم سلێمانی بوو کە دۆسیەی عێراقی لە ئێران بەتەواوەتی بەدەست بوو. لە کۆبوونەوەکەدا بەوردی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا. هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە بوو. هەرچەند لە زۆر بابەت و پرسدا ڕا و بۆچوونی جیاوازمان هەبوو، بەڵام پێویستە بڵێم کە من لەناو ئێرانییەکاندا بە کەسێکی بوێر و ڕاستگۆم بینی.

لە کۆبوونەوەکەدا دووپاتم کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین کوردستان ببێتە شوێن و ناوەندی دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، داوا دەکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت. لەم بارەیەوە تا ڕادەیەکی باش لێک تێگەیشتن لە نێوان هەردوولادا هەبوو.

بارودۆخی سووریا بەشێکی تری کۆبوونەوەکەمان بوو، داوای لێ کردین کە پشتگیریی سووریا و بەشار ئەسەد بکەین، لە وەڵامدا پێم گوت: هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ بەشار ئەسەد نییە و هیچ کات چاکەکانی حافز ئەسەدم لەبیر ناچێتەوە، بەڵام بارودۆخی ئێستای سووریا جیاوازە. ئەگەر بەشار ئەسەد سەبارەت بە مافی گەلی کورد لە سووریا هەنگاو بنێت و بێتە پێشەوە، ئێمەش دەتوانین یارمەتیی بدەین و پشتگیریی بکەین، بەڵام ئەگەر هەر بەردەوام بێت لە سەر ئینکارکردنی مافەکانی گەلی کورد، ئێمەش هیچمان لە دەست نایەت، تا ئێستا ئەلتەرناتیڤێکی باشتر و دیاریکراو لە سووریادا نییە.




ژماره (٢٥١)ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ی گۆڤاری (مەتین) که گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتیی مانگانەیە بە بەرگێکی ناوازە و دیزاینێکی جوان کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەم هەیڤە گۆڤارەیە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خانی چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

لە ژمارەی ئەم مانگەدا چەندین بابەتی سیاسی و فیکری و ئەدەبی و هونەری و زانستی و گشتی بڵاوکراونەتەوە، بە نووسینێکی عزەت یوسف بە ناونیشانی (ئەوا ل زارۆکینییێ د سەردەمێ شۆڕشا ئیلۆنی دا لە بیرا من)دەستی پێکردووە، کە چەندین وێستگەی بیرەوەری و نوستالیژیای لەسەر شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەخۆگرتووە، دواتر بابەتێکی نووسەر غیاسەدین نەقشبەندی بڵاوبووەتەوە بە ناونیشانی (ڕەهەندێت هزری و پڕاکتیکی د میتۆدێت ڕەخنێ دا) نووسەر بە تێروتەسەلی وشەی (ڕەخنە)ی شیکردووەتەوە و باری سەرنجی خۆی لە ڕووی زانستی و ئەدەبییەوە بۆ دەربڕیوە، باس لە پەیڤی ڕەخنە دەکات لە ناو زمان و کەلتووری کوردیدا جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئێستا زۆر کەس جیاوازی ناکات لەنێو گازاندە و گلەیی لەگەڵ ڕەخنەدا.

هەر لەم ژمارەیەدا بابەتگەلێکی زۆری فرەلایەن بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین لەوانە:حاکمیەت دروشمێ ئاینی یێ ئیسلاما سیاسی لە نووسینی دکتۆر هەوار بەللۆ، دویماهیك بۆ کێ یە پەرتووکا کاغەزی یان ئەلکترۆنی ڕیپۆرتاژی سینەم چییێ، گەوهەر و فەلسەفەیا سپینۆزاییێ ڕیپۆرتاژێکە لەلایەن سۆلین لەوەند ئامادەکراوە، لە کۆتاییدا بابەتی (ژ دۆستێن کوردان.. ڕۆژهەڵاتناس فلادیمیر ڤ. مینۆرسکی) کە گۆڤاری مەتین ئامادەی کردووە بڵاوکراوەتەوە.

دانەیەك لەم گۆڤارە گەیشتووەتە گوڵان، دەستخۆشی لە ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خانی و سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و کارمەندانی گۆڤارەکە دەکەین، هیواداریین هەمیشە بەردەوام بن.





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگران:
کەماڵ ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com
چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*


« د. محەمەد حاجی:



**مەسرور بارزانی نەک تەنیا خۆڕاگر بوو، بەڵکو داستانی سەرکەوتنیشی لە کابینەی نۆیەم تۆمار کرد**

« هیمداد سەباح بیلال:



**سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی ئاشتی دەبینێت**

« پرۆفیسۆر یوجین گۆلز:



**ترەمپ دەیەوێت لە دەرەوەی دامەزراوە تەقلیدییەکانەوە کار بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنەکان بکات**

« دکتۆر مایکل نایتس:



**ترەمپ دەیەوێت لە ڕێی پیشاندانی هێزەوە ئاشتی بەدی بهێنێت و ڕێگری لە هەڵگیرسانی شەڕ بکات**

مامۆستا مەلا سدقی عەبدولعەزیز:



**مەلا مستەفا بارزانی لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانی دامەزراند، ئەووش مێژوویەکی پرشنگداری گەلی کوردستانە**

هۆشەنگ عەبدوڵڵا:



**داواکارین ڕاگەیاندنەکان هاوکارمان بن لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە زیانە زۆرەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر**

جۆڤین چالاک:

**بوونی ئامانج و ئیرادەیەکی بەهێز وات لێ دەکات سەربکەویت**





**سوود و زیانەکانی بەکارهێنانی خەنە بۆ قژ و پێست**

**پاوەربانکێک خێرا و بێ وایەر بۆ هەموو ئامێرێک**




کاوە کاوانی:

**هونەری کوردی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتوانین بە وڵاتانی دراوسێی ئاشنا بکەین**




IYE
SYRIA
IRAQ
ORDAN
IRAN
AFGHANISTAN
KUWAIT
PAKISTAN[2]
BAHRAIN
QATAR
UNITED ARAB
EMIRATES
SAUDI ARABIA
OMAN
YEMEN
JIBOUTI
SOMALIA




# مەترسی و دەرفەت

## لە دووبارە پێناسەکردنەوەی سەروەریی دەوڵەت لەناو سیستمە تازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە «سیستەم و نەخشەی نوێ» هەیە**

**دەوڵەتی ئیسرائیل هەموو سەروەرییە نەریتییەکانی دەوڵەتی پێشێل کردووە، ئێستا سوپاکەی بە ئاشکرا لەناو هەردوو دەوڵەتی لوبنان و سووریا بوونی هەیە**

**هەتا ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣، پشتگیریکردنی عەرەبی شیعەی عێراقە بۆ ئەوەی هەژموونی دەسەڵاتی سیاسییان بە شێوەیەکی سەنترالی بەسەر هەموو عێراقدا هەبێت**

پرۆفیسۆر ڤۆلکەر پێرسیس «Volker Perthes» کە زانایەکی ئەڵمانییە لە زانستی سیاسەت و تایبەتمەندە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەتا ساڵی ٢٠٢٣ بە فەرمی نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە و سەرپەرشتیی قۆناغی راگواستنی لە سوودان کردووە، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) توێژینەوەیەکی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی «کۆتاییهاتنی ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە ئێمە ناسیومانە - The End of the Middle East As We Know It»، لەم توێژینەوەیەدا کە ١٠ساڵ پێش ئێستا نووسیویەتی، راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە لە دوای سەرهەڵدانی «دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆریستانی داعش» جارێکی دیکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە «سیستەم و نەخشە کۆنەکەی» بەڕێوە ناچێت و دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە «سیستەم و نەخشەی نوێ» هەیە.

ئەم مەزندە و پێشبینییەی پرۆفیسۆر ڤۆلکەر، هەشت ساڵ پێش هێرشەکەی چەکدارانی بزووتنەوەی حەماسە لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل کە بە «زریانی ئەقسا» ناسراوە، لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلیشەوە، هەرگیز مەزندە و پێشبینی ئەوە نەکرابوو، کە هێزێکی چەکداری غەیرەدەوڵەتی وەك «حەماس» هێز و توانای بگاتە ئەو ئاستەی بەو جۆرە هێرش بکاتە ناو خاکی ئیسرائیل و بە سەدان کەس بکوژێت و بە هەزاران کەسیش بکاتە بارمتە. ئەم هێرشەی حەماس، فتیلەی شەڕێکی کراوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیرساند و، بە هاوشێوەی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر باڵەخانەی سەنتەری بازرگانی جیهانی، جارێکی دیکە جیهانی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کردەوە، رۆژئاوا بەگشتی «هاوپەیمانیی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا» پشتگیریی راستەوخۆ و بێسنووری لۆجیستی و سەربازییان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل راگەیاند، لە بەرانبەریشدا کۆی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی شیعە پشتگیریی خۆیان بۆ بزووتنەوەی حەماس راگەیاند.

لە ماوەی ئەم ١٣ مانگەدا کە ئەم شەڕە کراوە و وێرانکەرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە، گۆڕانکاریی زۆر گرینگ لەسەر ئاستی سەروەریی دەوڵەت و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکەوتوون وەك:

- دەوڵەتی ئیسرائیل هەموو سەروەرییە نەریتییەکانی دەوڵەتی پێشێل کردووە، ئێستا سوپاکەی بە ئاشکرا لەناو هەردوو دەوڵەتی لوبنان و سووریا بوونی هەیە.
- دەوڵەتی ئیسرائیل جیا لەوەی رێز لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانەکانی جەنگ ناگرێت، لە هەمان کاتدا رێز لە هێزی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەناو لوبنان ناگرێت کە بە یونیفیل «United Nations Interim Force in Lebanon» ناسراوە.
- گرووپە چەکدارەکانی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی شیعە «حزبوڵڵا، میلیشیاکانی سووریا، چەکدارانی حووسی، میلیشیا چەکدارەکانی شیعەی عێراق و.. هتد»، بە تەواوی بوونەتە بەشێك لەو شەڕە کراوەیە و جیا لەوەی رۆژانە بە رۆکێت و درۆن هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل، لە هەمان کاتدا رێڕەوی دەریاوانیی بازرگانیی جیهانیشیان لە دەریای سوور خستووەتە مەترسییەوە.
- کار و کاردانەوەکان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئیسرائیل شەڕێکی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئێران راگەیاندووە، لە بەرانبەریشدا ئێران بە رۆکێت و درۆن هێرش دەکاتە سەر ئیسرائیل و ئیسرائیلیش بە هێرشی هاوشێوە و رێگەی دیکە وەڵامی دەداتەوە.
- عێراق بە دوو شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەم شەڕە کراوەیە دەکات. لەسەر ئاستی فەرمی، دەوڵەت و فتوای مەرجەعییەت، نایەوێت لەم شەڕەوە تێوە بگلێت، بەڵام لەسەر ئاستی ئەو گرووپە چەکدارانەی کە بە خۆیان دەڵێن «مقاوەمەی ئیسلامی»، راستەوخۆ لە شەڕەکە تێوەگلاون و رۆژانە خۆیان بڵاوی دەکەنەوە کە بە رۆکێت و درۆن هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل.
- لەسەر ئاستی تەواوی وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی، بە کردەیی و وەك ئەوەی لە واقیعیدا دەبینرێت، جۆرێك لە بێدەنگی و بێلایەنییان

هەڵبژاردووە و، هەتا ئێستا کۆمکاری عەرەبی هەڵوێستێکی فەرمی و ئاشکرای لەسەر ئەم شەڕە نییە، ئەو دەوڵەتانەشی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردووەتەوە و باڵیۆزخانەیان لەناو ئیسرائیل هەیە، ئەوانەشی ڕێککەوتنی «ئیبراهیم» یان لەگەڵ ئیسرائیل واژوو کردووە، پەیوندییەکانیان بەردەوامن و گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردا نەهاتووە.

ئەم گۆڕانکارییانە ئاماژەن بۆ ناولێنانی سیستمە تازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، دووبارە پێناسەکردنەوەی سەروەریی دەوڵەت لەناو ئەو سیستمە تازەیەدا. ڕاستە گۆڕانکارییەکان دەستیان پێکردووە، بەڵام «دەرفەت و مەترسی»یش بە دوای خۆیدا دێنێت و مامەڵەکردنی لۆژیکانە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە ئەگەری ئەوەی دەبێت «مەترسییەکان» بگۆڕێت بۆ «دەرفەت» و بە پێچەوانەشەوە.

● **ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆکانی لوبنان و سووریا لە عێراقدا**

هەتا ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣، پشتگیریکردنی عەرەبی شیعەی عێراقە بۆ ئەوەی هەژموونی دەسەڵاتی سیاسییان بە شێوەیەکی سەنتراڵی بەسەر هەموو عێراقدا هەبێت، بەڵام پێدەچێت دوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ وەك ٤٧ـەمین سەرۆکی ئەمریکا لە دوای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ـەو، ئیدارەی تازەی ئەمریکا، چاوپێداخشانەوەیەکی ڕیشەیی بە سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە عێراق بهێنێتە ئاراوە و، هەروەها لە خۆڕاش نییە نووری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا و کاریزمای ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ ڕایبگەیەنێت «بەعسییەکان لە ئامادەکاریدان بۆ ئەوەی خۆیان کۆبکەنەوە و کودەتای سەربازی بەسەر شەرعییەتدا ئەنجام بدەن». ئەم لێدوانە چاوەڕواننەکراوەی نووری مالیکی، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە لە ئەجێندای ئیدارەی تازەی کۆشکی سپی، چاوپێداخشانەوەی ڕیشەیی بە کۆی ستراتیژیەت و سیاسەتی ئەمریکا دەکرێت و ئیدارەی ئەمریکی بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانی خۆی دەکات.

ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییە تەنیا پەیوەست نییە بە دووبارە دەرچوونەوەی دۆناڵد ترەمپەوە، بەڵکو وەك ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێش هەڵبژاردنەکانی ئەم مانگە بڵاوی کردەوە، «بەم سیاسەت و ستراتیژەی ئێستای کۆشکی سپی، ئەمریکا سەرکردایەتی جیهانی پێ ناکرێت و دەبێت سەرکردایەتیی نوێ بۆ جیهانێکی تازە بونیاد بنرێتەوە». ئەم نووسینەی بلینکن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنانەت ئەگەر کاندیدی دیموکراتەکانیش «کامیلا هاریس» سەرۆکی هەڵبژێردراوی تازەی ئەمریکا بووایە، هەر ئەم چاوپێداخشانەوە ڕیشەییە بە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا دەکرا، بەڵام جیاوازیی ڕیشەیی ئەوەیە ئەگەر هاریس سەرۆکی ئەمریکا بووایە، لەوانەیە پێشبینی بکرایە هەنگاوەکانی داهاتووی چۆن هەڵدەگرێت، بەڵام ترەمپ وەك بەشێکی زۆری سەرکردە و سیاسەتمەدارەکانی جیهان ئاماژەی پێدەکەن، ئەو سەرۆکەیە کە بڕیارەکانی سوپرایزێك بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە پێشتر بە لۆژیکی سیاسەت و دەوڵەتداری پێشبینی نەکراون».

لێرەوە ئەگەر ئەو لێدوانەی نووری مالیکی بە «گەڕانەوەی بەعسییەکان» وەك گریمانەیەك وەربگرین، بەوەی کەسێکی وەك مالیکی بەبێ بنەما هۆشداریی ترسناکی لەو جۆرە دەرنابڕێت، لەمەش زیاتر داوا لە عەرەبی شیعەی عێراقیش ناکات کە لەسەر ئاستی میللی چاودێریی گشتیی بەعسییەکان بکەن و هاوکاری دەزگا ئەمنییە دەوڵەتییەکان بکەن، هەروەها ئەم لێدوانە لە کەناڵە عەرەبییە عێراقییەکان بایەخی گرینگی پێ درا و سیاسەتمەدارانی باڵای شیعە و شارەزایانی بواری سەربازی قسەی ڕاشکاوانەیان لە بارەیەوە کرد.

لەگەڵ ئەوەی ئەمە جاری یەکەم نییە کە نووری مالیکی ئاماژە بە هۆشداری لەسەر «گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ دەسەڵات» دەدات، بەڵام هۆشداریی ئەمجارەی لەگەڵ جارانی پێشتر لەوەدا جیاوازە، کە پێشتر و ئەو

**ترەمپ وەک بەشێکی زۆری سەرکردە و سیاسەتمەدارەکانی جیهان ئاماژەی پێدەکەن، ئەو سەرۆکەیە کە بڕیارەکانی سوپرایزێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە پێشتر بە لۆژیکی سیاسەت و دەوڵەتداری پێشبینی نەکراون**

**عەرەبی سوننەی عێراق بەگشتی و سەرکردەکانیان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەتایبەتی، لەو ئاستەدا نین کە بتوانن مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر دەسەڵاتی عەرەبی شیعە دروست بکەن**

**ڕاستە نووری مالیکی سەرۆک وەزیران نییە، بەڵام ئەو کاریزمایەیە لەناو هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و بەڕێوەبردنی دەوڵەت توانای یەکلاکردنەوەی بڕیاری هەیە**

**لەناو ماڵی عەرەبی شیعەدا، جیا لەوەی لایەنە سیاسییەکان دابەش بوون بۆ «چوارچێوەی هەماهەنگی و تەیاری سەدر»، لە ناو لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگییش یەک گوتار و یەک بڕیار بوونی نییە**

**ڕای گشتیی کۆمەڵگەی عەرەبی شیعە وەک لە ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق تێبینیمان کردووە، کۆی ئەو پرۆسە سیاسییە ڕەت دەکەنەوە کە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە جڵەوگیریان کردووە**

**حوکمڕانیی شیعە لە پاراستنی هاوسەنگی و متمانە لەناو پرۆسە سیاسییەکە بە ئاستێک شکستی هێناوە، کە ئێستا بە هیچ جۆرێک متمانە لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە، هەروەها لە نێوان کورد و عەرەب بوونی نییە**

کاتەی خۆی سەرۆك وەزیران بوو، ئامانجی لەو هۆشدارییە ئەوە بوو کە سەرکردەکانی عەرەبی سوننە بەتایبەتی ئەوانەی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت بوون، بە بیانووی «کۆنە بەعسی و تیرۆر» تەسفیە بکات، وەك لە کەیسی «تاریق هاشمی، جێگیری سەرۆك کۆمار و ڕافع ئەلعیساوی جێگری سەرۆك وەزیران و... هتد» کردی. هەروەها مەبەستی بوو لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ لە عێراق، کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق بەو ئاراستەیە بگۆڕێت کە خۆی مەبەستی بوو، ئەوا لە ئێستادا (٢٠٢٤) عەرەبی سوننەی عێراق بەگشتی و سەرکردەکانیان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەتایبەتی، لەو ئاستەدا نین کە بتوانن مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر دەسەڵاتی عەرەبی شیعە دروست بکەن. هەر بۆ نموونە گرینگترین سەرکردەی عەرەبی سوننە (محەمەد حەلبوسی) سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بوو، کە بە بڕیارێکی دادگای فیدراڵی دوور خرایەوە و ماوەی ١٠مانگ پەرلەمانی عێراق بێ سەرۆك بوو، هەتا لەم دواییانەدا، بە جۆرێك لە هاودەنگی لە نێوان کۆی لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت د.مەحموود مەشهەدانی بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا، کە بە ئاشکرا لە کەناڵە عەرەبییەکانی عێراقدا وەك کاندیدی نووری مالیکی بۆ ئەو پۆستە ئاماژەی پێ دەکرێت. لەسەر کاری پەرلەمانیش وەك بە واقیع دەیبینین «فراکسیۆنەکانی عەرەبی سوننە» نەك هەر یەکگرتوو نین، بەڵکو ماوەی نزیکەی ساڵێك کۆبوونەوەیان کرد، سەرەنجام ڕێکنەکەوتن بۆ ئەوەی سەرۆکێك دەستنیشان بکەن بۆ پەرلەمان لە دوای دوورخستنەوەی محەمەد حەلبوسی، کە بۆ پەرلەمانی عێراق دابنرێت، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عەرەبی سوننەش بەتایبەتی «نەینەوا، سەلاحەدین، دیالە، ئەنبار»، بە تەواوەتی لە ڕووی ئەمنی سیاسییەوە لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە کۆنترۆڵ کراون، باشترین نموونەش لەسەر ئەم پرسە دەست لەکارکێشانەوەی «نەجم ئەلجبوری» پارێزگاری نەینەوایە، کە ڕاشکاوانە لە نووسراوی دەست لە کارکێشانەوەکەی نووسیوویەتی: «لەگەڵ ئەوەی بەشدارییەکی کارامان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش کرد و ماوەی چەند ساڵێکیشە پارێزگاری نەینەوام، بەڵام هەر بە یاسای لە ڕیشە هەڵکێشانی بەعس مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت و وەك کۆنە بەعسییەك سەیر دەکرێن».

کەواتە ئەم واقیعەی ئێستای کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە لەسەر ئاستی ئەمنی و سیاسی، مەترسیی ئەوەی لێ ناکرێت، هەڕەشە بۆ دەسەڵاتی سیاسی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» دروست بکات، هەروەها ژینگە سیاسییەکەش بە جۆرێك لەلایەن حەشدی شەعبییەوە کۆنترۆڵ کراوە، کە بوار نییە وەك دەڵێن «کۆنە بەعسییەکان» ئەو دەرفەتەیان هەبێت و بتوانن خۆیان بۆ کارێکی گەورەی لەو شێوەیە «کودەتای سەربازی» ئامادە بکەن. بۆیە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو هۆکارانەی پشت ئەو هۆشدارییەی نووری مالیکی بۆ گەڕانەوەی کۆنە بەعسییەکان لە ئێستادا چین؟.

نووری مالیکی لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە، بەڵام لە سێ کابینەکەی دوای خۆیشی «حەیدەر عەبادی، عادل عەبدولمەهدی، محەمەد شیاع سوودانی»، وەك کەسایەتییەك و سەرۆکی حزبی دەعوای ئیسلامیی شیعە، کاریگەریی زۆر گەورەی لەسەر حکومەتەکان هەبووە، هەروەك چۆن ئێستا لە کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی دەیبینین، ڕاستە نووری مالیکی سەرۆك وەزیران نییە، بەڵام ئەو کاریزمایەیە لەناو هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و بەڕێوەبردنی دەوڵەت توانای یەکلاکردنەوەی بڕیاری هەیە، بۆیە هۆشدارییەکەی لە دوو ئاستدا جێگەی بایەخپێدان و خوێندنەوەی جددی هەیە. یەکەمیان لەبەر ئەوەی سەرۆکی هاوپەیمانییەکی سیاسیی بەهێزە بە ناوی «دەوڵەتی یاسا»، دووەمیان بە کردەیی خۆی بە بڕیاردروستکەری ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق دەزانێت. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین کە بوونە هۆکاری ڕاگەیاندنی ئەم هۆشدارییە:

١. نووری مالیکی وەك دەوڵەتمەدارێکی

خاوەن ئەزموون کە ماوەی هەشت ساڵ بە کردیی سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە، زۆر باش گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو شێوازی حوکمڕانییەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە هەتا ئێستا لە کابینەکانی حکومەتی عێراقدا بەڕێوەچوون، نەك هەر تەنیا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو شکستی عەقڵییەتی شیعەی عێراق بۆ شێوازی یەکەم ئەزموونی حوکمڕانی لە عێراقدا بەرجەستە دەکەن، لە ماوەی کابینەکەی (محەمەد شیاع سوودانی)یش کە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی ریشەیی دروست بکات، بەڵام وا بەرەو هەڵبژاردنی داهاتوو دەچین و گرفتەکانیش هەر لە جێگەی خۆیانن.

٢. لەناو ماڵی عەرەبی شیعەدا، جیا لەوەی لایەنە سیاسییەکان دابەش بوون بۆ «چوارچێوەی هەماهەنگی و تەیاری سەدر»، لە ناو لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگییش یەك گوتار و یەك بڕیار بوونی نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕای گشتیی کۆمەڵگەی عەرەبی شیعە وەك لە ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق تێبینیمان کردووە، کۆی ئەو پرۆسە سیاسییە ڕەت دەکەنەوە کە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە جڵەوگیریان کردووە.

٣. حوکمڕانیی شیعە لە پاراستنی هاوسەنگی و متمانە لەناو پرۆسە سیاسییەکە بە ئاستێك شکستی هێناوە، کە ئێستا بە هیچ جۆرێك متمانە لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە، هەروەها لە نێوان کورد و عەرەب بوونی نییە. لە نێوان کورد و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی شیعە نەك هەر متمانە بوونی نەماوە، بەڵکو ئەو قسەیەش باوی نەماوە کە دەگوترا: «کورد و شیعە هاوپەیمانی ستراتیژیی یەکن و هەردوولا (کورد و شیعە) قوربانیی دەستی بەعس و سەدام بوون».

لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی وەك ئەمری واقیع لەناو ئەو پرۆسە سیاسییە بوونی هەیە، کە لایەنە شیعەکان لێیەوە جڵەوگیری دەسەڵاتیان کردووە، شکست و شلۆقییەکی گەورە هەیە و، دەکرێت لە درز و کەلێنی ئەو شکست و شلۆقییانەوە بیانەوێت بە ڕێگەی ئەوەی پێی دەڵێن «کۆنە بەعسی» و مالیکی بە مەترسیی هەرە گەورە ئاماژەی پێ کردوون، هەوڵێك هەبێت، بیەوێت هاوکێشەی سیاسی لە عێراقدا وەرچەرخانی بەسەردا بێت.

لە ئێستادا حکومەت و دەوڵەتی لوبنان نەیانتوانیوە خۆیان بکەن بە بەشێك لەشەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵا، هەروەها ڕژێمی ئەسەدیش خۆی نەکردووە بە بەشێك لەو شەڕ و هێرشانەی ئیسرائیل دەیکاتە سەر گرووپە چەکدارەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دوو دەوڵەتە نەیانتوانی پرۆسەی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکەیان ڕێك بخەنەوە، لە ئێستادا شەڕ بەردەرگای پێگرتوون، بەڵام دەستەوەستانیشن، ئەوجا بۆ ئەوەی هەمان سیناریۆش لە عێراقدا دووبارە نەبێتەوە، ئێستا ئەو بوارە لەبەر دەست ماوە «مەترسییەکان بگۆڕین بۆ دەرفەت» و، پرۆسەی سیاسیی عێراق لەسەر بنەمای «هاوسەنگی و هاوبەشی و پێکەوەسازان»ی ڕاستەقینە ڕێك بخرێتەوە و متمانە بگەڕێتەوە بۆ لایەنە سەرەکییەکانی ناو پرۆسە سیاسییەکە (کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە)، کە ئەمە کرا، هەم عێراق دەتوانێت ڕێگری بکات لە دووبارە بوونەوەی سیناریۆکانی لوبنان و سووریا لە عێراق، هەمیش دەتوانێت ڕێگری لەو مەترسییانەش بکات کە نووری مالیکی هوشداریی مەترسیداری لە بارەیەوە ڕاگەیاند.

- **هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی بچووك بەڵام گرینگ لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا**
- لەسەر ئاستی عێراق:

لە مانگی ئایاری ٢٠٢٤ و لە یەکێك لە ئەڵقەکانی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەبو میساق ئەلمەساری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر کە بەشێکە لە هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە، پێی گوتین: «هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لە ڕێکخستنی ئەو سەردانە سەرکەوتووەی کە بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی لە مانگی نیسانی ڕابردوو بۆ واشنتۆن ئەنجامی دا»، لەمەش زیاتر پێی گوتین: «ئێمە وەك عەرەبی

**ئێستا ئەو بوارە لەبەر دەست ماوە «مەترسییەکان بگۆڕین بۆ دەرفەت» و، پرۆسەی سیاسیی عێراق لەسەر بنەمای «هاوسەنگی و هاوبەشی و پێکەوەسازان»ی ڕاستەقینە ڕێك بخرێتەوە و متمانە بگەڕێتەوە بۆ لایەنە سەرەکییەکانی ناو پرۆسە سیاسییەکە (کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە)**

**هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستەکانی «بارەگای بارزانی، سەرۆکایەتیی هەرێم، سەرۆکایەتیی حکومەت» پشتگیرییەکی زۆر بە هێزی ئەو بەرەیە دەکات کە خۆیان ناو لێناوە «شیعەی ئەقڵانی»**

**هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بە چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بەڕێوەچوو، کە بە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو و تا ڕادەیەکی زۆر پاك لە قەڵەم درا**



شیعەی عیراق، ئێستا بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووین، یەکەمیان (شیعەی ئەقڵانی)یە کە گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی بە لۆژیك و دیالۆگ، کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێن، بەرەی دووەممان (شیعەی چەکدارە) و ئەوانە وەلائین و بڕیار و فەرمان لە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە وەرناگرن، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت کێشەکانتان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێن، ئەوا دەبێت هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی بخاتە پاڵ بەرەی (شیعەی ئەقڵانی) و نابێت حیسابی ورد لەسەر پەیام و کردەوەکانی بەرەی (شیعەی چەکدار) بکەنەوە».

دوای سەردانە سەرکەوتووەکەی سەرۆك بارزانی لە تەمموزی ٢٠٢٤ بۆ بەغدا و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ کۆی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی «عەرەبی شیعە و سوننە» هەروەها کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و بە سەرکردەی گرووپە چەکدارەکانی شیعەشەوە، شێخ حەیدەر لامی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی دەوڵەتی یاسا و فەرماندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی، لە دیدارێکی تایبەتی گۆڤاری گوڵاندا سەبارەت بە سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی بەم ڕاشکاوییە پێی گوتین: «سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئێستا (باوکە) بۆ هەموو عێراق و تەنیا ئەو توانای هەیە کە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٤ دوای ڕووخانی ڕژێم و لەو کاتەی ماوەیەکی درێژ لە بەغدا مایەوە، بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە و پێی دەگوتین، عێراقی نوێ بە لۆژیکی لێبووردەیی بونیاد دەنرێتەوە، نەك هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆن و تۆڵەسەندنەوە. ڕۆژێکیان پێی گوتین: کام



کارمەند، یان ئەفسەری بەعس لە هەموو کەسێك زیاتر دژی کورد و بارزانییەکان بووە، من دەچم سەردانی دەکەم و لەماڵەکەی ئەو نان دەخۆم. جەنابی سەرۆك بارزانی بە کردەیی سەردانی ماڵی ئەو ئەفسەرەی بەعسی کرد و لە ماڵەکەی خۆی پێی گوت: لەگەڵ ئەوەی ئێستا کە ئەم نانە دەخۆم، هەست دەکەم گۆشتی نەتەوەکەی خۆم دەخوم، بەڵام لە پێناوی بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا دەبێت بە لۆژیکی لێبووردەیی مامەڵە بکەین، نەك هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆن و تۆڵەسەندنەوە».

ئاماژەکردنمان بە لێدوانی ئەم دوو سەرکردەیەی دەوڵەتی یاسا و ڕێکخراوی بەدر، بۆ ئەوەیە بڵێین: لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق «بە شیعەی ئەقڵانی و چەکدار»یشەوە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بوونی هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی لە دەستووردا دەسەڵاتەکانی بۆ دیاری کراوە، لەسەر چەندین ڕەهەندی جیاواز وەك «سوودوەرگرتن لە لۆژیکی دەوڵەتمەداریی سەرۆك بارزانی، گەشەسەندنی ئابووری و پەرەپێدان، سەقامگیری سیاسی و ئەمنی، مانەوەی شیعە لە دەسەڵاتدا، وێنای عێراق لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی»، هەرێمی کوردستان پاڵپشت و هێزێکی گەورەیە بۆ عێراقیکی فیدراڵی و فرەیی، لەسەر ئەم بنەمایەش ئێستا وەك تێبینی دەکەین، هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستەکانی «بارەگای بارزانی، سەرۆکایەتیی هەرێم، سەرۆکایەتیی حکومەت» پشتگیرییەکی زۆر بە هێزی ئەو بەرەیە دەکات کە خۆیان ناو لێناوە»شیعەی ئەقڵانی».

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەیەك بۆ سەردانی هەفتەی ڕابردوو د.محەمەد شیاع سوودانی بۆ هەرێمی کوردستان و دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێم و



سەرۆکی حکومەت و کۆی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ڕابردووی خولی شەشەمی پەرلەمان کوردستان بکەین، ئەوا چەند پەیامی لێ دەخوێندرێتەوە کە کەمتر لە میدیاکان ئاماژەیان پێ دراوە، لەوانە:

١. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بە چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بەڕێوەچوو، کە بە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو و تا ڕاددەیەکی زۆر پاك لە قەڵەم درا و، لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە بەتایبەتی لایەنە سەرەکییەکان هەر لە ڕاگەیاندنی ئاکامە بەراییەکانەوە، ئاکامەکانیان قبووڵ کرد و خۆیان بە سەرکەوتوو لە قەڵەم دا. سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی کۆتایی پرۆسەی دەنگدان بوو لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، بۆیە یەکێك لە پەیامەکانی سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق، پەیامی کۆی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوو، بەوەی پابەندن بەو بەڵێنانەی کە لەکاتی سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا و لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت درابوون، هەموویان وەك خۆی جێبەجێ کران، ئەمەش بناغەیەکی پتەوە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی متمانە لە نێوان هەردوو لادا.

٢. دیدار و کۆبوونەوەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەگەڵ کۆی لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەگشتی، وەك لە میدیاکانیش ئاماژەی پێکرا، «هاندانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بووە، بۆ ئەوەی پەلە لە پێکهێنانی کابینەی دەیەم بکەن»، بەڵام

لەژێر ئەم دێڕەدا پەیامی دیکە هەبووە کە ڕاشکاوانە پێی گوتوون «حکومەتی فیدڕاڵی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێم دەکات و ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێت، بۆیە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش باشترە ئاستەنگ بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم دروست نەکرێت.

٣. سێ خاڵی دیکەی گرینگ کە بریتین لە «سەرژمێری و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی مانگەکانی ١١و ١٢، دەستکردنەوە بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان»، لەمەش زیاتر جەختکردنەوەی لەسەر ئەم سێ پرسە گرینگە لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی دیکەی لێ دەخوێندرێتەوە کە مەبەستی بوو گەلی کوردستان لەوە دڵنیا بکاتەوە کە بە سیاسەت و لۆژیك و ئەقڵییەتێکی تازە کار دەکرێت، بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێم و ئەو نەخشە ڕێگەیەش کە ئەو پەیوەندییانەی لەسەر ڕێك دەخرێتەوە تێگەیشتنی هاوبەشە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق.

سەرباری ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد، هەموو هەنگاوێکی د.محەمەد شیاع سوودانی بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی لایەنە سیاسییەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەن، کە زۆرینەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت پێك دەهێنن، بۆیە لە بازنەیەکی فراواندا دەکرێت، وەك وەرچەرخانێك لە ئەقڵییەتی «شیعەی ئەقلانی» سەیری بکەین، کە ئامانجیان ئەوەیە لە خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراقیشدا هەر لە دەسەڵات بمێننەوە.

## ● لەسەر ئاستی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان

ئەگەر بە ویژدانەوە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، سەیری ئەو ڕۆژە بکەین کە سەرۆك بارزانی لە ساڵی ٢٠١٤ لە بەرەکانی شەڕی زوممارەوە نامەی بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد، بەوەی بە پەلە کۆببنەوە و بڕیار بدەن هێزی پێشمەرگە بچێت بۆ کۆبانێ و، پاشان لە ناو پەرلەمان بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لە پێشنیارەکەی سەرۆك بارزانی کرا و، پەرلەمان بڕیاری دا، هێزی پێشمەرگە بنێرێت بۆ فریاکەوتنی کۆبانێ، کە ئەگەر ئەوە نەکرابا، ئەوا کۆبانێ دەکەوت و ئەو دەرفەتە لەدەست کورد دەردەچوو کە ئەزموونێکی دیکەی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان سەرهەڵبدات.

لە دوای ڕزگابوونی کۆبانێیش لە کەوتن، سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی ڕۆژئاوا کۆبووەوە و نەخشە ڕێگەیەکی دروستی بۆ سوودوەرگرتن لەو دەرفەتەی لە سووریا هاتووەتە ئاراوە بۆ کورد، خستە بەردەمیان و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «سەرکەوتن ئەوەیە کە ئەو ئەزموونە دروست بێت و بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ، پاشان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سووری بەشدار بن لە نووسینەوەی دەستووری نوێ و چەسپاندنی مافەکانی کورد لەو دەستوورە نوێیەی سووریادا».

لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئەو نەخشە ڕێگەیەی سەرۆك بارزانی بۆ کوردی ڕۆژئاوا خستیە ڕوو، وەك پێویست پەیەدە سوودی لێ وەرنەگرت و لەژێر کاریگەریی سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل خراپ سوود لەو دەرفەتە وەرگیرا، بەڵام دوای بوونی مەزڵووم عەبدی بە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات، پەیەدە تا ڕاددەیەك لە سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل دوور کەوتەوە و چووە سەر ئەو هێڵە ئایدیۆلۆژییەی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان پیادەی دەکات، بۆیە پەیامەکانی پەیەدە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆژئاوا گۆڕانکاری بەسەردا هات، لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات و پشتیوانی لە هەوڵەکانی مەزڵووم عەبدی کرا.

ئێستا دەرەفەتێکی دیکە بۆ ڕۆژئاوا هاتووەتە ئاراوە کە ئەویش «دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردە لە تورکیا»، کە بێگومان چارەنووسی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەبێتە بەشێك لە سەرکەوتنی ئەو چارەسەری ئاشتییانەیەی لە تورکیا دەستی پێدەکرێت.

هەتا ئێستا دەوڵەتی تورکیا، نەك نایەوێت وەك هەرێمێکی دراوسێ بە هاوشێوەی هەرێمی

**دوای بوونی مەزڵووم عەبدی بە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات، پەیەدە تا ڕاددەیەک لە سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل دوور کەوتەوە و چووە سەر ئەو هێڵە ئایدیۆلۆژییەی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان پیادەی دەکات**

**چارەنووسی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەبێتە بەشێک لە سەرکەوتنی ئەو چارەسەری ئاشتییانەیەی لە تورکیا دەستی پێدەکرێت**

**لە ساڵی ١٩٩٢ەوە کە ئەم قەوارە سیاسییەی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بەردەوام گوشار و داواکاریی دەوڵەتی تورکیا لە سەرۆک بارزانی ئەوە بووە کە چەکدارانی پەکەکە وەک «تیرۆریست» ناوزەد بکات**

کوردستان مامەڵە لەگەڵ ڕۆژئاوا بکات، بەڵکو بە مەترسییەکی گەورەی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشتی نیشتمانیی دەوڵەتی تورکیا و داوا دەکات، یان ڕێگەی پێ بدرێت لەلایەن ئەمریکاوە بە هێزی سەربازی ڕۆژئاوا داگیر بکات، یان پرۆژەیەك هەبێت ڕۆژئاوا گرێ بداتەوە بە تورکیاوە.

لەو ئەم ئالنگاری و مەترسییانەی لەسەر چارەنووسی ڕۆژئاوا بوونیان هەیە، پێدەچێت مەزلوم عەبدی چاوی لەسەر ئەوە بێت بە ڕێگەی سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستان، ئەم ئالنگاری و مەترسییانە بگۆڕێن بۆ دەرفەتێك بۆ ئەوەی کێشەکانی ڕۆژئاوا و تورکیا بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن و، تورکیا وەك هاوسێیەکی دۆست سەیری ڕۆژئاوا بکات، نەك وەك دوژمن.

ئەوەی تا ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە لێدوانەکانی هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا وەك هەڵوێست لەسەر بارودۆخی ڕۆژئاوا دەخوێندرێتەوە و، ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە سۆنگەی سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانەوە سەیری ڕۆژئاوا دەکەن، هەرێمی کوردستانیش هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەزموونی ڕۆژئاوا بە زمانی سەردەم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی خۆی بناسێنێت، بۆیە ئەگەر بە پشتیوانی هەرێمی کوردستان ئەم ئاراستەیەی ڕۆژئاوا بەردەوام بێت، ئەوا ئەگەری زۆرە مەترسییەکانی سەر ڕۆژئاوا بگۆڕدرێن بۆ دەرفەتی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی ڕۆژئاوا لەگەڵ تورکیا، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ سووریا.

**سایکۆلۆژیەتی نەژادپەرستیی سوپا و لایەنە سیاسییەکانی تورکیا پاش ئەوەی دەگەنە دەسەڵات، تەنیا دژایەتیکردنی کوردی باکوور نییە، بەڵکو نکۆڵیکردنە لە بوونی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستانە**

## ● لەسەر ئاستی تورکیا و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد

لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە کە ئەم قەوارە سیاسییەی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بەردەوام گوشار و داواکاریی دەوڵەتی تورکیا لە سەرۆك بارزانی ئەوە بووە کە چەکدارانی پەکەکە وەك «تیرۆریست» ناوزەد بکات، بەڵام لە بەرانبەردا وەڵامی سەرۆك بارزانی وەك هەڵوێستی فەرمیی هەرێمی کوردستان بۆ دەوڵەتی تورکیا ئەوە بووە «کێشەی کورد لە تورکیا بە ئاشتی چارەسەر دەکرێت، نەك هێزی سەربازی، دەست بە چارەسەری ئاشتییانە بکەن، ئەگەر پەکەکە ڕەتی کردەوە ئێمە هەڵوێستێکی ترمان دەبێت».

سایکۆلۆژیەتی نەژادپەرستیی سوپا و لایەنە سیاسییەکانی تورکیا پاش ئەوەی دەگەنە دەسەڵات، تەنیا دژایەتیکردنی کوردی باکوور نییە، بەڵکو نکۆڵیکردنە لە بوونی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستانە و زۆر ڕاشکاوانە ئەوەیان گوتووە: «قەوارەیەکی سیاسیی کوردی لە ئەفریقیاش دروست بێت، هەوڵەکانمان دەخەینەگەڕ، بۆ ئەوەی ئەو قەوارەیە برووخێنین».

کارکردن لەگەڵ سایکۆلۆژیەتی سیاسیی تا ئەو ئاستە نەژادپەرست، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لۆژیکی کاریزمای دەوڵەتمەدار لەو کاتانەدا دەردەکەوێت، کە پیشانی دەدات ئەو توانایەی هەیە لە شەوەزەنگی تاریکی نەتەوەدا پەنجەرەی ڕووناکی و ئومێد بە ڕووی نەتەوەی خۆیدا بکاتەوە.

**لۆژیکی کاریزمای دەوڵەتمەدار لەو کاتانەدا دەردەکەوێت، کە پیشانی دەدات ئەو توانایەی هەیە لە شەوەزەنگی تاریکی نەتەوەدا پەنجەرەی ڕووناکی و ئومێد بە ڕووی نەتەوەی خۆیدا بکاتەوە**

لۆژیکی سەرۆك بارزانی لە شێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بەگشتی و لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بەتایبەتی، پێداگریی توند بوو لەسەر سازش نەکردن لە بوون و مافی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم لۆژیکە سەرکەوتوو بێت، هەرێمی کوردستانی کردە چەقی سیاسەتێکی سەردەمییانەی ئەوتۆ کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێزی لێ بگیردرێت، لەمەش زیاتر بەردەوامیی بە دیالۆگی هەرێمی کوردستان دا لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکانی تورکیا، بەوەی بونیادنانەوەی پەیوەندیی دۆستانە لەسەر بنەمای «ڕێزگرتن و هاوسێیەتیی باش» لە بەرژەوەندیی هەر دوو گەلی کورد و تورکدایە، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەم هەوڵانە گۆڕانکاری گەورەی دروست نەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی چارەسەری ڕاستەقینە تەنیا ڕێگەچارەی ئاشتییانە بوو، هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو ئاراستەیە پێداگری کرد و بەردەوام بوو.

لەساڵی ٢٠٠٢ کاتێك ئاك پارتی دەسەڵاتی گرتە دەست و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بووە سەرۆك وەزیران، ئەردۆغان لە هەموو سەرۆك وەزیرەکانی پێشتری تورکیا بەرانبەر بە هەرێمی

کوردستان بە ئاستێك توند بوو، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ و نزیکبوونەوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق هەڕەشەی ئەوەی دەکرد، لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە هەرێمی کوردستان بە هێزی سەربازی داگیر دەکات، لە بەرانبەریشدا وەڵامە توندەکەی سەرۆك بارزانیمان بینی کە بۆی نارد و پێی گوت «دەبێت دەبابەکانتان بەسەر لاشەی ئێمەدا هەرێمی کوردستان داگیر بکات». ئەم ئیرادەی «بەرگری لەخۆکردن»ـە، بووە جێگەی بایەخی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات، دوای ئەویش لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقی نوێدا لانیکەمی مافەکانی گەلی کوردستان چەسپێندران و دەستووری عێراق بە فەرمی دانی بە بریار و یاساکانی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستاندا نا.

لەناو ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراق و ناوچەکە هاتە ئاراوە، پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغلۆ کە ئەوکات ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوو بۆ کاروباری دەرەوە، پێش ئەوەی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ بگاتە دەسەڵات، لە ساڵی ٢٠٠١ کتێبێکی بە ناونیشانی «قووڵایی ستراتیژیی . پێگەی تورکیا و ڕۆڵی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا» بڵاو کردەوە. کاتێك ئەردۆغان بووە سەرۆك وەزیران، داود ئۆغلۆ بووە ڕاوێژکاری بۆ کاروباری دەرەوە و هەوڵەکانی خستە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکەی هەیەتی بۆ گێڕانەوەی « شکۆ و ڕۆڵی تورکیا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی» جێبەجێی بکات، ئەمەشی گرێ دابووەوە بەوەی تورکیا دەبێت کێشەکانی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوە چارەسەر بکات و ستراتیژیەتی «سفر کێشە» بگرێتە بەر، ئەم ئاراستەیە کە چەند ساڵێکی ویست، هەتا بیرکردنەوەی ئەردۆغانی گۆڕی، بەڵام ئاراستەی گۆڕانکارییەکان لە ساڵی ٢٠٠٩ فەرزیان کرد، کە داود ئۆغلۆ ببێتە وەزیری دەرەوەی تورکیا و خۆی ئەم سیاسەتە تازەیە جێبەجێ بکات، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە گۆڕانکاریی بەرچاو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەرکەوتبوو و تا ڕادەیەکی زۆر باش پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا ئاساییبوونەوەی بە خۆیەوە بینی و تەنانەت باڵیۆزخانەی تورکیاش لە هەولێری پایتەخت کرایەوە.

بەردەوامیی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٢ دەرفەتی بۆ دەستپێکردنی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور هێنایە ئاراوە، بەڵام دەستتێوەردانی دەرەکی و کەم ئەزموونیی پەکەکە، ئەو دەرفەتەی لە دەست دا و دووبارە شەڕ دەستی پێکردەوە.

ئەمجارە لە «دووبارە دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا»، وەرچەرخانی گەورەتر دەبینین، ئەویش هەڵوێستی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپەی ڕەگەزپەرستە کە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە «چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد، مەترسی لەسەر ئایندەی تورکیا دروست دەکات. هەر تورکێك نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، تورك نییە و هەر کوردێکیش نکۆڵی لە بوونی تورك بکات کورد نییە. با عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵییەوە بێتە ناو پەرلەمانی تورکیا و لە بەردەم «دەم پارتی» بڕیاری کۆتاییهێنانی شەڕ بدات و دەست بە چارەسەری ئاشتییانە بکرێت»، لە بەرانبەریشدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانەوە پەیامی ناردووە و دەڵێت: «ئەگەر دەرفەت بێتە پێشەوە لە ماوەی دوو هەفتە کۆتایی بە شەڕ دەهێنم و دەست بە پرۆسەی ئاشتی دەکەین». بێجگە لە دەم پارتی و ڕای گشتیی گەلی کورد لە باکوور، لە ئاستی پارچەکانی دیکەی کوردستان و جیهانیش پێشوازییەکی زۆر لە پەیامەکەی ئۆجەلان کرا.

دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا وەك پرۆسەیەکی گشتگیر ڕۆژئاوای کوردستانیش دەگرێتەوە، کۆی لایەنەکانی ئەم پرۆسەیە «کوردی باکوور، کوردی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانیی دەسەڵاتداری تورکیا – ئاك پارتی و مەهەپە» باش دەزانن، ئەم نەخشەیە لۆژیکی سەرۆك بارزانییە و بە بێ بەشداری و هاوکاریی شەخسی ئەو و شکۆ و پێگەی هەرێمی کوردستان ناتوانن ئەم پرۆژەیە بە سەرکەوتوویی بەرەو پێشەوە ببەن.

**لۆژیکی سەرۆک بارزانی لە شێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بەگشتی و لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بەتایبەتی، پێداگریی توند بوو لەسەر سازش نەکردن لە بوون و مافی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان**

**بەردەوامیی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٢ دەرفەتی بۆ دەستپێکردنی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور هێنایە ئاراوە، بەڵام دەستتێوەردانی دەرەکی و کەم ئەزموونیی پەکەکە، ئەو دەرفەتەی لە دەست دا**



**هیمداد سەباح بیلال**
سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی
لە خولی پێشووی پەرلەمانی
کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی ئاشتی دەبینێت

**ئاک پارتی و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان باوەڕیان بە ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلانی تورکیا و ناوچەکە هەیە**

**بۆ ئەوەی بزانین پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا تا چەند سەرکەوتوو دەبێت و ئەوەی دەوڵەت باخچەلی لە پەرلەماندا وتی، جێگەی قەناعەتی تەواویانە و ئەردۆغان و باخچەلی چۆن مامەڵە لەگەڵ دەم پارتی دەکەن، کە لایەنێکی کوردییە و هەمواری دەستووری تورکیا دەکرێت، هەروەها ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و سەرۆك بارزانی لە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا تا چەند کاریگەریی دەبێت، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ هیمداد سەباح بیلال سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دا .**

*** دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، بە هەنگاوێکی مێژوویی بۆ ئاك پارتی و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە قەڵەم دەدرێت. ئایا تاچەند زەمینە لەبارە بۆ ئەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا سەرکەوتوو بێت؟**

- پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی ئاك پارتی و ئەردۆغان، کێشەی کورد لە تورکیا و ناوچەکەدا زۆر بوو، کردەوە و کاری تیرۆریستیی زۆر لە ناوچەکەدا هەبوو، تا دەگاتە ناو تورکیاش، بەڵام حزبی ئاك پارتی و بەتایبەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەکو ئایدیۆلۆژیایەك کە لە بیر و هزریدا چەسپیوە، باوەڕی بە ئاشتی و پێکەوەژیان هەیە و باوەڕی بەوە هەیە کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموو خزم و نزیکی یەکترین و مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتر هەیە. باوەڕی وایە زۆر لایەنی بەنرخی ئایینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەو گەلانەی ناوچەکە لەگەڵ تورکیا لە یەکتری نزیکن، لەوانەش هەر دوو گەلی کورد و تورك زۆر لە یەکتر نزیکن، کە ساڵەهای ساڵە بە یەکەوە ژیاون و خزمایەتییەکی زۆر توندوتۆڵ و مێژووییەکی دوور و درێژ لە نێوانیان هەیە، هەر بۆیەش ئەردۆغان و حزبەکەشی باوەڕی بەو ئاشتییە هەیە کە لەنێوان هەر دوو نەتەوی تورك و کورد بگاتە دەرئەنجامێکی باش و سەرکەوتوو بێت، کە بەو ڕێگاشەوە ئەو دەستەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و تورکیا هەیە، کە بووەتە هۆکاری کاری تێکدەرانە و دروستبوونی کێشە، ئەو دەستە ببڕدرێت و نەمێنێت و، بە نەمانی ئەو دەستە خراپەش پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و ناوچەکەشدا بەردەوام دەبێت. لەگەڵ هاتنی ئاك پارتی و ئەردۆغان پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەستی پێکردووە و هەنگاوی باشی بۆ نراوە، تا ئاستێك برایانی کوردیش لە تورکیا لەو پرۆسە و کارەی ئەردۆغان ڕازی بوون، بەڵام زۆر بەداخەوە لە پاشان بە هۆی دەستپێکردنی کاری تیرۆریستی لە لایەن ڕێکخراوی پەکەکەوە، ئەو پرۆسەی ئاشتییەی لە تورکیا کە لە لایەن ئەردۆغانەوە هەنگاوی باشی بڕیبوو، ڕاوەستا. ئەگەرچی ئاك پارتی و ئەردۆغان وازیان لە پرۆسەی ئاشتی نەهێناوە، چونکە باوەڕیان بە برایەتی و پێکەوەژیان هەیە و باوەڕیان بە تورکیایەك و ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی بەهێز هەیە، لەگەڵ هەموو گەلان و دراوسێیەکانی، بۆیە دووبارە دەستیان بە هەوڵدان و کارکردن بۆ پرۆسەی ئاشتی کردووەتەوە. بەڵگە بۆ نیازپاکیی ئاك پارتی و ئەردۆغان ئەوەیە کە لە ناو ئاك پارتی زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی حزبەکە و لایەنگرانی و بەشێك لە بەرپرسانی ئاك پارتی کوردن، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕاستگۆیی گرینگیدانە بە پرۆسەکە کە لەلایەن ئاك پارتی و ئەردۆغان کاری بەردەوامی بۆ دەکرێت.

*** دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپە پێشنیاری کردووە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە لە ئیمراڵییەوە بێتە ناو پەرلەمانی تورکیا و کۆتایی بە شەڕ ڕابگەیەنێت و دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکرێت، ئەمەش بە وەرچەرخانێکی گەورە دەبینرێت لە قەناعەتی باخچەلی و مەهەپە. ئایا ئەو هۆکارانە چین کە گۆڕانکاری بەسەر بۆچوونی باخچەلی و مەهەپە هێناوە؟**

**ئەردۆغان و حزبەکەشی باوەڕی بەو ئاشتییە هەیە کە لەنێوان هەر دوو نەتەوی تورک و کورد بگاتە دەرئەنجامێکی باش و سەرکەوتوو بێت**

**بە هۆی دەستپێکردنی کاری تیرۆریستی لە لایەن ڕێکخراوی پەکەکەوە، ئەو پرۆسەی ئاشتییەی لە تورکیا کە لە لایەن ئەردۆغانەوە هەنگاوی باشی بڕیبوو، ڕاوەستا**

> **بەڵگە بۆ نیازپاکیی ئاک پارتی و ئەردۆغان ئەوەیە کە لە ناو ئاک پارتی زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی حزبەکە و لایەنگرانی و بەشێک لە بەرپرسانی ئاک پارتی کوردن**

> **کورد ساڵەهای ساڵە لە تورکیا خەباتی کردووە و لەگەڵ تورک بە یەکەوە ژیاون و بە یەکەوە ئەو تورکیایان ڕزگار کردووە لە دەست دوژمنان و بێگانەکان**

> **ئەنجامێکی باش و ڕاستەقینەیە کە دەوڵەت باخچەلی دەڵێت با ئۆجەلان بێتە ناو پەرلەمان قسە بکات و کۆتایی بە پەکەکە بێنێت**

> **دەم پارتی چەندین جار ناوی گۆڕاوە، لەبەر ئەوەی کێشەی یاسایی هەبووە و پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوانەی قەندیل بووە**

- بە قەناعەتی خۆم، ئەوە زانیاری نییە کە بەرپرسانی تورک گەیشتنە هەقیقەت لە تورکیا کێشە و گرفتی کورد نییە، چونکە کورد ساڵەهای ساڵە لە تورکیا خەباتی کردووە و لەگەڵ تورک بە یەکەوە ژیاون و بە یەکەوە ئەو تورکیایان ڕزگار کردووە لە دەست دوژمنان و بێگانەکان، بەڵکو بەرپرسانی تورک لەو باوەڕەدان ئەوە دەستێکی بیانییە بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی تورکیا، پاشان ئەو لاوازکردنە بگاتە ئامانجی خۆی هیچ خزمەتێک نە بە کورد دەکات یەکەمجار و نە خزمەت بە تورک دەکات، بەڵکو گەلانی دیکە، یان وڵاتانی دیکە سوود لەو شەڕ و ئاژاوە و ململانێیانە دەکەن کە لە نێوان کورد و تورک دروست دەکرێت. هەر بۆیە هاتوونەتە سەر قەناعەت و لە هەمان کاتدا ئەمەش ئەنجامێکی باش و ڕاستەقینەیە کە دەوڵەت باخچەلی دەڵێت با ئۆجەلان بێتە ناو پەرلەمان قسە بکات و کۆتایی بە پەکەکە بێنێت، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە چەند ڕاستگۆن لەو پرۆسەیەدا (ئاشتی)، چونکە پێشتر کە ناوی ئۆجەلان بهاتبا، بۆی هەبوو لە چەند لایەنەوە لە تورکیا تەوازن تێکدەچوو، بەڵام ئەمڕۆکە باخچەلی لە ناو پەرلەمانی تورکیا داوا دەکات، ئۆجەلان بێتە ناو پەرلەمان و کۆتایی بە شەڕ و کاری تیرۆریستیی پەکەکە بێنێت، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تورکیا چەند پێویستی بە ئاشتی و برایەتی هەیە و لەسەر ئەو پرۆسەیە (ئاشتی) چەند ڕاستگۆیە و قسەکانی باخچەلییش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دووکیان (باخچەلی و ئەردۆغان) لە پرۆسەی ئاشتی تەئیدی یەکتر دەکەن و دەزانن، ئەو پیلانانەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانراون، نەک تەنیا بۆ تورکیا زیانی هەبووە، بەڵکو بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بۆ تورکیا و ئێران و هەرێمی کوردستان و عێراقیش بە هەموو نەتەوە پێکهاتەکانی ئەو وڵاتانەوە گرفتی هەبووە، بۆیە گەیشتوونەتە ئەوە ڕاستی و هەقیقەتەی کە ئەوەی هەیە پیلانێکی خوێنڕێژی و (پەرت بکە و زاڵ بە) یە، هەر بۆیە دەیانەوێت ئاشتییەکی بەرقەرار لە تورکیا دروست بێت.

*** دەم پارتی، کە پارتێکە لەناو پەرلەمانی تورکیا نوێنەرایەتیی کورد دەکات، پشتیوانیی خۆی لە قسەکانی باخچەلی و پەیامەکەی ئۆجەلان دەربڕیوە. ئایا تاچەند ئاک پارتی و مەهەپە لەگەڵ دەم پارتی هاریکار دەبن بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتوو بێت؟**

- دەم پارتی چەندین جار ناوی گۆڕاوە، لەبەر ئەوەی کێشەی یاسایی هەبووە و پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوانەی قەندیل بووە، هەر بۆیە بەپێی ئەو قسانەی ئەوان دەیکەن، ئەوە ئیرادەیان لە دەست خۆیان نییە، بەڵکو دەم پارتی لە دەرەوەی تورکیا تەعلیماتیان بۆ دێت، ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دەم پارتی خزمەت بەو پرۆسەی ئاشتییە بکەن، باوەڕ ناکەم نە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان نە دەوڵەت باخچەلی نییەتی باشی ئەوان ڕەت بکەنەوە.

*** خاڵێکی دیکە کە زۆر گرینگە، پرسی هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیایە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەردۆغان مەبەستیەتی کام ماددانەی دەستووری تورکیا هەموار بکاتەوە و، مەبەست لە هەموارکردنەوەی ئەو ماددانە چین؟**

- بە بۆچوونی من ئەوە کێشەیەکی ناوخۆی تورکیایە، چونکە ماددەکانی (١،٢،٣) لە کاتی خۆی کە جێگیر کراون و بریتین لە (ناوی تورکیا و ئاڵای تورکیا و جوگرافیای تورکیا و ناوی میللەتی تورکیا) و بەپێی ئەو سێ ماددەیە، ناکرێت بە هیچ شێوەیەک تورکیا گۆڕانکاری بەسەردا بێت و دابەش بکرێت و هەر دەبێت بە یەک پارچەیی بمێنێتەوە، بۆ تەئکیدی ئەوەش لە ماددەی (٤)دا ئاماژە بەوە کراوە، کە نابێت تەکلیفکردنی گۆڕانکاری لەو سێ ماددەیە (١،٢،٣) بکرێت. هەر بۆیە من باوەڕ ناکەم لەو کات و ساتەدا ئەو سێ ماددەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت. وەکو ئاماژەم پێدا ئەو هەموارکردنە پرسێکی دەستووریی ناوخۆی تورکیایە و بە چ ئامانجێک و مەبەستێک دەیانەوێت ئەو سێ ماددەیە بگۆڕن، ئەمە خۆیان دەزانن و ئێمە نازانین. ئەگەرچی من جەخت لەوە دەکەمەوە کە ئەردۆغان هەر چییەک بیەوێت بیکات، لە پێناو بەرژەوەندیی تورکیا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و پێکەوەژیان و



برایەتی دەیکات. لە لایەکی دیکەوە باخچەلی چۆن وتی با ئۆجەلان بێتە ناو پەرلەمان و بڵێت ڕێکخراوی تیرۆریستیی پەکەکە کۆتایی پێی بێت و نابێت کردەوەی تیرۆر چیتر ئەنجام بدرێت، ئەوا هەمواركردنی ئەو سێ ماددەیەش جێگای گفتوگۆ و قسە لەسەرکردن دەبێت.

*** هەرێمی کوردستان بەگشتی و سەرۆك بارزانی بەتایبەتی هەموو کات هەوڵی داوە کێشەی کورد لە تورکیا بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. ئایا تاچەند سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستان دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنی لەم پرۆسەیەدا بگێڕن؟**

- بە قەناعەتی خۆم جەنابی سەرۆك بارزانی تەنیا مەرجەعی کوردی عێراق نییە، بەڵکو دەتوانرێت ببێتە مەرجەعی هەموو کوردان لە تورکیا و ئێران و هەموو جیهانیشدا، چونکە جەنابی سەرۆك بارزانی کەسایەتی و کاریزمایەکی زۆر جیاواز و بەهێزی هەیە و پەیوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ تورکیا و جەنابی ئەردۆغان هەیە. هەر بۆیە سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەردۆغان بە یەکەوە دەتوانن ئەو پیلانە خوێنڕێژییانەی لە دژی تورکیا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان هەیە، پووچەڵی بکەنەوە و زۆر شتی باش دەتوانن بە یەکەوە بۆ بەرژەوەندیی هەر دوو لا و ناوچەکە دەستەبەر بکەن. لەلایەکی دیکەوە جەنابی سەرۆك بارزانی پەیوەندیەکی باش و بەهێزیشی لەگەڵ کوردانی تورکیا و عەشیرەتە کوردەکان هەیە، بۆیە دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر باش و گەورە و ئیجابییانە بۆ بەرەوپێشەوەبردن و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ببینێت. هەروەها ئەردۆغان ڕێز و ئیعتیبارێکی زۆری بۆ قسە و هەولەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی هەیە و لە زۆر لایەن و ڕووی پرۆسەی ئاشتییەوە لە تورکیا مراجەعەی قەناعەتی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکرێت.

**جەنابی سەرۆک بارزانی تەنیا مەرجەعی کوردی عێراق نییە، بەڵکو دەتوانرێت ببێتە مەرجەعی هەموو کوردان لە تورکیا و ئێران و هەموو جیهانیشدا**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر یوجین گۆڵز بۆ گوڵان:

# ترەمپ دەیەوێت لە دەرەوەی دامەزراوە تەقلیدییەکانەوە کار بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنەکان بکات

یوجین گۆڵز، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نۆتردام، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرینگە، وەك یەکتربڕینی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی بەرگری، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆی گرینگی وەك، زانکۆی تێکساس، جۆرج مەیسۆن و، توێژەر بووە لە زانکۆی هارڤارد. بۆ بەراوردکردنی سیاسەتی چوار ساڵی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بە سیاسەتەکانی ئیدارەی پێشووی دۆناڵد ترەمپ، لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەڵوێست و هەڵسوکەوتیان لە ئاست دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و پێشبینی و چاوەڕوانییەکان لە ئاست ئیدارەی نوێی دۆناڵد ترەمپ، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیاری ئاراستە کرد.

*** دەمانەوێت لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین کە وەك کەسێکی تایبەتمەندی بواری زانستی سیاسی و ئاسایش و سیاسەتی بەرگری، چۆن لە باری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەڕوانن، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ڕۆژانی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بەرەو کۆتایی دەڕوات و لە ماوەیەکی نزیکدا دووبارە دۆناڵد ترەمپ دەسەڵات لە کۆشکی سپیدا دەگرێتەوە دەست؟**

- هەرچەندە هێشتا ڕۆژانی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن کۆتاییان نەهاتووە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم ئەوەی لە ماوەی ئەم ئیدارەیەدا ڕوویدا، بتوانین بڵێین گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و بنچینەیی بووە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕاستە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا شەڕ هەڵگیرسا و هاتە ئاراوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ئیدارەی بایدن ڕاستەوخۆ هۆکاری بەرپابوونی ئەم شەڕانە نەبووە، یان بە واتایەکی دیکە بە بڕیاری ئەم ئیدارەیە ڕوویان نەداوە. ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا شەڕ کاریگەری و دەرئەنجامی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش دەبێت. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی بەدی کراوە، ئەوەیە کە چین پتر هەڵوێست و هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی نواندووە، بە چەشنێك کە دەکرێت بڵێین لە ئێستادا شێوازێکی دیکەی شەڕی سارد لە نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووەتە ئاراوە، کە جیاوازە لەو شەڕە ساردەی لە نێوان یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبوو، کە دووبارە دەبێت لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە سەرۆك بایدن هۆکاری هاتنەئارای ئەم شەڕە ساردە نەبوو، بەڵکو لە سەردەمی ئیدارەی پێشووی دۆناڵد ترەمپدا دروست بوو، بەڵام ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بەردەوامیی پێدا و

**لە ئێستادا شێوازێکی دیکەی شەڕی سارد لە نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووەتە ئاراوە، کە جیاوازە لەو شەڕە ساردەی لە نێوان یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبوو**

**پێم وانییە ئیدارەی داهاتووی دۆناڵد ترەمپ خواست و ویستی پشتیوانیکردن لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی هەبێت، واتە داخورانێکی زیاتری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەبینین**

**شەڕی بە وەکالەتی ناتۆ لەگەڵ ڕووسیا سەری نەکێشاوە بۆ شەڕێکی ئەتۆمی، کەواتە بایدن هەوڵی داوە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات و ئەوەندە هاوکاریی ئۆکرانیای کردووە کە شەڕەکە نەدۆڕێنێت**

**ئەمریکا و ناتۆ نەیانتوانی ئۆکرانیا بە چەشنێک هان بدەن کە بیر لە چارەسەر و گەیشتن بە ئاشتی بکاتەوە**

چڕتری کردەوە، کە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەمە لە بەشێکی زۆریدا بڕیار و ویستی ئیرادەی جۆ بایدنی تێدا بەدی کرا، واتە ئەو دەستی پێ نەکرد، بەڵام درێژەی پێدا و توندتری کردەوە و کۆدەنگییەکی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دروست کرد، بەوەی چین دوژمنمانە.

*** لە سەردەمی ئیدارەی پێشووی دۆناڵد ترەمپ، ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی ئەم ئیدارەیە دەکرا، بەوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی فەرامۆش و پشتگوێ خستووە، هەنگاو و هەڵوێستی تاکلایەنانە دەگرێتەبەر، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئیدارەی بایدن ئەم ڕەوتەی پێچەوانە کردەوە و تا چەند پێشبینی دەکرێت دووبارە ئیدارەی نوێی دۆناڵد ترەمپ هەمان ڕێچکە بگرێتەوەبەر؟**

- لە پەیوەندی بە دوورخستنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە دوو حاڵەتی زۆر بەرچاو بکەین، کە لە سەردەمی ئیدارەی پێشووی ترەمپدا ڕوویان دا و دواتر لە سەردەمی ئیدارەی جۆ بایدن ئاراستەیەکی جیاواز لە ئاست یەکێکیاندا نەگیرایەبەر، بەڵام لەوەی دووەمیاندا هەڵوێستێکی جیاوازی پیادە کرد. یەکەمیان بریتی بوو، یان پەیوەست بوو بە هەڵوێستی ئیدارەی پێشووی ترەمپ لە ئاست ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و ئامادەنەبوونی بۆ دامەزراندنی پاڵێوراوەکان بۆ دەستەی دادوەری، کە کێشە و ناکۆکییەکان (لە نێو ئەم ڕێکخراوەدا) یەکلا دەکەنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئیفلیجیکردنی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کە نەتوانێت کێشە و ناکۆکییەکان چارەسەر بکات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئیدارەی جۆ بایدن ئەم ڕەوتەی پێچەوانە نەکردووە و ئەم ڕێکخراوەی بە ئیفلیجی هێشتەوە، واتە دەکرێت بڵێین لەم ڕووەوە سەرۆك بایدن درێژەی بە هەمان سیاسەتی پێشووی دۆناڵد ترەمپ دا لە پەیوەندی بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، بەڵام لە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەشوهەوا-کە پێشتر ئیدارەی ترەمپ لێی کشابووەوە-ئەوا ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دووبارە گەڕایەوە نێو ئەم ڕێککەوتنە، واتە ئیدارەی جۆ بایدن کاری کرد بۆ کەمکردنەوەی دەردانی غاز و بەکارهێنانی وزەی نوێبووەوە، واتە ئەمەی کردە ئەولەوییەتی کاری خۆی. کەواتە ئەمە یەکێك بوو لەو بوارە کەمانەی کە تێیدا جیاوازییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت لە نێوان ئیدارەی پێشووی ترەمپ و ئیدارەی جۆ بایدندا.

*** با پرسیارەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر بکەین، ئێستا کە دۆناڵد ترەمپ جارێکی دیکە سەرکەوتنی بەدەست هێنایەوە لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەدا و جیهان و ئەمریکا چاوەڕێی دەستبەکاربوونی ئیدارەی دووەمی دۆناڵد ترەمپ دەکەن لە چەند هەفتەی داهاتوودا، ئایا پێتان وایە جارێکی دیکە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترەمپ پشت لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات و جۆرێك لە گۆشەگیری و دابڕان هەڵدەبژێرێت، یان سیاسەتێکی جیاوازتر لە سیاسەتی ئیدارەی یەکەمی دەگرێتەبەر؟**

- من پێم وانییە ئیدارەی داهاتووی دۆناڵد ترەمپ خواست و ویستی پشتیوانیکردن لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی هەبێت، واتە داخورانێکی زیاتری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەبینین، ئەوەی پەیوەست بێت بە هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە، ئەوا لە دەرەوەی دامەزراوەکاندا هەندێ وڵات کە دەکرا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکارییان لەگەڵدا بکات، ڕەنگە بە بێمتمانەییەوە لە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕوانن، چونکە پێیان وایە ترەمپ کەسێکی پێشبینی نەکراوە و بەردەوام هەڵوێست و بۆچوونەکانی دەگۆڕێت، ئەگەرچی خودی دۆناڵد ترەمپ ئەمە بە ئەرێنی لێك دەداتەوە و پێی وایە ئەمە لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە، لەلایەکی دیکەوە ئەو بۆچوونەش هەیە کە لەبەر ئەوەی دۆناڵد ترەمپ پیاوی ڕێککەوتنەکانە، ئەوا ڕەنگە هاوکاریی زیاتر بەدی بکەین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چونکە ترەمپ دەیەوێت ڕێککەوتنەکان بەدی بهێنێت، بۆ نموونە لەم ڕووەوە ئاماژە بە ڕێککەوتنەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و چەند دەوڵەتی عەرەبی دەکرێت، کە لە سەردەمی ئیدارەی پێشووی ترەمپدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویان دا و بەدی هاتن. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت



بکەمەوە، ئەوا پێم وانییە دۆناڵد ترەمپ دژ بە هاوکاریی نێودەوڵەتی بێت، بەڵام ڕەنگە مەسەلەکە ئەوە بێت کە ئەو دەیەوێت بە گوێرەی مەرجی جیاواز و بە لەبەرچاوگرتنی ئەولەوییەتی جیاواز کار بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنەکان بکات، نەک بێت و لە چوارچێوە دامەزراوە تەقلیدییەکاندا ئەم کارە بکات.

*** پێشتر ئاماژەتان بە هاتنەئارای جۆر و شێوازی نوێی شەڕی سارد کرد لە نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئێمە دەزانین لە پاڵ ئەمەدا چەندین شەڕی دیکەش بەرپا بوون، وەک شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا پێتان وایە تا چەند ئیدارەی سەرۆک بایدن لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم شەڕانەدا سەرکەوتوو بووە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێ بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئەوا دەکرێت بڵێین کە سەرباری ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکارییەکی زۆریان بۆ ئۆکرانیا دەستەبەرکرد لە ڕووی زانیاریی هەواڵگری و مەشق و ڕاهێنان و بەشداربوونیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەم شەڕەدا، ئەوا ئەم شەڕە بە چەشنێك بەرفراوان نەبوو کە ڕووسیا خۆی بە ناچار بزانێت ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەروەها شەڕێکی ئەتۆمییش ڕووی نەدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەواڵێکی باشە، واتە دەکرێت بڵێین شەڕی بە وەکالەتی ناتۆ لەگەڵ ڕووسیا سەری نەکێشاوە بۆ شەڕێکی ئەتۆمی، کەواتە بایدن هەوڵی داوە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات و ئەوەندە هاوکاریی ئۆکرانیای کردووە کە شەڕەکە نەدۆڕێنێت، بە بێ ئەوەی دۆخەکەش بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت. کارێکی ئاسان نییە کە هاوکاری دابین بکەیت و ڕێگری لە هەڵکشانی دۆخەکەش بکەیت. کەواتە ئیدارەی بایدن لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە ئەگەر لە لایەکی دیکەوە لێی بڕوانیت، ئەوا ئەمە بە شکستیش لێك دەدرێتەوە، چونکە ئەمریکا و ناتۆ نەیانتوانی ئۆکرانیا بە چەشنێك هان بدەن کە بیر لە چارەسەر و گەیشتن بە ئاشتی بکاتەوە.

*** دۆناڵد ترەمپ لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی لەوە دەکرد کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کۆتایی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەهێنێت، ئێستا کە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەست هێناوە، پێت وایە بتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات؟**

- ئەگەر ڕاشکاو بم لە گەڵتاندا من نازانم ئەو باسی چی دەکات، چونکە ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە زۆر بە خێرایی کۆتایی بەم شەڕە دەهێنێت، خۆ ڕەنگە ئەمەش بکات، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە ڕوون نییە، ئەوەیە کە چۆن ئەم کارە دەکات و خۆیشی ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە چۆن کۆتایی پێ دەهێنێت.




دکتۆر مایکڵ نایتس بۆ گوڵان:

# ترەمپ دەیەوێت لە ڕێی پیشاندانی هێزەوە ئاشتی بەدی بهێنێت و ڕێگری لە هەڵگیرسانی شەڕ بکات

مایكڵ نایتس، توێژەری باڵایە لە پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، تایبەتمەندی بواری كاروبارە سەربازی و ئەمنییەكانی عێراق، ئێران و وڵاتانی كەنداوە و چەندین توێژینەوەی هەیە، لە بواری ئەو میلیشیایانەی عێراق و سووریا كە ئێران پشتیوانییان دەكات. هاودامەزرێنەری (پلاتفۆرمی میلیشیا سپۆتلایت)ـە كە شیكارییەكی قووڵی پێشهاتەكانی پەیوەست بە میلیشیاكانی سەر بە ئێران لە عێراق و سووریا پێشكەش دەكات. دكتۆر نایتس، گەشتێكی بەرفراوانی لە عێراق و یەمەن و وڵاتانی كەنداو كردووە و بەردەوام كورتەیەك لە توێژینەوەكانی بە داڕێژەرانی سیاسەتی حكومەتی ئەمریكا و لێژنەكانی كۆنگرێس و ئەفسەرانی ئەمریكا لەبارەی كاروباری ئاسایشی ناوچەكە دەدات. بە شێوەیەكی بەرفراوان لەگەڵ دەزگا سەربازی و ئەمنییە ناوخۆییەكان لەسەر زەوی لە عێراق و وڵاتانی كەنداو و یەمەن كاری كردووە. بۆ قسەكردن لەسەر ئەو سیاسەتەی كە ئەگەری ئەوە هەیە، ئیدارەی داهاتووی ئەمریكا بە سەرۆكایەتیی دۆناڵد ترەمپ بیگرێتەبەر لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام دا.

*** سەركەوتنە گەورەكەی سەرۆكی پێشووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا (دۆناڵد ترەمپ)، دەنگدانەوە و لێكدانەوەیەكی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا. زۆر كەس لەسەر ئەوە هاوڕان كە سەردەم و ڕۆژگارێكی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكادا دێتەئاراوە. سەرەتا دەمانەوێت بزانین ئێوە چۆن لەم سەركەوتنە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ چ مانایەكی هەیە، نەك تەنیا بۆ ئەمریكا، بەڵكو بۆ تێكڕای جیهانیش؟**

- هەرچەندە من كەسێكی تایبەتمەند و شارەزای بواری سیاسەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نیم، بەڵكو من هاوڵاتی و دەنگدەرێكی ئەمریكیم، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكاوە، ئەوا ئاشكرایە كە دەنگدەرانی ئەم وڵاتە پێیان وانەبوو كە ئیدارەكەی سەرۆك جۆ بایدن كارێكی باشی ئەنجام دابێت و ئەدایەكی باشی هەبووبێت، لێرەشدا دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاو بێت، كە بە زۆری لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتیی ئەمریكادا، دەنگدەران زیاتر پرسە ناوخۆییەكان لەبەرچاو دەگرن، واتە ئەم هەڵبژاردنانە كەمتر پەیوەستن بە پرسەكانی بواری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەوە، بەڵام سەرجەم ڕاپرسییەكان ئاماژەیان بەوە دەكرد، كە هاووڵاتییانی ئەمریكا پتر متمانەیان بە دۆناڵد ترەمپ دەكرد، كاتێك پرسەكە پەیوەست بوایە بە سیاسەتی دەرەوە، ئەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەش تا ڕادەیەك پەیوەندیدار بوو بە سیاسەتی دەرەوە. خۆ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارەش بدەینەوە كە ئایا ئەم هەڵبژاردنە چ مانایەكیان هەبوو بۆ جیهان، ئەوا من پێم وایە بەو مانایە دێت كە ئەمریكا دەیەوێت لە پێگەیەكی بەهێزتردا بێت، كاتێك مامەڵە لەگەڵ دوژمنەكانیدا دەكات، هەروەها سەرۆكی ئەمریكا

**بە زۆری لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتیی ئەمریكادا، دەنگدەران زیاتر پرسە ناوخۆییەكان لەبەرچاو دەگرن، واتە ئەم هەڵبژاردنانە كەمتر پەیوەستن بە پرسەكانی بواری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەوە**



داوا لە هاوبەش و هاوپەیمانەکانی دەکات، پتر شان بدەنە بەر بارگرانییەکان، هەر ئەمەش مەبەستی دۆناڵد ترەمپ بوو، کاتێك دروشمی «ئاشتی لە ڕێی هێزەوە»ی خستەڕوو، واتە ترەمپ دەیەوێت ئاشتی بەدی بهێنێت و شەڕ هەڵنەگیرسێنێت، بەڵام هەموو ئەمانە لە ڕووی پیشاندانی هێزەوە بە ئێران، ڕووسیا، چین و کۆریای باکوور بووە. هەروەها داوا لە هاوبەشەکانی، وەك عەرەبستانی سعوودیە و ناتۆ و ئەوانی دیکە دەکات، کە هاوکار بن بۆ ئەمریکا بەوەی خەرجییەکی زیاتر بۆ بواری بەرگری تەرخان بکەن.

*** ئەگەر پرسیارەکە سنووردار بکەین بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە ئاشکرایە لە ئێستادا دۆخێکی ناهەموار و نالەبار تێیدا باڵادەستە و بەدەست چەندین شەڕ و ئاڵۆزی و بارگرژییەوە گرفتارە، ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین، کە سیاسەتی داهاتووی ترەمپ جیاوازییەکی بەرچاو و بنەڕەتی دەبێت بەراورد بە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی جۆ بایدن؟**

- ئەوەی تا ئێستا ڕوونە، ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت مایك والتز بکاتە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، مارکیۆ ڕۆبیۆش بکاتە وەزیری دەرەوە لە ئیدارەکەیدا، واتە کەسانێك لە ئیدارەکەیدا دابمەزرێنێت کە بایەخێکی تەواو بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن، بەتایبەتی بایەخ بە ئێران دەدەن. ئەم کەسانە پێیان وایە ئێران کێشەی سەرەکییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم ڕوانگەیەوە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە سیاسەتێکی توندتر بگیرێتەبەر لە ئاست ئێراندا، بە چەشنی سەپاندنی سزاکان بەسەر ئەو وڵاتەدا، سنووردارکردنی بڕی ئەو نەوتەی ئێران دەتوانێت بیفرۆشێت، سنووردارکردنی بڕی ئەو چەکەی ئێران دەیەوێت هەناردەی بکات، لەگەڵ لاوازکردنی ئەو گرووپانەی ئێران پشتیوانییان دەکات لە سووریا، لوبنان، عێراق و یەمەن. کەواتە دەکرێت بڵێین ئێران جێی بایەخێکی سەرەکی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەبێت. هەروەها لە پەیوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەم ئیدارەیە سەرنجەکانی لەسەر بەدیهێنانی ئاشتی چڕ دەکاتەوە، بۆ نموونە لەم ڕووەوە هەوڵ دەدات عەرەبستانی سعوودیە پتر بەشدار بێت لە دووبارە بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کەرتی غەززە، ئەویش لە میانە و چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا، کە ڕەنگە بریتی بێت لە چارەسەری دوو دەوڵەتی، هەروەها لە گەیشتن بە ئاگربەست لە

**سەرۆکی ئەمریکا داوا لە هاوبەش و هاوپەیمانەکانی دەکات، پتر شان بدەنە بەر بارگرانییەکان، هەر ئەمەش مەبەستی دۆناڵد ترەمپ بوو، کاتێک دروشمی «ئاشتی لە ڕێی هێزەوە»ی خستەڕوو**

پەیوەندی بە لوبنانەوە. من پێم وایە ئیدارەی ترەمپ هەوڵ دەدات، زۆر لە نزیکەوە کار لەگەڵ سعوودییەکان بکات و هاوبەشییەکی ئابووری زۆریان لەگەڵدا ئەنجام بدات و دەیەوێت لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بێت لە کۆکردنەوەی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودیە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان هەڵبگرن. هەرچەندە لە ئێستادا ئەمە وەك ئەگەرێکی دوور دەردەکەوێت، بەڵام ئومێدی ئەوە دەکەن کە بتوانن ڕەوتی بەرەوپێشچوونەکان بەم ئاراستەیەدا ببەن و لە ماوەی ساڵانێکی کەمی داهاتوودا ئەم دەرئەنجامە بەدەست بهێنن. واتە ئەمە دەبێتە ئەولەوییەتی کاری ئەم ئیدارەیە و جەخت لەسەر بەدیهێنانی دەکەنەوە. مەبەستم لە ئەولەوییەتی پەیوەست بە ڕێککەوتنەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە.

*** ئەوەی لە دۆناڵد ترەمپ بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو پیاوی ڕێککەوتنەکانە، بەڵام هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا جیهان لە پشێویدایە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە دەست چەندین قەیرانی قووڵ و فرەڕەهەندەوە دەناڵێنێت. کەواتە ئەگەر واقیعبینانە لە دۆخەکە بڕوانین، ئایا ترەمپ تا چەند سەرکەوتوو دەبێت لە کردنەوەی گرێ کوێرەکان و بەلای کەمەوە خاوکردنەوەی گرژییەکان؟**

- من شەخسی خۆم تا ڕادەیەك گەشبین و ئومێدەوارم، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەمیان ئەوەیە کە ئێران دەبێت زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرێت و هەڵسوکەوت بکات، ئەمەش هەواڵێکی باشە، ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیسرائیلەوە، ئەوا ئەم وڵاتە هەست دەکات کە پشتیوانییەکی زۆری لێدەکرێت، بەڵام ڕەنگە لە هەمان کاتدا پێی بوترێت کە کەناری ڕۆژئاوا مەلکێنە بە ئیسرائیلەوە و دەست لە گفتوگۆکان لەگەڵ فەلەستینییەکان و لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی هەڵمەگرە، لەبارەی چارەسەری دوو دەوڵەتەوە. واتە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ سنووربەندییەك لەسەر ئیسرائیل دروست دەکات، واتە ئەگەر ئیسرائیل پەنا بۆ بۆردومانکردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران ببات، ڕەنگە ئەمە ئاسایی بێت، بەلای ئیدارەی ترەمپەوە، بەڵام ئاسایی نییە ئیسرائیل ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیە ڕەت بکاتەوە. واتە ئیدارەی ترەمپ پتر هەڵوێستێکی مامناوەند دەگرێتەبەر. هەروەها ناوچەی کەنداو زۆر گرینگە بەلای ترەمپەوە، نەك هەر تەنیا لەبەر بوونی نەوت لەو ناوچەیە، بەڵکو لەبەر وەبەرهێنان و ئەو شەراکەتەی ئەمریکا هەیەتی لەگەڵیاندا. خۆ ڕەنگە بوترێت بەدیهێنانی ئەم ئامانجە (لێکنزیککردنەوەی ئیسرائیل و سعوودیە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان) ئەستەم بێت، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت، کە پێشتریش دەوترا ناتوانێت ڕێککەوتنی ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی بەدی بهێنرێت، یان دەیانوت جارێد کوشنەر ناتوانێت سەرکەوتوو بێت. کەواتە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە دۆناڵد ترەمپ ستایلێکی تایبەت، یان شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی بزنیسمان و کەسایەتییە سیاسییەکان، مەبەستم ئەوەیە ئەو دەیەوێت ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا ئیدارەی نوێی ترەمپ دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران کەم بکاتەوە، لە هەمان کاتدا ڕێژە و ژمارەی ئەو وڵاتانەش زیاتر بکات کە ڕێککەوتنی ئاشتی ئەنجام دەدەن. هەر لەم ڕووەوە هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەر یەکە لە عەرەبستانی سعوودیە و ئیمارات باشتر بکات، چونکە هۆکاری ئەوەی کە سەرکردەکانی وڵاتانی کەنداو حەز بە مامەڵەکردن لەگەڵ چیندا دەکەن، ئەوەیە کە چین لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کاریان لەگەڵدا دەکات، بە بێ ئەوەی باسی پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤیان لەگەڵدا بکات، شێوازی کارکردنی دۆناڵد ترەمپیش هاوشێوەی شێوازی چینییەکانە، واتە ئامادە دەبێت محەمەد بن سەلمان ببینێت و تەوقەی لەگەڵدا بکات و بانگهێشتی واشنتۆنی بکات، ئامادە دەبێت گوێ لە محەمەد بن زاید بگرێت، کە بۆی ڕوون بکاتەوە، بۆچی هەست بە نائومێدی دەکات لە بەرانبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە پێم وایە ئەوەش بەرەوپێشچوونێکی باش دەبێت.

**دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت مایك والتز بکاتە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، مارکیۆ ڕۆبیۆش بکاتە وەزیری دەرەوە لە ئیدارەکەیدا کە کار لەسەر ئەوە دەکەن، سیاسەتێکی توندتر بگیرێتەبەر لە ئاست ئێراندا**

**ئیدارەی ترەمپ هەوڵ دەدات، زۆر لە نزیکەوە کار لەگەڵ سعوودییەکان بکات و هاوبەشییەکی ئابووری زۆریان لەگەڵدا ئەنجام بدات**

**ئەگەر ئیسرائیل پەنا بۆ بۆردومانکردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران ببات، ڕەنگە ئەمە ئاسایی بێت، بەلای ئیدارەی ترەمپەوە، بەڵام ئاسایی نییە ئیسرائیل ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیە ڕەت بکاتەوە**

**ئیدارەی نوێی ترەمپ دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران کەم بکاتەوە، لە هەمان کاتدا ڕێژە و ژمارەی ئەو وڵاتانەش زیاتر بکات کە ڕێککەوتنی ئاشتی ئەنجام دەدەن**




**د. محەمەد حاجی**

یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ گوڵان:

# مەسرور بارزانی نەک تەنیا خۆڕاگر بوو، بەڵکو داستانی سەرکەوتنیشی لە کابینەی نۆیەم تۆمار کرد

## ڕێگریکردن لە حکومەت، نابێتەوە دوو ئیدارەیی، بەڵکو دەبێتە بێسەروبەری و فەوزا لە هەرێمی کوردستان

## حکومەتی نیشتمانی لە عێراقدا هەبووایە، بۆ یەک ڕۆژیش هەناردەی نەوتی هەرێمی ڕانەدەگرت

## لە کابینەی نوێەمدا ڕاستە بەشدار و هاوبەشمان هەبوو، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەی زەحمەتییەکان و فریاکەوتنی خەڵک و مووچەخۆراندا پارتی بە تەنیا بوو

## هیچ دەرچەیەکی دەستووری و یاسایی بۆ دوو ئیدارەیی نییە و یەک ئیدارە هەیە بۆ هەرێمی کوردستان کە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانە

لە ناو گێژاوی هەڕەشە و ئالنگارییەکان و هەموو ئەو کۆت و بەربەستانەی خرایە بەردەم کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاروانی ئاوەدانی و ئارامی لە هەرێمی کوردستان پەکی نەکەوت و بگرە پرۆژە و کاری گرینگیش ئەنجام دران. مەترسییەکان و شوێنەوارە خراپەکانی کۆرۆنا و بڕینی بوودجە و ئاشووب و ململانێی ناتەندروستی حزبەکان و و زۆر گرفتی دیکە لە بونیادنانی ژێرخانی حوکمڕانیی باش وەلاّم درانەوە، لە ناو هەموو ئەم شەوەزەنگ و پەرتەوازەییەی حزبەکان و شەڕی ئابووری و بڕینی بوودجە و گرفت و کێشە ئاڵۆزانەشدا، سەرۆکی حکومەت پارێزەر و دەنگی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بوو، سازشی لەسەر بەرنامە وەزارییەکەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکرد، کە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان دانرابوون، بەمەش ئەم وەرچەرخانە لە حوکمڕانیدا بووە بناغە بەرەو کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ دکتۆر محەمەد حاجی یاریدەدەری سەرۆک وەزیران، ئەو پرسانەی تاوتوێ کرد و بەم جۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**مسرور بارزانی هیوا و ئومێدێکی زۆری هەبوو بۆ خزمەتکردن و ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی و دەربازبوون لە قەیرانە سەپێندراوەکان**

**کوردستان نەک لە کاروانی ئاوەدانی و بووژانەوەی پیشەسازی و گەشتیاری و بازرگانی و پەروەردە و تەندروستی ڕانەوەستا، بگرە سەروماڵی هاووڵاتیانی کوردستانیش لە ناو گێژاوی عێراق و ڕۆژهەڵاتێکی ناسەقامگیردا پارێزرا**

**پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕانەگیرا و ڕەنج و ماندووبوونی منداڵ و نەوەکانی دوارۆژ بەفیڕۆ نەدران و ڕێگە نەدرا چارەنووسی منداڵەکانمان بکرێتە قوربانیی ململانێی حزبی و دەرگای قوتابخانەکان دابخرێت**

**حوکمڕانانی عێراقی فیدراڵ ئامادە بوون لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار زیانی ئابووری بە هەرێم و ئابووریی خۆشیان بگەیەنن، تەنیا لە پێناو ئەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بژێوی خەڵکەکەی داپتەپێنن**

*** سەرەتا دەپرسین، چۆن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی وێڕای هەموو ئەو ئالنگاری و ئاستەنگ و بەربەستانەی خرانە بەردەمی، بەشی زۆری کارنامە وەزارییەکەی خۆی جێبەجێ بکات و خۆڕاگر بێت لە بەردەم ئەو هەموو ئالنگاری و قەیرانە دروستکراوانەدا؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ١٠ی تەمووزی ساڵی ٢٠١٩ سوێندی یاسایی خوارد و لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی وەرگرت، هەر لە دەستپێکەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی و بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان، کاری بۆ سەرخستنی کارنامە وەزارییەکەی کرد. مسرور بارزانی هیوا و ئومێدێکی زۆری هەبوو بۆ خزمەتکردن و ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی و دەربازبوون لە قەیرانە سەپێندراوەکان، هەرواش بوو، لە شەش مانگی سەرەتای کابینەکەدا کاری زۆر باش و گەورە ئەنجام دران، تاوەکو تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی پەتای جیهانی (کۆرۆنا)، لە گرینگترینی ئەو کارانەش ڕاوەستانی نەزیفی بەفیڕۆدانی زیادەمەسرەفی، زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، تا ڕاددەیەکی باش گەندەڵی کەم کرایەوە، دامودەزگاکانی دەوڵەت ئەکتیڤ کران، دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆی و دەیان کاری دیکەی باشی ئابووری و خزمەتگوزاری ئەنجام دران. بەڵام کۆرۆنا قەیرانێکی گەورەی تەندروستیی جیهانی و کارەساتێکی نێودەوڵەتی بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەکو زۆربەی حکومەتەکانی دنیا ڕووبەڕووی ئەو تەحەددییە گەورەیە بووەوە، چونکە لە ڕووی زانستییەوە جیهانی پێشکەوتووش هیچ پێشخانێکی زانستی و هەڵسەنگاندن و چارەسەرێکی گونجاو و بەپەلەی بۆ ئەم پەتا مەترسیدارە پێ نەبوو، ئەم ئالنگارییەش هاوکات بوو لەگەڵ دارمانی گەورەی بەهای ئەو نەوتەی کە داهاتی سەرەکیی هەرێمی کوردستان لەسەر فرۆشتنی ئەو نەوتە بوو، بۆیە لەگەڵ قوفڵبوونی هەموو ئابووری و پەیوەندییە بازرگانییەکان لە زۆر وڵاتی جیهاندا، قەیرانی خۆراك و بێکاری و هەژاری و ئیفلیجبوونی کایە ئابوورییەکانی لێ کەوتەوە، خۆ ئەگەر لەم بارودۆخە ناهەموارەدا هەڵسەنگاندن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین لە ناو چوارچێوەی عێراقێکی داتەپیو لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەوە، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت کە سەرۆك وەزیران چ ئیرادە و بوێرییەکی هەبوو، بۆ ئەوەی گەلەکەی لەو مەرگەساتە و شوێنەوارە خراپەکانی دەرباز بکات و، بە کەمترین مردن و زیان دۆخەکە تێپەڕێنێت، دۆخێك کە لە مێژووی هەرێمی کوردستان و مێژووی مرۆڤایەتی و دنیادا وێنەی نەبووە و زۆر قورس بوو، دواتر لە ساڵانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ توانرا تا ڕاددەیەك داهاتی نێوخۆ بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، ئا لێرەدا بۆ زیانگەیاندن بە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دارمانی ئابووری و باروبژێوی خەڵك حکومەتیان ڕووبەڕووی فشارێکی گەورە کردەوە، چونکە وا دیار بوو ئەم سەرکەوتنەی سەرۆکی حکومەت بۆ گەلەکەی بە دڵی زۆر دەوڵەت و لایەنی سیاسی و گرووپی چەکداری نەبوو، بۆیە ڕوو لە هەڵوەشانەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و ڕاگرتنی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و نەناردنی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی دەیان گرفت و ئاستەنگی دیکە کرا، تا کار گەیشتە سەر مووشەکبارانکردنی پایتەخت و دامەزراوە نەوتی و ئابوورییەکان، کە بە دڵنیاییەوە هەر سەرۆك وەزیرانێکی دیکە بووایە نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ئەو هەموو فشار و تەحەددیایانە ببێتەوە و ئەو هەموو خزمەتگوزاری و پڕۆژە و کاری گەورەیە ئەنجام بدات و، وەرچەرخان لە فرەچەشنکردنی ئابووری دروست بکات و کەرتی کشتوکاڵ گەشە بکات و کێشەی گەنمی جووتیاران چارەسەر بکرێت و دەیان بەنداو و پۆند دروست بکرێن. هەموومان بەم قۆناغە و ڕاستییەدا تێپەڕ بووین کە کوردستان نەك لە کاروانی ئاوەدانی و بووژانەوەی پیشەسازی و گەشتیاری و بازرگانی و پەروەردە و تەندروستی ڕانەوەستا، بگرە سەروماڵی هاووڵاتیانی کوردستانیش لە ناو گێژاوی عێراق و ڕۆژهەڵاتێکی ناسەقامگیردا پارێزرا. لە لایەکی دیکەوە کشتوکاڵ و بونیادنانەوەی ژێرخانی ئەم هەرێمە لە زهنییەت و بیرکردنەوەی سەرۆك وەزیراندا زۆر گرینگ بوو، هەر ئەمەش بوو وای کرد، مسرور بارزانی لە ناو گێژاوی بارودۆخە نێوخۆیی و عێراقی و ئیقلیمییەکەدا نەك تەنیا خۆڕاگر بوو، بەڵکو لەگەڵ گەلەکەی داستانی سەرکەوتنی لە کابینەی نۆیەمدا تۆمار کرد.

*** ئاماژەت بە کەرتە خزمەتگوزارییەکان و هەر دوو سێکتەری پەروەردە و تەندروستی کرد، بەو پێیەی ئەم سێکتەرانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان**

**بە هاونیشتمانییانەوە هەیە، ئایا تاچەند ئەم سێکتەرانە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریی ڕیشەییان بە خۆیانەوە بینیوە؟**

- کەرتەکانی خزمەتگوزاری بەو بارودۆخە ئابوورییشەوە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا و ئاوەدانیی شارەوانی و ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و چارەسەرکردنی کێشەی ئاو و کارەبا بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ڕاستکردنەوەی ئەم خزمەتگوزارییانەیە، پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕانەگیرا و ڕەنج و ماندووبوونی منداڵ و نەوەکانی داواڕۆژ بەفیڕۆ نەدران و ڕێگە نەدرا چارەنووسی منداڵەکانمان بکرێتە قوربانیی ململانێی حزبی و دەرگای قوتابخانەکان دابخرێت. لە ڕووی کەرتی تەندروستی و کۆنترۆڵی کوالیتیی دەرمان و کاروکاروباری کۆمەڵایەتییشەوە کار و پرۆژەی باش ئەنجام دراون.

*** وەرچەرخانێکی گرینگ لە بواری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و ئاراستەکردنیان بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریدا ڕوویان دا. ئایا تاچەند گرتنەبەری ئەم ستراتیژی و بەرنامەیە بۆ خەڵکی کوردستان و دۆزینەوەی هەلی کار گرینگ بووە؟**

- ئابوورییەکی سەقامگیر و پێشکەوتوو داینەمۆ کلیلی سیاسەت و سەرکەوتنی هەر وڵاتێکە، هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی لە دنیادا ناتوانێت بستێک خاک بەڕێوە ببات و کۆمەڵگەیەک بەڕێوە بەرێت، ئەگەر ئابوورییەکی سەرکەوتوو و داهاتێکی باشی لە بەردەستدا نەبێت. کوردستان هەرێمێکی دوای شەڕە کە چەندین ساڵ وێرانی و سووتاندنی خاک بەرانبەری جێبەجێ کراوە و، بە گەمارۆ و شەڕ و جەنگە ماڵوێرانکەرەکاندا تێپەڕ بووە و جینۆساید و کۆمەڵکوژ و کیمیاباران کراوە، بۆیە بۆ هەڵسانەوە و بونیادنانەوەی ژێرخانەکەی پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی ئابووریی سەرکەوتوو هەبوو، ئابوورییەک بتوانێت خواست و پێداویستییەکانی زیاتر لە حەوت ملیۆن هاووڵاتی بە هاونیشتمانی و ملیۆنێک ئاوارە و لێقەوماوەوە بەڕێوە ببات، ئەمەش لە چوارچێوەی خاکێکی زیاتر لە ٤٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەدا کە لە سنووری زۆر وڵاتانی دنیا گەورەترە، هەڵکشانی پێداویستی و خواستەکان و پەرەپێدانی ئابووری پێویستی بە داهات و بەڕێوەبردنێکی ئابووریی سەرکەوتوو هەیە، بەداخەوە ڕێگریی زۆر و فشارێکی زۆر کراوە لە سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەم فشار و گەمارۆیە لە چوارچێوەی کەمکردنەوە و دواتر بڕینی بوودجە و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت و نەدانی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستاندا هەمووی لەپێناو سەپاندنی جەنگێکی ئابووریدا بووە، بۆ ئەوەی پشێوی و بێسەروبەری دروست بکرێت، تا گەیشتە حاڵەتێک مووچە بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر دوابخرێت، ئەوەتا سەرۆک وەزیرانی عێراق دەڵێت: دەزانم بارودۆخی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان خراپە، زۆرجار ئەم فشارانە لە ڕێگەی هاویشتنی درۆن و مووشەکەوە بووە بۆ سەر دامەزراوە نەوتی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان، یان لە ڕێگەی دانانی کۆت و بەربەستی بازگەی نادەستووری و نایاسایی لەسەر بەروبووم و بەرهەمەکانی کارگەکانی هەرێمی کوردستان بووە، ئەگەر حکومەتێکی نیشتمانی لە عێراقدا هەبوایە و بەرژەوەندیی باڵای هەموو گەلانی عێراق لەبەرچاو بگرتایە، نەدەبوو بۆ یەک ڕۆژیش هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕابگیرایە، چونکە ئەم نەوتە و داهاتەکەی بۆ گەنجینەی ئابووریی عێراق دەگەڕێتەوە، کەچی حوکمڕانانی عێراقی فیدراڵ ئامادە بوون لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار زیانی ئابووری بە هەرێم و ئابووریی خۆشیان بگەیەنن، تەنیا لەپێناو ئەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بژێوی خەڵکەکەی داپتەپێنن، ئەمە جۆرێکە لە فشاری ئابووری و دابڕانێکە لە ڕۆحی نیشتمانپەروەری. ئەوەی تۆزقاڵێك شارەزایی لە زانستی ئابووری و مێژوودا هەبێت، ئەم ڕاستییە وەکو ڕۆژی ڕووناك دەبینێت، جێی داخە کەسانێك هاتوونەتە کایەی سیاسییەوە کە تۆزقاڵێك مێژوویان نەخوێندووەتەوە تا سوودی لێ وەربگرن و بزانن کورد چ جینۆساید و کۆمەڵکوژییەك لە دژی کراوە و، بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد چ شەهید و قوربانییەك دراوە، ئەمەش هەمووی لەپێناو پاراستنی خاکەکەی کە هێما و گەرەنتیی مانەوەیەتی لەناو ئەم گێژاو و بێسەروبەرییەی عێراق و ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کورد سەری دانەنواندووە بۆ هیچ فشارێکی سەربازی و ئابووری و ئازار و مەینەتییەك، با نەیارەکان بڕۆن لە مێژوودا لاپەڕە پرشنگدارەکانی شۆڕش و شەهید و قوربانییەکانمان

**جێی داخە کەسانێک هاتوونەتە کایەی سیاسییەوە کە تۆزقاڵێک مێژوویان نەخوێندووەتەوە تا سوودی لێ وەربگرن و بزانن کورد چ جینۆساید و کۆمەڵکوژییەک لە دژی کراوە**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتدا بوون و ئۆپۆزسیۆنیش بوون، لە کاتێکدا لە ڕووی واقیعییەوە یەکێتی هەر تەنیا بەشداری حکومەت نەبوو، بەڵکو هاوبەشیش بوو لەگەڵیدا**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکراوە نەبووە بەوەی لە سلێمانی و هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە هاوبەشی حوکمڕانییە، کەچی لە کەمپینی هەڵبژاردندا لە ماوەی ئەو ٣٢ ساڵەی حوکمڕانیی خۆیدا باسی دوو دەستکەوتی خۆی نەکرد، بەڵکو درووشمی ئەو تەنیا ڕووخان و ڕاوەستان و ڕاگرتن بوو**

**لە کابینەی داهاتوودا نابێت یەکێتی شەریک بێت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە هەولێر شەریک بن و لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین حکومەتی خۆیان هەبێت**

**ڕەنگە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە هەندێک بابەتدا جیاواز بێت لەوانی دیکە، بەڵام چارەسەری ڕیشەیی نابینم بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا**

**لە بەغدا ئەوەندەی لەژێر کاریگەریی دەوڵەتانی ناوچەکەدا بڕیار دەدرێت، ئەوەندە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نیشتمانییەوە حوکمڕانی ناکرێت**

هەڵبدەنەوە، کە سەلمێنەری ئەوەن کورد لەژێر فشار و برسیکردن و گەمارۆ و کوشتن و قاتوقڕیدا چ نەبەردییەکی تۆمار کردووە و سەری نەنواندووە بۆ هیچ دوژمن و نەیارێك، چونکە باش دەزانن بەدەستهێنانی ئازادی و تەنانەت ماف و بوودجە و مووچەکەشی هەر تەنیا بەم ڕێگەیە بەدەست هاتووە، بۆیە ملکەچبوون بە زوڵم و زۆرداری بەرانبەر گەلی کورد، دەرئەنجامەکەی زیانێکی گەورە بەر ئەوانە دەکەوێت کە مافەکانمان دەخۆن و لە ڕیزی هێڵی نیشتمانپەروەریی دوور کەوتوونەتەوە. ئەگەر ئێمە بەشێك بین لەم عێراقە و وەکو هاووڵاتییەك سەیرمان بکرێت و بەپێی دەستوور و یاسا و ئەخلاق و مرۆڤایەتی سەیرمان بکرێت، ئەوا بە خێر و خۆشی بۆ هەموو گەلانی عێراق و ناوچەکەش دەگەڕێتەوە.

*** لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی پارێزگاریکردن لە ماف و شایستە داراییەکانی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان حزبە کوردستانییەکان لە بەغدا وەکو یەك تیم کاریان نەکردووە. ئایا ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا حزبە کوردستانییەکان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی سیاسی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لەسەر زۆر لەم پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییانە ڕێك کەوتبوون؟**

- لە کابینەی نۆیەم ڕاستە بەشدار و هاوبەشمان هەبوو، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و کێشە و زەحمەتییەکان و فریاکەوتنی خەڵك و مووچەخۆران پارتی بە تەنیا بوو، کاتێکیش دەهاتینە سەر شانازییەکانی ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان، لایەنەکانی دیکە هاوبەش بوون، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە تۆ پێیەکت لە دەسەڵاتدا بێت و پێیەکەی دیکەت لە ئۆپۆزسیۆندا بێت. تەنانەت ئەو هێزانەی لە دەرەوەی بەشداریکردنی حوکمڕانییش بوون، هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی تەندروست نەبوون، لە چوارچێوەی پێناسەی ئۆپۆزسیۆندا نەبوون، وەك ئەوەی لە وڵاتە دیموکراتییەکان هەیە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتدا بوون و ئۆپۆزسیۆنیش بوون، لە کاتێکدا لە ڕووی واقیعییەوە یەکێتی هەر تەنیا بەشداری حکومەت نەبوو، بەڵکو هاوبەشیش بوو لەگەڵیدا، بگرە لە ناوچەیەکی فراوان و ئەوەی پێی دەگوترێت زۆنی سەوز، یەکێتی حاکیمی ڕەها بووە، لەو ناوچەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکراوە نەبووە بەوەی لە سلێمانی و هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، تا بەرپرسیارێتیشی لەو پارێزگا و ناوچانە لەئەستۆ بێت. یەکێتی و گۆڕان لە چوارچێوەی ئەو کیانە سیاسییەی هەیانە، تووشی هەندێك ئاڵۆزیی سیاسیی وا بوون کە نەیانتوانیوە خۆیان یەکلا بکەنەوە، بەمەش نە توانییان شانازی بە بەشداریی خۆیان لە حکومەتدا بکەن، نە توانییان شانازی بە ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان بکەن. سەیرە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەساڵی ١٩٩٢ـەوە هاوبەشی حوکمڕانییە، کەچی لە کەمپینی هەڵبژاردندا لە ماوەی ئەو ٣٢ ساڵەی حوکمڕانیی خۆیدا باسی دوو دەستکەوتی خۆی نەکرد، بەڵکو درووشمی ئەو تەنیا ڕووخان و ڕاوەستان و ڕاگرتن بوو. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە ئەی چارەسەری ئەم ئاڵۆزی و بێسەروبەرییەی حزبە سیاسییەکان لە ناو چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی و سیاسیدا چییە؟ بە تەئکید لە کابینەی داهاتوودا نابێت یەکێتی شەریك بێت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە هەولێر شەریك بن و لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین حکومەتی خۆیان هەبێت. ڕێگریکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت نابێتە دوو ئیدارەیی، بەڵکو دروستبوونی بێسەروبەری و فەوزایە لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵانی ١٩٩٦ تاکو ٢٠٠٥ بارودۆخەکە گۆڕاوە. کاتێك لە دەستووری عێراقدا چەسپێندراوە کە هەرێمی کوردستان هەیە و دامەزراوەکانی تەشریعی و جێبەجێکاری دەستووری ددانپێدانراون، بۆیە لە دوای ئەم دەستوورە هیچ بوارێك نەماوەتەوە بۆ دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان، هیچ دەرچەیەکی دەستووری و یاسایی بۆ دوو ئیدارەیی نییە و یەك ئیدارە هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، کە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

*** وێڕای ئەوەی هەمیشە حکومەتی هەرێم دەستپێشخەر بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، بەڵام هەمیشە گرووپ و هێزێك هەیە ڕێگرە لە ئاساییبوونەوە و چارەسەرەکان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئومێد هەیە بۆ چارەسەر؟**

- لە ساڵی ١٩٢٥ و لە کاتی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، سێ مافی سەرەکیی کورد چارەسەر نەکراون، کە بریتین لە



«خاك، هێزی پێشمەرگە، ماف و داهات». واتە ٩٩ ساڵە تا ئەمڕۆش حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق نەیانویستووە هیچ یەكێك لەو خاڵە بنەڕەتییانە چارەسەر بكەن، بگرە لە ساڵی ٢٠١٤شەوە نەك تەنیا هیچ هەنگاوێكی جددی نەنراوە، بەڵكو دەیان گرفت و ئاستەنگی دیكەشمان بۆ دروست كراوە. سنوورەكان و داهاتی حەلاڵی خۆمان و ناساندنی پێشمەرگە وەكو هێزێكی نیشتمانی و دەستووری و یاسایی و وەكو بەشێك لە مەنزومەی بەرگری و هێزە چەكدارەكانی سوپای عێراق بە هەڵواسراویی ماوەتەوە، ئەمەی هەیە ئیدارەدانی كێشەكانە لەگەڵ بەغدا نەوەكو چارەسەری كێشەكان، خۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان هەنگاوی گەورەی ناوە و دەستپێشخەریی باشی لە پێناو گەلەكەی و مووچەخۆراندا بەرانبەر بەغدا كردووە. ڕەنگە حكومەتەكەی محەمەد شیاع سوودانی لە هەندێك بابەتدا جیاواز بێت لەوانی دیكە، بەڵام چارەسەری ڕیشەیی نابینم بۆ چارەسەری كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا. باشە ١٠ ساڵە بۆچی بابەتی خاك و بودجە و مووچە چارەسەر ناكرێت، لەكاتێكدا نەوتیش ڕاگیراوە و تەسلیمیش كراوە و وردبینیی توند لە لیستی مووچەدا دەكرێت، ئەم حاڵەتە توندەی چاودێری و وردبینی لە پاساو هێنانەوە زیاتر هیچی دیكە نییە. ئەی بۆچی بۆ وەزارەت و دامودەزگاكانی ئەوێ وردبینی وا توند ناكرێت؟ كێشەكە لەوەدایە حكومەت نەبووەتە حكومەتێكی نیشتمانی كە نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوە و پێكهاتەكان بكات. لە بەغدا ئەوەندەی لەژێر كاریگەریی دەوڵەتانی ناوچەكەدا بڕیار دەدرێت، ئەوەندە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نیشتمانییەوە حوكمڕانی ناكرێت.



د. شێرزاد ئەحمەد

مامۆستا لە بەشی دارایی و بانک لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین:

# هەژماری من، بابەتێکی دەستووری و یاساییە و وەرچەرخانێکیشە لە بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییە دارایی و بانکییەکان

# هەژماری من، دەربازبوونە لە مامەڵەی کاش و هەنگاونانە بەرەو بەدیجیتاڵکردنی بانکی

## پێویستیمان بە دامەزراوەی بەهێز هەیە تا ئاراستە و هاوکاریی بەرەوپێشچوونی کاروبار و خزمەتگوزارییەکانی بانکەکانمان بکات

**هەژماری من، جگە لەوەی هەژمارێکە بۆ مووچەخۆران و ژمارەی ئەوانەی ئەم هەژمارەیان پڕ کردووەتەوە کە لە ٧٠٠ هەزار فەرمانبەر تێپەڕی کردووە، هاوکات بە یەکێك لە ڕێگە زانستییەکانی بانك دادەنرێت بۆ بەکارهێنانی کارتی بانکی و دەستەبەرکردنی کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی بانکی، گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر شێرزاد ئەحمەد پسپۆڕ و شارەزای بواری دارایی و بانکی و مامۆستا لە بەشی دارایی و بانك لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین ساز دا.**

*** با سەرەتا ڕاستەوخۆ پرسیارەکەمان لە «هەژماری من»ـەوە دەست پێبکەین، وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی دارایی و بانکی خوێندنەوەتان بۆ گرینگیی هەژماری من چییە؟**

- هەژماری من بابەتێکی تەواو دەستووری و یاساییە، بەو پێیەی لە دەستووری عێراقدا لە هەرسێ ماددەی ١٠٥ و ١٠٦ و ١٢٢ ئەو مافەی بە هەرێمی کوردستان داوە لە بەکاربردن و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی بە باشترین شێوە، لە دەستووری عێراقدا زامنی پاراستنی مافی هەرێمەکان و پارێزگاکان کراوە بۆ بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جۆراوجۆرەکاندا، بۆ نموونە لە ماددەی ١٠٦ی دەستووردا هاتووە بە یاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دادەمەزرێت و لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەدا بە ڕوونی دەڵێت: «دڵنیابوون لە بەکاربردن و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی بە باشترین شێوە»، لە ماددەی ١٢٢ لە بڕگەی دووەمیشدا ئاماژەی بەوە داوە: «دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و دارایی فراوان بە هەرێم و پارێزگاکان دەدرێت، بە جۆرێك بتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن، بە گوێرەی بنەمای لامەرکەزیەتی ئیداریی»، کەواتە هەرێمی کوردستان ئەو مافە دەستووری و یاساییەی هەیە بۆ دیاریکردن و بەڕێوەبردنی دەرامەتە دارایی و ئابووری و سیاسییەکانی خۆی. لەلایەکی دیکەوە هەژماری من لە ئەنجومەنی وەزیران بە تێکڕای دەنگی تیمی وەزاریی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، هیچ کەس و لایەنێکیش کێشەی لەسەر نەبوو، تا ئەو کاتەی حزبە کوردستانییەکان ئەم بابەتە خزمەتگوزارییە بانکییەیان خستە ناو چوارچێوەی ململانێی ناعەقڵانی و ناتەندروستیی خۆیان بۆ دژایەتیکردنی سەرۆکی حکومەت و کابینەی نۆیەم، بێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرژەوەندیی چین و توێژەکانی مووچەخۆران و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانیی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا مەسرور بارزانی سەرکردەیەکی بوێر و شارەزایە و بە دەیان دەستکەوتی بۆ گەلەکەی لەو ماوە کورتەدا خولقاندووە، بەمەش هەژماری من جگە

**لە ماددەی ١٠٦ی دەستووردا هاتووە بە یاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دادەمەزرێت**

**هەژماری من لە ئەنجومەنی وەزیران بە تێکڕای دەنگی تیمی وەزاریی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە**

**مەسرور بارزانی سەرکردەیەکی بوێر و شارەزایە و بە دەیان دەستکەوتی بۆ گەلەکەی لەو ماوە کورتەدا خولقاندووە**

**هەژماری من بۆ پرسی شەفافییەت و بنبڕکردنی گەندەڵی و ڕۆشنبیری دارایی و پێشکەشکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی بانکی و نەختینەیی و چاکسازیی دارایی پێویستە**

**بابەتی دژایەتیکردنی هەژماری من و ئیدعاکردن لەلایەن هەندێک کەس و لایەنی سیاسییەوە جۆرێکە لە تێکەڵبوون لە ململانێی ناتەندروستی حزبایەتییەوە**

**هەر ئابووریناس و ڕۆشنبیر و کەسایەتییەک پێی وابێت بابەتی تەوتین باشترە لە هەژماری من، ئەوا نەک تەنیا دەکەوێتە هەڵەیەکی زانستی و مەعریفییەوە، بەڵکو دەکەوێتە ناو ئەجندە و ویست و بەرژەوەندیی نەیارانی کوردیشەوە**

لەوەی لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە هیچ کێشەیەکی لەسەر نییە، هاوکات وەرچەرخانێکی لە دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییە دارایی و بانکییەکاندا بۆ فەرمانبەران و لە قۆناغی داهاتوودا کەرتی تایبەتیش لەخۆ دەگرێت و، زیاتر لە ١٣ خزمەتگوزاریی دیکە لە ڕێگەی ئەم هەژمارەوە پێشکەش دەکرێن. ئەم پڕۆژەیە دەستپێشخەرییەکە بۆ فەرمانبەران کە زیاتر لە ٧٠٠ هەزار فەرمانبەر ناوی خۆیان تۆمار کردووە و بە فیعلی زیاد لە دوو سەد هەزار فەرمانبەر مووچەکانیان لە ڕێگەی «هەژماری من»ـەوە وەردەگرن، بەمەش هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیای دەرەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێی دەربازبوون لە مامەڵەی کۆن و تەقلیدیی بانکی، ئەمە وێڕای ئەوەی هەژماری من بۆ پرسی شەفافییەت و بنبڕکردنی گەندەڵی و ڕۆشنبیریی دارایی و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی بانکی و نەختینەیی و چاکسازیی دارایی پێویستە، هەروەها هەنگاوێکی پێشکەوتوانەیە بەرەو کەرتێکی گشتیی کارا و تەکنەلۆژیایەکی کاراتر. من پێم وایە بابەتی دژایەتیکردنی هەژماری من و ئیدعاکردن لەلایەن هەندێك کەس و لایەنی سیاسییەوە جۆرێکە لە تێکەڵبوون لە ململانێی ناتەندروستی حزبایەتییەوە. من لە مالیزیا خوێندوومە و ئاشنایەتیم بە ئەزموونە پێشکەوتووەکانی ئەو وڵاتانە هەیە. لەوێ هەرگیز ئابووریناس و شارەزایەکی بانکی و نەختینەیی دژایەتیی هەنگاوێکی نیشتمانی و بابەتێکی وا ناکەن کە لە بەرژەوەندیی مووچەخۆرانی دەوڵەت و پێشخستنی کەرتی بانکیدا ئەنجام درابێت، هەر ئابووریناس و ڕۆشنبیر و کەسایەتییەك پێی وابێت بابەتی تەوتین باشترە لە هەژماری من، ئەوا نەك تەنیا دەکەوێتە هەڵەیەکی زانستی و مەعریفییەوە، بەڵکو دەکەوێتە ناو ئەجندە و ویست و بەرژەوەندیی نەیارانی کوردیشەوە، چونکە تەسلیمکردنی بوارێکی نەختینەیی وەکو مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بۆ لایەنە سیاسییەکانی بەغدا مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و تەسلیمبوون بە واقیعێکە کە بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندیی فەرمانبەرانیشدا نییە. خۆ گەر کەسانێك فەرمانبەران بەوە فریو بدەن، گوایە ڕۆژێك لە ڕۆژان مووچەکان دوا ناکەوێت و نافەوتێ، ئەوا هەڵەن لەمەدا، چونکە مێژوو پێمان دەڵێت بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کوردەکان فشار و گەمارۆی ئابووری و داهاتیان لەسەر بووە، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بە ڕوونی و ئاشکرایی جەنگی ئابووری و گەمارۆدان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبینین، بۆیە ئەو کاتە بە تەوتین ئاسانتر هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵ دەکەن، لە هیچ وڵاتێکدا نەبووە مووچەخۆر کار بۆ حکومەتێك بکات و حکومەتێکی دیکە کۆنترۆڵی مووچەکەی بکات، ناکرێت دوای ئەو هەموو قوربانی و کۆمەڵکوژی و تەعریب و تەرحیل و ئەنفال و زیندانی سیاسی و کوشتن و بڕینە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەژێر چنگی نەیار و دوژمن بێت. ئێ باشە خۆ زۆرینەی هەرە زۆری مووچەخۆرانی هەرێم ئامادە نین هاتووچۆی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بکەن، ئیتر چۆن خۆمان ببەستینەوە بە ئەگەری هاتن و نەهاتنی مووچە لە بەغداوە؟ پێم سەیرە کەسانێك لەم هەرێمە بەرگری لە تەوتین دەکەن و دژایەتی هەژماری من دەکەن کە ئامادە نین لە بەغدا بژین، یان هاتووچۆی ئەوێ بکەن لەبەر مەسەلەی تیرۆر و کوشتن و ڕفاندن و تەنانەت فشاری شۆڤێنییەکان دژ بە کورد.

*** تا چەند ئەو بانکانەی لە «هەژماری من» بەشدارن لە ڕووی یاسایی و ناوی بانکییەوە متمانەی تەواویان پێ دەکرێت؟**

- هەموو ئەو بانکانەی لە هەژماری مندا بەشدارن، بانکی متمانەپێکراون و ناوبانگیان زۆرە و خاوەنی سەرمایەی گەورەن، تەنانەت لە لایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنیان دراوە، بۆیە ئەم پرۆسەیە و هەرچی بانکەکانی بەشداربووی ناو هەژماری منیش هەیە، بانکی باوەڕپێکراو و بەناوبانگن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

*** تاچەند کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستی بە وەرچەرخانێك هەیە لە بواری تەکنەلۆژیا و کاری ڕاستەقینەی**

**بانکی؟ ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی بانکەکان بە ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان هەڵسن؟**

- کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش بە کاری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵنەستاون، نەتوانراوە لە زۆرینەی بانکەکان ڕوو لە تەکنەلۆژیا و کارتی بانکی بکرێت. لە وڵاتی مالیزیا لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنێکەوە لە هەر شوێنێك و ریستورانتێك بیت، بە یەك بارکۆد پارەی خۆت دەدەیت، لە وڵاتی چین لە ڕێگەی ئەلی پەی نەك تەنیا بە مۆبایل، بەڵکو لە ڕێگەی پەنجە مۆر و بگرە نیشاندانی دەموچاوت و لە ڕێگەی وێنەی چاووە ڕاستەوخۆ پارەکە وەردەگیرێت و کاروبار و مامەڵەکەت بەڕێ دەکرێت، بۆیە گواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە کەرتی بانکیدا پێداویستییەکی سەردەمییانەیە و لە شێوازی تەقلیدی دەربازمان دەکات. ئێمە پێویستیمان بە دامەزراوەیەك هەیە چاودێری و بەدواداچوونی کاروباری بانکەکان بکات و زانیاری و داتایان بداتێ و بەرەوپێشەوەیان ببات و مامەڵە و کاروباری مامەڵەکارانی بانك و بانکەکە ئاڵوگۆڕ بکات و ڕێنماییان بکات، ئەمە وێڕای کردنەوەی خولی پێگەیاندن بۆ کارمەند و کادیرانی بانکی.

*** پێت وانییە ڕۆڵی بانکی ناوەندییش لاوازە، تەنانەت هاوکارییەکانی بانکی فیدراڵیی ئەمریکی و دانانی سەکۆی ئەلیکترۆنی و سەکۆی بەیانات بۆ فرۆشتنی دۆلار نەیتوانیوە سەقامگیریی بەهای دینار ڕابگرێت؟**

- هەرچەندە بانکی ناوەندیی عێراق وا پێویست بوو سەرپەرشتی و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی سیستمی دارایی و نەختینەیی بکردایە و ڕۆڵەکەی زۆر لەوە بەهێزتر بووایە، کەچی نەك هەر نەیتوانیوە بە ڕۆڵی پاراستنی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلار هەڵسێت، بگرە بانکەکە ڕووی لە مەرکەزییەتێکی توند کردووە و نوێنەری کورد لەو بانکەدا نییە، بانکێکە نغرۆی گەندەڵی و ناشەفافییەت بووە، ئەم بانکە نەیتوانیوە ڕێگە لە خراپیی کەرتی بانکی و بەکارهێنانیان بۆ ئاودیوکردنی پارە و گەندەڵی بگرێت، بەڵکو خۆیشی تێوەگلاوە لە گەندەڵیدا، ڕاستە یەدەگی دراوی بیانی و سەبیکەی زێڕ لەم بانکەدا زیادی کردووە، بەڵام لەگەڵ هاوکاری و پاڵپشتیی بانکی فیدراڵیی ئەمریکاشدا بانکەکە نەیتوانیوە بواری وەبەرهێنان و پیشەسازی لە وڵاتدا بەهێز بکا.

*** لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش خاوەنی سیستمێکی دارایی و نەختینەیی ڕێکوپێك نین و پشتمان بە ئابوورییەکی تاکە سەرچاوەی داهاتی فرۆشتنی نەوتی بەستووە، بانکەکانیش ئەمە حاڵیان بێت، تاچەند لە ئەگەری دروستبوونی قەیرانە جەرگبڕەکان نزیکین؟**

- ڕێژەی ٩٣٪ی داهاتی عێراق لە فرۆشتنی نەوتەوەیە و تەنیا ٧٪ی لە کەرتەکانی دیکەوە دێت، ئەمە نەك تەنیا کەموکورتی و هەڵەیەکی کوشندەی ئابووری و داراییە، بەڵکو جێگەی مەترسییەکی گەورەیە و لە قەیرانەکان نزیکمان دەکاتەوە. بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی یاسایەکی بەهێزدا و بە شەفافییەت دوور لە دەستتێوەردانی سیاسی و میلیشیاکان، ستراتیژییەتێکی نیشتمانیمان هەبێت بۆ هەڵسانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و چاودێرییەکی بەهێز و چاکسازییەکی گشتگیری بانکی. ئێمە لە هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستیمان بە دامەزراوەی بەهێز هەیە کە لە ڕوانگەی زانستی و زانیاری و تەکنەلۆژیاوە هەڵسەنگاندن بۆ بانکەکان بکات، هەموو ئەمانەش کە ڕۆڵیان لە شەفافییەت و بنبڕکردنی گەندەڵی و گەیاندنی زانیارییەکاندا هەیە، کە بەدیجیتاڵکردنی بانکی و هەبوونی سیاسەتێکی شەفاف و تەرخانکردنی بوودجە بۆ ئەم بوارە دروست دەکرێت. گرفتی عێراق ئەوەیە هەموو شتێکی لە ناوەند و دەستی خۆیدا کۆ کردووەتەوە، کەچی خۆیشی لە ناو گێژاوی کۆمەڵێك کێشە و گرفتی قووڵدایە، سیاسەتی مەرکەزیی بانکی بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و ڕێنمایی و هاوکاری و پاڵپشتیی هەرێم و پارێزگاکان نەبێت، زیانی گەورە نەك تەنیا بە هەرێم، بەڵکو بە خودی عێراقیش دەگەیەنێت، بۆیە دەبێت بانکی ناوەندی هاوکار و پاڵپشتی بەرەوپێشچوونی کەرتی بانکی و نەختینەیی بە شێوەیەك بکات، کە هاوشێوەی ئەزموونە پێشکەوتووەکانی دنیا بەرەو بەدیجیتاڵکردنی بانکی و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان و قەرزی وەبەرهێنان بڕوات.

**تەسلیمکردنی بوارێکی نەختینەیی وەکو مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بۆ لایەنە سیاسییەکانی بەغدا مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و تەسلیمبوون بە واقیعێکە کە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی فەرمانبەرانیشدا نییە**

**بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کوردەکان فشار و گەمارۆی ئابووری و داهاتیان لەسەر بووە، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بە ڕوونی و ئاشکرایی جەنگی ئابووری و گەمارۆدان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبینین**

**زۆرینەی هەرە زۆری مووچەخۆرانی هەرێم ئامادە نین هاتووچۆی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بکەن، ئیتر چۆن خۆمان ببەستینەوە بە ئەگەری هاتن و نەهاتنی مووچە لە بەغداوە؟**

**هەموو ئەو بانکانەی لە هەژماری مندا بەشدارن، متمانە پێکراون و ناوبانگیان زۆرە و خاوەنی سەرمایەی گەورەن**

# جیهانی دەوڵەمەند و دوو ستانداردی لە گۆڕانی کەشوهەوادا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

لە نوێترین کۆبوونەوەی وەزیرانی ژینگەی وڵاتانی گرووپی حەوت، کە بریتین لە»ئەمریکا، کەنەدا، ژاپۆن، ئیتاڵیا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا» کە لە وڵاتی ئیتاڵیا ئەنجام درا لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ مانگی نیسانی ئەمساڵ ٢٠٢٤، بڕیاریان دا بەردەوام بن لە بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین هەتا ساڵی ٢٠٣٥، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەمووان دەزانن خەڵووزی بەردین پیسترین جۆری سووتەمەنییە و، وڵاتانی «گرووپی٧» یش پێکەوە ٣٨٪ی ئابووریی جیهان پێك دەهێنن و، بەپێی داتاکانی ساڵی ٢٠٢١ی پەیمانگەی شیکردنەوەی کەشوهەوا بەرپرسیاریشن لە دەردانی ٢١٪ی گازە گەرمکەرەکان.

شایانی بیرهێنانەوەیە ئەمە مانای وایە وڵاتانی «گرووپی٧» لە ئێستاوە هەتا دە ساڵی دیکەش نایانەوێت دەستبەرداری بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین ببن، چونکە وەك خۆیان ئاماژەیان بۆ کردووە، هەتا ئەم ساتە «ژاپۆن ٣٣٪، ئەڵمانیا ٢٧٪، ئەمریکا ١٦٪ وزەی کارەبا بە خەڵووزی بەردین بەرهەم دەهێنن.

بۆیە «سایمۆن ستیل»ی سکرتێری جێبەجێکاری ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا لە کۆبوونەوەکەیاندا گوتی: «گاڵتەجاڕییەکی تەواوە گەر بگوترێت وڵاتانی گرووپی٧ ناتوانێت یان نایێت هەنگاو بنێت بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێکارانەی دەبنە هۆی ڕاگرتنی بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین».

چارەسەر لە کوێدایە؟

لەپێناوی گەیشتن بە چارەسەر، پێویستمان بە دەستنیشانکردنێکی زانستی و فەرەلایەن هەیە، بۆ نموونە: گەرمبوونی بەرگەهەوای زەوی زۆر هۆکاری هەیە، بەشێکیان بریتین لە گازەکانی میسان و دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدی نیترۆز و. هتد، ئەم گازانەش سەرچاوەیان زۆرە، وەك چالاکییە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان و بەخێوکردنی ئاژەڵ و چالاکییەکانی نێوماڵان، بۆیە کاتێك تەنیا تیشك دەخرێتە سەر یەك سێکتەر، وەك نەوت و غاز، ئەمە دەبێتە مایەی گومان و پرسیارکردن لە نییەتی ڕاستەقینەی وڵاتانی زلهێزدا.

بۆیە هەست دەکرێت جۆرێك لە دەبڵ ستانداردیی و پێوان بە دوو جۆر پێوەر لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا لەئارادایە، کاتێك وڵاتانی زلهێز داوا لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەکەن بۆ ڕووکردنە سەرچاوەی وزەی خاوێن، کەچی



هەر خۆشیان داوا لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەکەن بۆ زیادکردنی بەرهەم و دابەزاندنی نرخ بۆ برەودان بە پیشەسازییەکانی خۆیان، هەر ئەمەشە هانی شارەزایەکی وەك «بیۆرن لۆمبۆرگ» سەرۆکی سەنتەری «کۆڕای کۆبنهاگن»ی داوە کە ئاماژە بەم ڕاستییانە بکات لە چەندین کتێبیدا، وەك کتێبی «زەنگی ساختە چۆن ترساندن بە گۆڕانی کەشوهەوا تریلیۆنێك دۆلار لەسەرمان دەوەستێت و زیان بە هەزاران دەگەیەنێت شکستیش دەهێنێت لە چاککردنی هەسارەکە و، هەروەها کتێبی «ساردی بکەرەوە»و، کتێبی «ژینگەپارێزی گوماناوی» بۆیە پێویستە شاندی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە داواکارییەکانی پێشوویان دووبارە بکەنەوە وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

١ - بیرخستنەوەی وڵاتانی خاوەن زۆرترین دەرهاویشتەی گازە گەرمکارەکان بەوەی کە:

أ-ڕاستە بەرپرسیارێتی لە بواری گۆڕانی کەشوهەوادا هاوبەشە، بەڵام دەبێت بە ڕێژەی جیاواز بێت.

ب- عێراق ساڵانێك لەبری جیهان شەڕی تیرۆریستانی داعشی کردووە و زیانی زیاتری بەرکەوتووە.

ج- عێراق بە ڕێژەی لەسەدا یەك ڕۆڵی لە دەرهاویشتەکاندا هەیە، کەچی پێنجەمین وڵاتی زیانلێکەوتووە لەسەر ئاستی جیهان.

د- عێراق پێویستیی زۆری بە یارمەتیدانی دارایی لە سندوقە تەرخانکراوەکان بۆ کەشوهەوا هەیە.

ه- ڕێککەوتننامەی پاریس باسی لە کەمکردنەوە کردووە لە گشت کەرتەکاندا، نەك لە تەنیا یەك کەرتی دیارکراودا.

و- ناوەڕۆك و ڕۆحی ڕێککەوتننامەی پاریس بریتییە لە: کەمکردنەوە – تخفیف، خۆگونجاندن – تکیف، «فرەچەشنکردن – تنویع».

میکانیزمەکانیشی بریتین لە: هۆشیارکردنەوە، پارەدارکردن، ڕاهێنان.

٢- بەردەوامبوون لەسەر دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و غاز لە عێراق بە ڕەچاوکردنی:

أ-سوود وەرگرتن لە غازی هاوەڵ بەمەبەستی کەمکردنەوەی غازی میسان.

ب- بەکارهێنانی میکانیزمی گلدانەوەی کاربۆن لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتدا.

ج- بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانی کە بۆ ماوەی دە ساڵ ئامادە کراوە.

**ماموٚستا مەلا سدقی عەبدولعەزیز**
پێشنوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی ئەڤریکی مەزن لە دهۆک بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانی دامەزراند، ئەوەش مێژوویەکی پرشنگداری گەلی کوردستانە

**ئایینی ئیسلام ئایینی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانە و ئەوانەی دەیانەوێت ئیسلام بە شێوەیەکی دیکە نیشان بدەن، لەژێر بیر و هزر و دەستێکی دەرەکین**

لەدوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبووڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین و چەندین ڕێکخستنی دیکە لەسەر هزری ئیسلامی دروست بوون کە لەلای ئەوانەوە ئیسلام کراوەتە «عیبادات و سیاسەت»، بۆیە دەپرسین: ئایا ئەم دابەشکردنە مەترسیدار نییە، بەتایەتی کە هەندێ گرووپ و لایەنی ئیسلامی لە کوردستان هەن، کە خاك و نیشتمان و بەها پیرۆزەکانی وەکو ئاڵا و سروودی نیشتمانی لایان پیرۆز نییە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە و چەندین پرسیاری دیکە گۆڤاری گوڵان ئەو دیمانەیەی لەگەڵ ماموٚستا مەلا سدقی عەبدولعەزیز وتارخوێن و پێشنوێژ لە مزگەوتی ئەڤریکی مەزن لە شاری دهۆك ئەنجام دا.



*** لەدوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین و چەندین ڕێکخستنی دیکە لەسەر هزری ئیسلامی دروست بوون، کە لەلای ئەوانەوە ئیسلام کراوەتە «عیبادات و سیاسەت»، ئایا دەکرێت ئایینی ئیسلام دابەشی سەر عیبادات و سیاسەت بکرێت؟**

- من نازانم، ئەو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە بە چ پێوەرێك و جورئەتێك ئەو هەقە بە خۆیان دەدەن، کە ئایینی ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی حزبی و کەسیی خۆیان بەکار بێنن و دابەشی سەر سیاسەت و عیباداتی بکەن، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لایەنی سەرەکی و بنەمای هەقیقەتەکەی عیبادەتی خوای گەورەیە، هاوکات بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە لەسەر بنەمای ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان، لەلایەکی دیکەوە ئەو دابەشکردنە و بەکارهێنانی ئیسلام وەکو سیاسەت بۆ بەرژەوەندیی کەسی و گرووپی جۆراوجۆر، ئەوە دروستکردنی شەریکە بۆ خوای گەورە، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی گوناهە گەورەکان و مرۆڤ پێی کافر دەبێت. لەلایەکی دیکەوە عیبادات لە لای مرۆڤەکان و موسڵمانان تەنیا بۆ خوای گەورەیە بەس و عیباداتیش لە لای بەندەکان دڵسۆزی و پاکی و بەردەوامی لە کار و کردەوەی باشی دەوێت بەرانبەر خوای گەورە، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: «وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ»، نەك وەکو دەبینین کە ئەو گرووپ و حزبە ئیسلامییە سیاسییانەی کە لە هەموو وڵات و شوێنێك لە چوارچێوەی خواپەرستی و دڵسۆزی و بنەماکانی سەرەکیی ئایینی ئیسلام دەردەچن و ئەو ئایینە پیرۆز و پاکەی ئیسلام بۆ مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان و گەیشتن بە

**بەکارهێنانی ئیسلام وەکو سیاسەت بۆ بەرژەوەندیی کەسی و گرووپی جۆراوجۆر، ئەوە دروستکردنی شەریکە بۆ خوای گەورە، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی گوناهە گەورەکان و مرۆڤ پێی کافر دەبێت**

**عیبادەت وازهێنانە لە کۆت و زنجیر و بارقورسی و عیبادەت ڕزگارکردنی مرۆڤە لە هەموو ناخۆشی و بەربەستەکان**

**خۆشەویستیی خاک و نیشتمان و نەتەوە و ئەو کەسانەی لەو وڵاتە دەژین، لە ئایینی ئیسلامدا ئەرکە لەسەر مرۆڤەکان**

**ئەوانەی پەلاماری وڵات و خاکێکی دیکە بدەن، لەو کاتەی دەکوژرێن، لەبەر ئەوەی ناهەقییان کردووە، دەچنە ناو دۆزەخەوە، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە پارێزگاری و بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆیان دەکەن، کە بکوژرێن، شەهیدن**

دەسەڵات بەکار دەهێنن. بۆیە نابێت ئایینی ئیسلام وەکو ئەو گرووپە ئیسلامی سیاسییانە دەیکەن، دابەشی سەر سیاسەت و عیبادات بکرێت، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا ئاماژە بە عیبادەت دەکات و لە یەکێك لەو ئایەتانە دەفەرموێت: «اعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا». ئەو کەسەی کە عیبادەتی خوای دەکات، ئەوا عیبادەت وازهێنانە لە کۆت و زنجیر و بارقورسی و عیبادەت ڕزگارکردنی مرۆڤە لە هەموو ناخۆشی و بەربەستەکان، هەروەها دابەشکردنی ئایینی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت وەکو ئاماژەمان پێدا کە لە لایەن گرووپ و حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە دەکرێت، ئەوە گومان لە لایەن تاك و کەسەکان دروست دەکات بەرانبەر بەو ئایینە پیرۆزە. لەو کاتەوە ئەو گرووپ و حزبە ئیسلامییە سیاسییانە پەیدا بوون، دەبینین ئێمە وەکو کورد گەیشتووینەتە چ بارودۆخێك کە بە ماڵکاولی و قوڕبەسەری دەژین، چونکە تەفرەقە و جیاکارییەکی زۆریان دروست کردووە. لە کاتێکدا کە لە ئایینی ئیسلام یەك قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (د.خ) هەیە و هیچی دیکەمان نییە، هەر بۆیە ئەو لایەنە ئیسلامییانە ئەگەر دەڵێن ئیسلامین، با هەر خۆیان لەگەڵ یەکتر موتەفیق بن، نەك ئەو هەموو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییەیان دامەزراندووە.

*** ئەوە دەرکەوتووە کە هەندێ لە شوێنکەوتووانی ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادەن و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لە کوردستانیش هەندێ جار ئەوە دەبینین. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟ ئایا ئەوە لە ئیسلامدا هەیە، یان ئایینی پیرۆزی ئیسلام خاك و بەرگریکردن لە نیشتمان بە ئەرك و واجب دەزانێت؟**

- لە ناو دینی ئیسلامدا بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان زۆر پیرۆزە، هاوکات خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و نەتەوە و ئەو کەسانەی لەو وڵاتە دەژین، لە ئایینی ئیسلامدا ئەرکە لەسەر مرۆڤەکان. پێغەمبەرمان (د.خ) لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: «مَنْ قُتِلَ دُونَ مالِهِ فهوَ شَهيدٌ . ومَنْ قُتِلَ دُونَ دِينِه فهوَ شَهيدٌ . ومَنْ قُتِلَ دُونَ دَمِهِ فهوَ شَهيدٌ ، ومَنْ قُتِلَ دُونَ أهلِهِ فهوَ شَهيدٌ»، بەڵام ئەو گرووپ و ئیسلامی سیاسییانەی لە وڵاتی ئێمە دروست بوون، بە پاڵپشتیی دەستێکی دەرەکی ئەوە بیر و هزرانە بڵاو دەکەنەوە کە بە تەواوی پێچەوانەی ئایینی ئیسلامن و دەتوانین بڵێین ئەوانە جگە لەوەی لە ئایینەکە بێ ئاگان و شارەزایی تەواویان نییە، بەو کار و کردەوانەشیان لە ئیسلام بێبەرین و مەبەستی سەرەکییشیان نانەوەی دووبەرەکییە لە کۆمەڵگەدا. بۆیە دەپرسین: ئەگەر خاك و نیشتمان نەبێت، بەندەکان لە کوێ بەندایەتی بۆ خوای گەورەیان بە ئەنجام بگەیەنن. ئەوانەی پەلاماری وڵات و خاکێکی دیکە بدەن، لەو کاتەی دەکوژرێن، لەبەر ئەوەی ناهەقییان کردووە، دەچنە ناو دۆزەخەوە، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە پارێزگاری و بەرگری لە خاك و نیشتمانی خۆیان دەکەن، کە بکوژرێن، شەهیدن، هەر بۆیە لەسەر هەموومان پێویستە خاك و نیشتمانی خۆمان خۆش بوێت و بەرگری لێ بکەین و پیرۆزییەکانیشمان وەکو ئاڵا و سروودی نیشتمانی و...تاد، ڕێزیان لێ بگرێن.

*** ئایا ئایینی ئیسلام بۆ ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانە، یان بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی؟ ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئەگەر بە مێژووی ئیسلامدا بڕۆین و لاپەڕەی ئەو مێژووە و کارەکانی پێغەمبەر (د.خ) هەڵبدەینەوە، ئەوا یەکێك لەو لاپەڕانەی بخەینەڕوو، ئەوەیە کە لەو کاتەی پێغەمبەر کۆچی بۆ مەدینە کرد، یەکەم جار مزگەوتی دروست کرد، لە پاشان مواخاتی دروست کرد و بە ئەنساری و ئەوانی دیکەشی وت، وەرن ئێوە ببنە برای یەکتر، سێیەم کار کە پێغەمبەر (د.خ) کردی، ئەوە بوو دەستوورێکی دانا، کە لە (٥٢) بەند پێکهاتبوو. لەو (٥٢) بەندە، (٢٥) بەندی تایبەت بوو بە موسڵمانان و ئەوانی دیکەی تایبەت بوو بە پەیوەندیی نێوان جوولەکە و موسڵمانەکان، بەندەکانیش بریتی بوون لەسەر کار و کەسابەت و ژیانی ڕۆژانەیان و پێکەوەژیان و چۆنیەتیی تەعامولکردن لەگەڵ

یەکتر و لێبووردەیی و ئاشتەوایی و...تاد. هەر بۆیە دەبینین ئایینی ئیسلام تاکە ئایینە بەرقەراریی ئاشتی و پێکەوەژیانی هێناوەتە کایە لە مێژوودا و لە ئیسلامدا مافی هەموو تاکێك پارێزراوە و دوورە لە توندوتیژی و ڕێزی لە هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان گرتووە. پێغەمبەر (د.خ) لەکاتی خۆی پێویستی بە قەرز دەبێت، دەچێت ئەو قەڵغانەی هەیبوو بە بارمەتە لەلای کەسێکی یەهوودی دایدەنێت و بڕێك پارەی لێوەردەگرێت، ئەوا لە کاتێکدا کە ئیمامی ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان (ر.خ) دەوڵەمەند بوون، لەوانی قەرز وەرنەگرت، بەڵکو لە کابرایەکی یەهوودی وەریگرت، ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووی پێکەوەژیان و ئاشتی و برایەتی بوو لەلای پێغەمبەری خۆشەویست و ئەو کارەی پێغەمبەر وانەیەکیش بوو بۆ کۆمەڵگەی ئەو کات و بۆ ئێستاکەش، بەڵام ئەو کەس و گرووپ و لایەنانەی ئایینی ئیسلام وانیشان دەدەن، کە توندوتیژە و بۆ تۆڵەسەندنەوەیە، لە واقیعەکەی زۆر دوور دەکەونەوە و، دەتوانین بڵێین ئەوانە ئیسلام دەشێوێنن و دەیانەوێت لەبەر چاوی دنیا بە ڕەشی بیبیندرێت.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە و هەیە، سەرەڕای هەموو ئەوانە بۆچی هەندێ کەس و گرووپ ئەم مێژووە فەرامۆش دەکەن و دەیانەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکەنەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- ئەمەش هەر بەوە بەراورد دەکەم، کە چۆن لە کاتی خۆی یەهوودییەکان پێغەمبەری ئیسلامیان خۆش نەویستووە و حەسوودییان پێی بردووە، چونکە زانیویانە ئەوە پێغەمبەرە و نێردراوی خوای گەورەیە لەسەر زەوی و ئەوەی ئێستاکەش لە کوردستان دەگوزەرێت، تەنیا بریتییە لە دەستێکی دەرەکی و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و هزرێکی توندڕۆی و دوور لە ئیسلامی هەقیقی، چونکە کورد گەلێکی موسڵمانی زۆر پاك و دیندارە و خاوەنی زانا و شارەزای بلیمەتی شەریعەتی ئیسلامییە و بە درێژایی مێژووی ئیسلام کورد نەتەوەیەکی لێبووردە و ئاشتیخواز و سەلامەت بووە و ئایینەکەی زۆر بە جوانی و بێگەردی وەرگرتووە. لە هەموو شوێنێك و لە گوندێك ئەگەر تەنیا ماڵێکیشی لێ بووە، مزگەوت و پیاوی ئایینی ئیسلامی هەبووە. لە مێژووی ئیسلامدا چەندان کەسی قارەمانی وەکو سەلاحەددینی ئەیووبیمان هەبووە. لە هەموو شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و کوردستان، سەرکردە و پێشەواکانی مەلا و زانا و پیاوی ئایینی ئیسلام بوون. کورد لە هەموو گەلانی ئیسلامی زیاتر پابەندی ئیسلام و مێژووەکەیەتی و بەڵگەشمان بۆ ئەو کارانە زۆرە. مەلا مستەفای نەمر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەناو شۆڕشدا یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانی دامەزراند و زۆر پابەندی دین بوو، ڕێزی بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی پیاوانی ئایینی ئیسلام و زانایان هەبووە، کە ئەمەش مێژوویەکی پرشنگداری گەلی کوردستانە لەسەر دەستی جەنابی مەلا مستەفای نەمر.

*** خاڵێکی زۆر گرینگ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام فتوادانە، ئایا لە ئیسلامدا دەبێت کێ و چۆن فتوا بدرێت؟**

- فتوا دوو مەرجی سەرەکی هەیە، یەکەمیان دادپەروەرییە و دووەمیان ئیجتهادە. ئەگەر ئەمرۆ (ناسخ و مەنسووخ)مان لێك جیا نەکردەوە و فتوایەکمان دا و نەمانزانی لە پاشان چ ئاژاوەیەك دروست دەبێت، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە شارەزایی و پسپۆریی تەواومان لەسەر هەموو لایەنەکانی شەریعەتی ئیسلام نەبێت. مەبەستی سەرەکی لەو جۆرە فتوایانە بۆ نانەوەی خراپە و ئاژاوەیە لە ناو کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە ناکرێت هیچ کەس و لایەن و گرووپ و حزبێکی ئیسلامی لە لای خۆیانەوە لێژنەی فتوایان هەبێت و، بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان و مەرامەکانیان فتوا بدەن، چونکە ئەو جۆرە فتوادانانە هۆکارێکی زۆر مەترسیدارە بۆ گێرەشێوێنی و نانەوەی ئاشووب لەناو کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە دەبێت ئەو کەسە فتوا بدات کە پلەکەی گەیشتووەتە ئاستی موفتی و ئەو موفتییەش دەبێت لەناو لێژنەیەکی باڵای زانایانی ئیسلامدا بێت، وەکو ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجومەنێکی باڵای فتوا دانراوە.

**ئایینی ئیسلام تاکە ئایینە بەرقەراریی ئاشتی و پێکەوەژیانی هێناوەتە کایە لە مێژوودا و لە ئیسلامدا مافی هەموو تاکێک پارێزراوە و دوورە لە توندوتیژی و ڕێزی لە هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان گرتووە**

**بە درێژایی مێژووی ئیسلام کورد نەتەوەیەکی لێبووردە و ئاشتیخواز و سەلامەت بووە و ئایینەکەی زۆر بە جوانی و بێگەردی وەرگرتووە**

**لە هەموو شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و کوردستان، سەرکردە و پێشەواکانی مەلا و زانا و پیاوی ئایینی ئیسلام بوون**

**ناکرێت هیچ کەس و لایەن و گرووپ و حزبێکی ئیسلامی لە لای خۆیانەوە لێژنەی فتوایان هەبێت و، بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان و مەرامەکانیان فتوا بدەن**



د. ئیبراهیم ڕەمەزان

پسپۆڕ لە بواری بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان:

# هەرێمی کوردستان لە وڵاتێکی ترانزێتی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە بووەتە وڵاتێکی بەکارهێنەر

**تادێت مەترسییەکانی ئالوودەبوونی مادده هۆشبەرەکان و بازرگانێتی پێوەی زیاتر دەبێت، ژمارە و داتاکان پێمان دەڵێن لە ناو گەنجان و بگرە خێزانەکانیشدا کوڕ و کچ و منداڵ لە شوێنە گشتییەکان و قوتابخانە و زانکۆکاندا، ئالوودەبوون زیاتر ڕووی لە هەڵکشان کردووە، گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ دکتۆر ئیبراهیم ڕەمەزان پسپۆر لە بواری بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان جەختیان لەسەر مەترسییەکانی ئالوودەبوون و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان کردەوە.**

*** هەرچەندە ماددەی هۆشبەر پرسێکی جیهانییە، بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بڵاوبوونەوە و ئالوودەبوون و بازرگانێتی بەم مادده ترسناکەوە زۆر زیادی کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا تاچەند تەشەنەکردنی ئەم ماددەیە زیانی بۆ گەنجان و خێزان و کۆمەڵگە و ئاسایشی نەتەوەییمان هەیە؟**

- ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و بازرگانێتی پێوەی، بووەتە یەکێك لە مەترسیدارترین پرسە جیهانییەکان، بە ڕادەیەك لە هەندێك وڵاتدا وا تەشەنەی کردووە دەستکەوتنی ئاسانە و بەکارهێنانی بووەتە دیاردە و لە هەندێك وڵاتی پێشکەوتووشدا بە یاسا ڕێگەی پێدراوە، بەهۆی جیهانگیری و کرانەوەی سنوورەکانەوە ئەم ماددەیە و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زۆر خێرا و سەرسوڕهێنەر زیادی کردووە، باس لەوە دەکرێت لەئێستادا بەکارهێنەرانی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ٥٠٠٠٠ بۆ ٧٠،٠٠٠ کەسدا بێت، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٩١ یەك کەسیش نەبووە، بێگومان ئەم ژمارەیە بۆ وڵاتێکی نزیکەی ٦ ملیۆن کەسی ژمارەیەکی بەرزە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ژمارەی زیندانیانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار ڕووی لە زیادبوون کردووە. تەنیا لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا ٤٣ گەورە بازرگانی مادده هۆشبەرەکان دەستگیر کراون، ئەم زیادبوونەی بەکارهێنان و ئالوودەبوون و بازرگانیکردن پێوەی، مەترسی بۆ سەر خێزان و کۆمەڵگە و ئاسایشی نەتەوەییشمان هەیە و مەترسییەکانی زۆر لە تیرۆر زیاترە.

*** هۆکاری ئەم تەشەنەکردن و زیادبوونەی ژمارەی ئالوودەبووان چییە، ئایا تاچەند لەلایەن دەزگاکانی نەهێشتنی تاوانی مادده هۆشبەرەکانەوە توانراوە کۆنترۆڵی ئەم تەشەنکردنە بکرێت؟**

- کۆمەڵێك هۆکاری نێوخۆیی و عێراقی و ئیقلیمی هەیە کە وای کردووە مادده هۆشبەرەکان لە کوردستان بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ڕوو لە زیادبوون بکات، لەوانە «کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەرەو وڵاتانی دەرەوە، تەشەنەکردنی مادده هۆشبەرەکان لە خوارووی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و واڵابوونی سنوورەکان، بوونی کۆمەڵێك باند و مافیای نێوخۆ، ئەوەتا لە سووریا و ئێران و لە شنگال و شارەکانی عێراق و سنوورە شاخاوییەکانەوە بە قاچاخ و لە دەروازە سنوورییەکانیشەوە ماددەی هۆشبەری جۆراوجۆر داخڵی هەرێمی کوردستان دەبێت و، تەنانەت ئەو کارگەیەی لە سلێمانی دەستی بەسەردا گیرا هەمان کارگە لە سووریاش هەیە، بە دەستهێنانی دەستکەوتێکی پارەی زۆر لە بازرگانێتی بەم ماددەیە و قاچاخیکردن پێوەی، نەبوونی هوشیاری، لاوازیی یاساکان لە سزادانی بازرگانەکانی مادده هۆشبەرەکان، هتد...»، بەمەش هەرێمی کوردستان لە وڵاتێکی ترانزێتی بازرگانێتیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە بووەتە وڵاتێکی بەکارهێنەر، ئەوەتا لە وڵاتانی ئەفریقاوە ماددەی هۆشبەر هێنراوەتە هەرێمی کوردستان .

*** باسی باند و مافیا و گرووپی گەورەت کرد کە بازرگانی بەم مادده هۆشبەرەوە دەکەن، ئایا تاچەند ئەمە ڕێگری دەکات لەوەی دەزگاکانی نێوخۆ نەتوانن ڕووبەڕووی ئەم مافیایانە ببنەوە؟**

- هەرشوێنێك شەڕ و مافیا و گرووپی جۆراوجۆری چەکداریی لێبوو، کە بەدەر لە یاسا کار دەکەن، ئەوا دڵنیابە بازرگانێتی و تەنانەت

**ماددەی هۆشبەر تێکەڵ بە تاوانی پلاندارێژراوی دیکەی مافیا و باند و چەتەی چەکداریش بووە**

**هەرشوێنێک مافیا و گرووپی جۆراوجۆری چەکداری لێ بوو بازرگانێتیی ماددەی هۆشبەر تێیدا ڕوو لە زیادبوون دەکات**

**کەسانی دەستڕۆشتوو لە ناو حزبەکاندا هەیە کە کاری بازرگانێتیی مادده هۆشبەرەکان دەکەن**

دروستکردنی ماددەی هۆشبەر ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەوەتا لە دەربەندیخان هێزە عێراقییەکان کارگەیەکی ماددە هۆشبەرەکانیان دۆزییەوە، لە سووریا و عێراقیش زۆر هێزی چەکدار هەیە کاریان ئەم بازرگانێتییەیە و گەنجەکانمان لەخشتەدەبەن و لە ناو شوێنە گشتییەکاندا بڵاوی دەکەنەوە، سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەع و خەمخۆرێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان لە تەنیشت گرنگیی حکومەت و پەرلەماندا ئاماژەی بە گرنگیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ماددە ترسناکە کرد و فەرمووی دەبێت بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و قاچاخچی و کارگەکان دەستی بەسەردابگیرێت و ئەم تاوانە مەترسیدارە کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە ئەگەر بێت و لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە و ئەمنی و کۆماندۆ و هەر هێزێکی دیکەدا داخلی ئەم بازرگانییە و قاچاخچێتیکردنە ببن ئەمە زۆر مەترسیدارە و کۆنترۆڵکردنی ئاستەم دەبێت، لەلایەکی دیکەوە پێشتر بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان ئەم ژەهرەیان لە ئاسیا و ئێرانەوە بۆ سووریا و لوبنان و ئەورووپا و وڵاتانی کەنداو دەنارد، لە ئێستادا لەبەر ئەوەی گەنجەکانمانیان تووش کرد ئەوەتا لە وڵاتانەوە چووەتە غانای ئەفریقیا و لە وێوە ناردوویانەتە هەرێمی کوردستان، بەداخەوە زۆر مەترسیدارە بازرگانیکردن بەم ماددەیە لەناو کەسانێکی دەستڕۆشتوودا بڵاو ببێتەوە، کە هێزی چەکدارن، بۆیە دەبێت بەجیددییەوە پلانێکی ستراتیژی بۆ بنبڕکردن و قەڵاچۆکردنی ئەم ماددەیە دەست پێ بکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵێك گرووپی چەکدار و میلیشیات و مافیای مەترسیدار تێکەڵ بەم بابەتە بوون و بازرگانەکانی ماددەی هۆشبەر تەنیا بازرگانێتی بەم ماددەیەوە ناکەن، بەڵکو بوونەتە گرووپی چەکداری و تیرۆرستی و کوشتن و تاوانی ڕفاندن و سپیکردنەوەی پارە و گەندەڵی و قاچاخچێتی بە چەك و بگرە کاری سیخوڕی و چەکداری بۆ ئەجێندەی دەرەکییش دژ بە هەرێمی کوردستان دەکەن. کارەساتە کوشندەکە و مەترسییەکەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر ئەوەیە تێکەڵ بە تاوانی نێودەوڵەتی و گرووپی چەکداری و مافیایی بووە، کە لە پاڵ ئەم بازرگانییەدا چەندین تاوانی دیکە ئەنجام دەدەن.

**باس لەوە دەکرێت لەئێستادا بەکارهێنەرانی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ٥٠٠٠٠ بۆ ٧٠،٠٠٠ کەسدا بێت، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٩١ یەک کەسیش نەبووە**

**لە دەربەندیخان هێزە عێراقییەکان کارگەیەکی ماددە هۆشبەرەکانیان دۆزییەوە، لە سووریا و عێراقیش زۆر هێزی چەکدار هەیە کاریان ئەم بازرگانێتییەیە و گەنجەکانمان لەخشتەدەبەن و لە ناو شوێنە گشتییەکاندا بڵاوی دەکەنەوە**

*** مەبەستت چییە کە دەبێت بەرنامە و پلانێکی ستراتیژی دابڕێژرێت بۆ بنبڕکردن و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوە و بازرگانیکردن بەم ماددەیەوە؟**

- کاتێك مەرجەعی کورد سەرۆك بارزانی حکومەت و لایەنە سیاسییەکان لە مەترسییەکانی ئەم ماددە ژەهراوییە ئاگادار دەکاتەوە، دەبێت لەسەر بەرزترین ئاست ڕاچڵەکانێك دروست ببێت و، لە ئێستاوە کار بۆ ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و بازرگانیکردن و ئالوودەبوونی دەست پێبکات، ئێمە نابێت تەنیا بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان دەستگیر بکەین و لەگەڵ تاوانبارانی بازرگانانیی ماددە هۆشبەرەکان لە زیندانەکاندا دابنرێن، من پێم باشە لەسەر ئەم چەند خاڵە ڕابووەستین:

١. هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان کە کەموکورتیی زۆری تێدایە.

٢. هەروەکو چۆن پێویستە یەك حکومەت و یەك پەرلەمان و یەك هێزی پێشمەرگە هەبێت، هەرواش یەك دامەزراوە هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قاچاخچی و بازرگانانەی ماددە هۆشبەرەکان، ئەو کەسەی بەم ئەرکە دەسپێردرێت دەبێت کەسێکی دەستدرۆشتووی ئەم وڵاتە بێت و خاوەن بڕیار بێت.

٣. کەسانی شارەزا و پسپۆر لە لێژنەکان و دامەزراوەکاندا دابنرێن.

٤. دامەزراندنی سێ سەنتەری چارەسەری و شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

٥. جێبەجێکردنی پەیمانە نێودەوڵەتییەکان و بەشداریکردن و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکان.

٦. توندکردن و چاودێریکردنی دەروازە سنوورییەکان و بگرە هەموو سنوورەکانمان، بۆ ڕێگریکردن لە ئاڵوێری بازرگانی بەم ماددەیەوە.

٧. سزا بەسەر بازرگانەکانی ماددە هۆشبەرەکان قورستر بکرێت.

٨. هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ گۆڕینەوەی زانیاریی هەواڵگری و دابینکردنی ئامێر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

٩. گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و خێرا بۆ هێرشکردنە سەر مافیا و ئەو گرووپانەی ئەم کارە نایاساییە ئەنجام دەدەن.

١٠. پێشکەشکردنی هاوکاری و پاڵپشتیی دارایی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کار لەسەر هوشیارکردنەوە و ڕۆشنبیریی گەنجان دەکەن، بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی و بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە.

١١. پێویستە حزبە سیاسییەکان میساقێك واژوو بکەن کە بە هەموو توانا مەعنەوی و ماددییەکانییانەوە ڕووبەڕووی ئەم بازرگانییە ببنەوە.

*** لە پێشنیارەکانتدا جەختت لەسەر حزبە کوردستانییەکان کردەوە، ئایا مەترسیی ئەوە هەیە لە ناو حزبە کوردستانییەکاندا کەسانی دەسترۆشتوو ڕۆڵیان لەم بازرگانییەدا هەبێت؟**

- مادام گرووپە مافیاییەکان بوونەتە گرووپی چەکدار و توانیویانە بخزێنە ناو هێزی چەکدارەوە، ئەوە بە تەئکید کەسانی دەسترۆشتوو لە ناو حزبەکاندا هەیە کە ئەم کارە مەترسیدارە دەکەن و هاوکار و پاڵپشتن، ئەگینا هەرگیز بەو شێوە خێراییە و بەوفراوانییە لە هەرێمی کوردستان ماددەی هۆشبەر بڵاو نابێتەوە، بۆیە یەك حکومەت و یەك پەرلەمان و یەك هێزی پێشمەرگە و یەك هێزی نێوخۆ، ڕۆڵی دەبێت بۆکۆنترۆڵکردنی بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان، پێویستە لە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمدا ئەم ستراتیژی و پلانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارنامە وەزارییەکەدا دابنرێت، چونکە پێشتر خەڵکانێکی هەرزەکار و ئاسایی مادده هۆشبەرەکەی بەکار دەهێنا و بازرگانیی پێوە دەکرد، بەڵام لە ئێستادا بەکارهێنان و شێوازی جۆراوجۆر و فراوانبوون و تاوانەکان گۆڕانکاریی زۆر مەترسیدار و کارەساتباری تێدایە، تەنانەت نەیاران و دوژمنانی کورد بە پیلانی داڕێژراو کار لەسەر فراوانبوون و بەکارهێنانی ئەم ماددەیە لە ناو گەنجەکانی کورددا دەکەن، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستگیرکردن و زیندانیکردن و دابینکردنی شوێن بۆ چاکسازی و چارەسەرییەکان بارگرانییەکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆ، بە داخەوە وا پێویست بوو بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمانی کوردستان، دەبووایە سێ سەنتەری چاکسازی لە هەرێمی کوردستان هەبێت، کە جێگەی داخە تاکو ئێستا نەشوێن و نە هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ دروستکردنی سەنتەرەکانی چارەسەرکردن و شیاندنەوەی ئەو کەسانەی بە ماددەی هۆشبەر ئالوودە بوون.



**کاتێک مەرجەعی کورد سەرۆک بارزانی حکومەت و لایەنە سیاسییەکان لە مەترسییەکانی ئەم مادده ژەهراوییە ئاگادار دەکاتەوە، دەبێت لەسەر بەرزترین ئاست ڕاچڵەکانێک دروست ببێت و، لە ئێستاوە کار بۆ ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و بازرگانیکردن و ئالوودەبوونی دەست پێبکات**

**مادام گرووپە مافیاییەکان بوونەتە گرووپی چەکدار و توانیویانە بخزێنە ناو هێزی چەکدارەوە، ئەوە بە تەئکید کەسانی دەسترۆشتوو لە ناو حزبەکاندا هەیە کە ئەم کارە مەترسیدارە دەکەن و هاوکار و پاڵپشتن**



هۆشەنگ عەبدوڵڵا

تویژەری دەروونی و بەرپرسی سەنتەری چارەسەری ئالوودەبووان:

# داواکارین ڕاگەیاندنەکان هاوکارمان بن لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە زیانە زۆرەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر

هۆشەنگ عەبدوڵڵا تویژەری دەروونی و بەرپرسی سەنتەری چارەسەری ئالوودەبووان لە ناو بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی ژنان و منداڵان، لە دیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە کار و چالاکییەکان و ئاستی خزمەتگوزارییەکانی ئەو سەنتەرە دەکات و ئەوەش دەخاتە ڕوو کە هەفتانە لە سەنتەری چارەسەری ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر سیمینار بەڕێوە دەچێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

هۆشەنگ عەبدوڵڵا لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە سەنتەری چارەسەری ئالوودەبووان نزیکەی چوار مانگە بە فەرمی دەستی بە کارەکانی کردووە و ستافێکی کارا و چالاکیان هەیە، خزمەتگوزارییەکانی سەنتەری چارەسەری ئالوودەبووان تایبەتە بە پێشکەشکردنی خزمەت بە تێکڕای زیندانیانی ئەو چاکسازییە، هاوکات لە هەردوو ڕەگەز بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر هەیە، کە بە داخەوە لەناو ئافرەتانیشدا ڕێژەکەی بەرزە و هەموو تەمەنێکی تێدایە، کوڕەکانیش تەمەنیان لە نێوان ١١ _ ١٨ ساڵیدایە واتا لە تەمەنی نەوجەوانیدان.

هۆشەنگ عەبدوڵڵا سەبارەت بە گرنگیی کارەکەیان دەڵێت: «لە ساڵانی ڕابردووش ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ژنان و منداڵان کە ئەو سەنتەرەشمان نەبوو، بەڵام بە هاوکاریی چەند ڕێکخراوێک کە لێرە ئیشیان کردووە خزمەتی باری دەروونی ئالوودەبووان کراوە، ئێمە لە ڕێگەی ڕێنمایی و خولەکانی ئەوانەوە کار لەسەر کەیسە دەروونییەکان و کەیسی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر دەکەین».

بەرپرسی سەنتەری چارەسەری ئالوودەبووان، هێمای بۆ ئەوەش کرد کە کەموکوریان لە کەمیی ستافی چارەسەری هەیە و لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئێمە بە فەرمی داوامان لە وەزارەتی تەندروستی کردووە کە دوو پزیشکی دەروونیمان بۆ دابین بکەن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ڕێژەی پزیشکی دەروونی لە هەولێر کەمە، نەتوانراوە تاوەکو ئێستا پزیشکمان بۆ دابین بکرێت، هەرچەندە لە ناو چاکسازیدا پزیشکێکی دەروونیمان هەیە، بەڵام ئێمە پێویستمان بەوەیە کە دوو پزیشکی دەروونیی تایبەت بەخۆمانمان هەبێت، چونکە لە ئێستادا کەیسی زۆرمان هەم لە ئالوودەبووان و هەمیش لە تووشبووانی نەخۆشیی دەروونیدا هەیە، لە هەمان کاتدا لە ناو چاکسازیی ژنان و منداڵانیشدا تەنیا سێ توێژەری دەروونی هەیە، کە هەم کار لەسەر کەیسە دەروونییەکان و هەمیش کەیسی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر دەکەن».

هەروەها گوتیشی: «لە هەموو دونیا چارەسەربووانی ماددەی هۆشبەر دوای وەرگرتنی چارەسەری بەشێکی زۆریان دەتوانم بڵێم سەدا پەنجایان دووبارە دەگەڕێنەوە سەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، لێرەش لەم سەنتەرەدا هەفتانە سیمینار بەڕێوە دەچێت، بەڵام بەداخەوە بەشێکی بەکارهێنەران دوای چارەسەر و دەرچوونیان لێرە، دووبارەیان کردووەتەوە، هاوکات بەشێکیشیان بە خۆشحاڵییەوە نەگەڕاونەتەوە، پار یەک گرووپی چارەسەریمان هەبوو دوای چارەسەربوون بە خۆشحاڵییەوە نەگەڕانەوە».

بەرپرسی سەنتەری چارەسەری ئالوودەبووان، دەربارەی پلانەکانی دەڵێت: «کۆمەڵێك پلانمان هەیە و لە ئێستاوە بەرنامەڕێژی بۆ دەکەین کە لە سەرەتای ساڵی تازەوە دەچنە بواری جێبەجێکردن، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی بیانی کە بەڵێنیان پێداوین کە خول بۆ ستاف و کارمەندانی چاکسازی بکەنەوە، بۆ ئەوەی کارەکانمان بە شێوەیەکی ئەکادیمی ڕاپەڕێنین، ئەوەش لەوانەیە پێش سەری ساڵ خولەکان ببینین بۆ ئەوەی بۆ ساڵی نوێ ئامادەی کارکردن بین لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە، هەروەها لە ڕێگەی گرووپی چارەسەرییەوە خزمەتی نەخۆش و ئالوودەبووان بکەین، چارەسەری و ڕێنماییەکانیش بە شێوەی گرووپ و بە شێوەی تاکە کەسی ئەنجام دەدرێت، جگە لەوانەش لەگەڵ چارەسەرییەکاندا پێویستیمان بە پزیشکی دەروونی و پزیشکی هەناو و پزیشکی چارەسەری سرووشتیش دەبێت».

هۆشەنگ عەبدوڵڵا لە کۆتایی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، پێویستیمان بە هاوکاریی ڕاگەیاندنەکان هەیە، لەمبارەشەوە گوتی: «لە پێناو پاراستنی گەنجانی وڵاتەکەمان و سەلامەتیی منداڵەکانماندا پێویستیمان بە هەڵمەتێکی گشتگیری ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر هەیە بە هەموو جۆرەکانییەوە، داواکارین میدیا بە هەموو جۆرەکانییەوە هاوکارمان بن، ئەویش لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە زیانە زۆرەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و پێشکەشکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە».

**لە ناو چاکسازیدا پێویستمان بەوەیە کە دوو پزیشکی دەروونیی تایبەت بەخۆمانمان هەبێت**

**لە پێناو پاراستنی گەنجانی وڵاتەکەماندا پێویستیمان بە هەڵمەتێکی گشتگیری ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر هەیە**



## لە پێشوازیی 25ی نۆڤەمبەر

# ئاستی توندوتیژییەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت

چەند ڕۆژێکی کەم بۆ ساڵڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ماوە، کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بۆ ماوەی دوو هەفتە کار و چالاکیی چڕوپڕ ئەنجام دەدرێت، لە هەرێمی کوردستانیش هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەست پێدەکات و بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ بەردەوام دەبێت، کە گوزارشت لە ماف و ڕۆڵی ئافرەت و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و کارکردن بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ڕەگەزی مێینە دەکات، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان، لەو بارەیەوە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئێستای توندوتیژییەکان دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە بنەمای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان ناسراوە و، یەکێکە لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەی کە ئافرەت ناچار دەکات پلە و پایە و پێگەی نزمتر لە پیاوان قبووڵ بکات، بۆیە ئافرەتان بۆ نەهێشتنی ئەو نادادپەروەری و جیاوازییە ڕەگەزییانە و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە، لە سەرلەبەری جیهاندا خەباتێکی بێوچانیان کرد و بەرهەمی قوربانیدانەکانیشیان ڕۆژی جیهانیی ٢٥ی نۆڤەمبەری لێ کەوتەوە.

یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨١ لە لایان فیمێنیستەکانی ئەمریکا ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەکو ڕۆژی خەبات دژی توندوتیژی، یان نەهیشتنی توندوتیژی دەستنیشان کرا، پاشان لە ١٧ ی دیسەمبەر ساڵی ١٩٩١ لە لایان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکانەوە وەکو ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕاگەیاندرا.

ئاشنا بابان مامۆستای زانکۆیە و سەرەتا باس لەوە دەکات کە ئاستی توندوتیژیی خێزانی پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز و پەیوەست بە شێوازی ڕەفتارەوە، هەروەك کاریگەرییە دەروونی و جەستەییەکان لەسەر ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم توندوتیژییە بوون، توندوتیژیی خێزانی بە گشتی دەتوانرێت بە چەند ئاستێك پۆلێن بکرێت بە پشتبەستن بە توندی و کاریگەرییەکانی. لێرەدا چەند پێوەرێك دەخەینەڕوو، کە ڕەنگە بۆ هەڵسەنگاندنی توندوتیژیی خێزانی بەکار بهێنرێن:

توندوتیژیی جەستەیی: وەك لێدان، یان هەر جۆرە زیانێکی جەستەیی دیکە.

توندوتیژیی دەروونی: بریتییە لە سووکایەتیکردن، هەڕەشەکردن، دەستکاریکردنی سۆزداری، گاڵتەکردن، یان هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسی بەرامبەر بە لەناوبردنی متمانە بەخۆبوونی.

توندوتیژیی سێکسی: هەر جۆرە دەستدرێژیی سێکسی یان فشارێك، بۆ سێکسکردن بە زۆر یان هەڕەشە دەگرێتەوە.

توندوتیژیی ئابووری: وەك ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکانی کەسێك یان کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکانی بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکات.

توندوتیژیی کۆمەڵایەتی: وەك دابڕانی کۆمەڵایەتی یان ڕێگریکردن لە پەیوەندیکردنی کەسێك لە کەسانی دیکە، وەك خێزان یان هاوڕێکانی.

توندوتیژیی سیاسی: یەکیکە لە جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کە لە لایەن پارتی سیاسی و تاکی کۆمەڵگە و خێزان ئەنجام دەدریت.





ئاشنا بابان:

**توندوتیژیی خێزانی بە پرسێکی کۆمەڵایەتی جددی دادەنرێت کە کاریگەریی لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە، بەو پێیەی دەتوانێت زیانێکی قووڵی دەروونی و جەستەیی لێ بکەوێتەوە**



د. ماجید خەلیل:

**چارەنووسی مرۆڤبوون و مافی ئافرەت هێشتا لە گێژاوێکی قووڵدایە، ئافرەت و ئاستی مرۆڤبوونی زۆری ماوە، هێشتا ئافرەت هێمای نەنگییە، هێشتا لە ئیدیۆمەکاندا ئاماژەی شوومی و شێوەنێکی گەورەی ئینسانییە**



نازەنین عەزیز:

**لەهەر شوێنێک ئافرەت هەبووبێت توندوتیژییش بە شێوەیەک لە شێوەکان هەبووە، گوێ بەوە نەدراوە کە ئافرەتەکە لە چ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدایە، خوێندەوارە یان نەخوێندەوار**

توندوتیژیی خێزانی بە پرسێکی کۆمەڵایەتی جددی دادەنرێت کە کاریگەریی لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە، بەو پێیەی دەتوانێت زیانێکی قووڵی دەروونی و جەستەیی لێ بکەوێتەوە و، ڕەنگە کاریگەرییەکانی درێژ ببێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەریەکێك لەوانە بە جۆرێکی جیاواز هەڵسوکەوتێکی جیاواز لە بەرامبەر ئافرەتان ئەنجام ئەدرێت.

کەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی پێویستی بە هەوڵی فرەیی کۆمەڵگە و حکومەت و تاك و ڕێکخراوە جیاوازەکان هەیە. لێرەدا چەند هەنگاو و کارێك دەخەینەڕوو کە دەتوانرێت بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی بگیرێتەبەر:

١. هۆشیاری و پەروەردە

هۆشیاریی گشتی: گرنگە سەبارەت بە مافی تاکەکانی ناو خێزان و چۆنیەتیی ناسینی نیشانەکانی توندوتیژی خێزانی هۆشیاری بڵاو بکرێتەوە، پەروەردە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە گۆڕینی تێڕوانینە نەرێنییەکان سەبارەت بە توندوتیژی و هاندانی تاکەکان بۆ هەڵوێستگرتن لە دژی توندوتیژی.

بەرنامە پەروەردەییەکان: دابینکردنی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ کۆمەڵگەکان بۆ بەرەوپێشبردنی بەهاکانی لێبوردەیی و یەکسانی لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا، جگە لە فێرکردنی کارامەییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

٢. پاڵپشتیی قوربانیانی توندوتیژیی خێزانی

شوێنی داڵدەدان و پاڵپشتیی دەروونی: دابینکردنی شوێنی سەلامەت بۆ ئەو ژنان و منداڵانەی کە بەدەست توندوتیژیی خێزانییەوە دەناڵێنن، جگە لە دابینکردنی پاڵپشتیی دەروونی بۆ یارمەتیدانیان بۆ چاکبوونەوە.

خزمەتگوزارییە یاساییەکان: ڕێگەدان بە قوربانییەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە پشتیوانیی یاسایی بۆ یارمەتیدانیان لە تۆمارکردنی سکاڵا و بەدەستهێنانی پاراستن، وەك فەرمانی پاراستن لە دادگا.

٣. یاسادانان و یاساکان

توندکردنەوەی یاساکان: دەبێت یاسای توند هەبێت دژی توندوتیژیی خێزانی، لەگەڵ سزای ڕێگریکردن بۆ ئەوانەی بەشدارن لەو جۆرە تاوانانەدا.

باشترکردنی جێبەجێکردنی یاسا: دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی یاساکان لە ڕێگەی ڕاهێنانی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان، وەك پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەری، لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژیی خێزانیدا.

٤. دابینکردنی پاڵپشتی بۆ ئەو کەسانەی کە توندوتیژی ئەنجام دەدەن

چارەسەری دەروونی و ڕاوێژکاری: گرنگە بەرنامەی چارەسەرکردن بۆ ئەو کەسانە دابین بکرێت کە توندوتیژیی خێزانی ئەنجام دەدەن، کە یارمەتییان دەدات هۆکارەکانی ڕەفتارەکانیان دەستنیشان بکەن و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ توڕەیی و شەڕانگێزیدا باشتر بکەن.

یارمەتیدان لە پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن: ڕاهێنانی تاکەکان لەسەر چۆنیەتیی دەربڕینی هەستەکانیان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوازی نا توندوتیژی.

٥. بەشداریی کۆمەڵگە

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: دەبێت کۆمەڵگە لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیدا لە ڕێگەی دروستکردنی تۆڕی پشتیوانی و پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ قوربانییەکان بەشداری بکات. ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك و پێشخستنی کلتووری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ گرنگە.

هاندانی ڕاپۆرتکردنی توندوتیژی: تاك و کۆمەڵگە دەبێ لە ڕاپۆرتکردنی حاڵەتەکانی توندوتیژیی خێزانی و پێشکەشکردنی پشتیوانی بۆ قوربانییەکاندا بەرپرسیارێتیی خۆیان لە ئەستۆ بگرن.

٦. بەهێزکردنی ژنان

یەکسانیی جێندەری: بەرەوپێشبردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بە کار و خوێندنەوە، سەربەخۆیی ئابووری و ئازادیی کەسیی ژنان بەرز دەکاتەوە و، ئەگەری بەرکەوتنیان بە توندوتیژی کەم دەکاتەوە.

ڕاهێنان لەسەر مافەکانی ژنان: فێرکردنی ژنان سەبارەت بە مافەکانیان و چۆنیەتیی بەرگریکردن لێیان، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خێزانییان بەرز دەکاتەوە.

٧. ڕۆڵی خێزان

پەروەردەکردنی منداڵ: دەبێت منداڵان لە تەمەنێکی بچووکەوە فێری بەهاکانی ڕێزگرتنی یەکتر و مامەڵەکردنی ئاشتییانە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکرێن، خێزان یەکەم قوتابخانەیە کە منداڵان لێیەوە فێری چۆنیەتیی ڕەفتارکردن دەبن لە پەیوەندییەکانی داهاتوودا.

کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی خێزانی: گرنگیدان بە پەیوەندیی خێزانی و دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست و خۆشەویستی لەناو ماڵدا، ڕێگری دەکات لە گەشەکردنی توندوتیژی خێزانی.

٨. خۆپاراستن و دەستێوەردانی پێشوەختە

بەرنامەکانی خۆپاراستن: کۆمەڵگەکان دەتوانن بەرنامەی خۆپارێزی پێشکەش بە هاوسەرەکان و خێزانەکان بکەن، وەك کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری هاوسەرگیری یان وۆرك شۆپ لەسەر چۆنیەتی باشترکردنی پەیوەندی و کەمکردنەوەی فشار.

د. ماجید خەلیل مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە هەر توندوتیژییەك دژی خێزان، جۆرێکە لە توندوتیژی دژ بە ئافرەتانیش، بەتایبەتی لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە یەکەی خێزان زۆرترینی کۆمەڵگەی لەخۆیدا بینیوەتەوە، ئێمە پێمان وایە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر سێ ئاستدا خواستەکانی خێزان و ئافرەتی کورد لەگەڵ لۆژیکی توندوتیژیدا ڕووبەڕوون، وەك:

ئاستی یەکەم: ئەو نەزم و نەریتە باوەی کە لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی جیهان پێوەی گیرۆدەیە، گەواهیی ئەوە دەدات کە خێزان خەریکە بایەخی بچووك دەبێتەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بچوکبوونەوەی بایەخیش توندوتیژییە، هەروەك چۆن لەم نێوەندەدا کە هەژموونە سەرمایەدارییەکە نهێنییەکانی لەژێر دەستی نێرسالاریدایە، چونکە هێز و فەلسەفەی فیزیکی تێیدا توانای هەیە، چونکە ستەمکارییە، سەرمایەدارییەکە سەپاندن تێیدا بەرجەستەیە، لە سیستەمی سەپاندنیشدا بوونی ئافرەت بەرجەستە نییە، چونکە سرووشتی ئافرەت لەگەڵ ئازادیدا یەك دەگرێتەوە.

ئاستی دووەم: سیستەمە ستەمکارییە کۆمەڵایەتییەکەی ڕۆژهەڵات، کە ئێمەشی تێداین، ئێمەش هێشتا سەرەتاییترین سۆمایەکی مرۆڤانەمان دەرهەق بە ئافرەت ئاوێزان نەبووە، بەتایبەت هێزگەلێکی هەلپەرست و پۆپۆلیست، بۆ ئەوەی کۆمەڵ کەمەندکێش بکەن، خەریکن نەریتە دواکەوتووەکان درێژە پێ دەدەن و، زەمینەیەك زاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی پێبێت، پەراوێز خراوە.

ئاستی سێهەم: بەدەر لە سیستەمە دواکەوتووەکە، دیسانەوە زیهنییەتی زەمینە کۆمەڵایەتییەکە لە ناو ئەم جووڵانەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەدا هێند چەقبەستووە، کە چارەنوسی مرۆڤبوون و مافی ئافرەت هێشتا لە گێژاوێکی گەلێ گومەساردایە، ئافرەت و ئاستی مرۆڤبوونی زۆری ماوە، هێشتا ئافرەت هێمای نەنگییە، هێشتا لە ئیدیۆمەکاندا ئاماژەی شوومی و شیوەنێکی گەورەی ئینسانییە.

چارەسەر بریتییە لە چەند ڕێگەیەکی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، کە خۆیان دەبیننەوە لە نەخشەڕێیەکی دوور، یان ئەجێندایەکی ئایندەییدا، کە تێکڕای کەرتە کاریگەرە کلتووری و ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان بگرێتەوە. بێگومان هەموو ئەو ڕیفۆرمانەش پێویستە هەڵهێنجراوی تیۆرێکی خۆماڵی بن و ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی کومەڵ بن، نەك تیۆری هێنراو و ئایدیۆلۆژیای ئەوانی دی، چونکە بەم ڕێگەیە هۆشیاریی تاك لە پێودانگەکانی مرۆڤسازیدا مەیدانخوازیی ئەوەش دەکات کە بەڵێ جیاوازییە ڕەگەزییەکان پەیوەستنین بەسرووشتی ئینسانەوە و ساختەن.

نازەنین عەزیز یاساناس و چالاکی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە توندوتیژی دژی ئافرەتان بابەتێك نییە پەیوەندیی بە وڵاتێکی دیاریکراو، یان سنووری جوگرافیایەکی دیاریکراو و ئایینێکی دیاریکراو نەتەوەییێکی دیاری کراوەوە هەبێ، بەڵکو بابەتێکی جیهانییە و پەیوەندی بە ئافرەتبوونەوە هەی،ە لەهەر شوێنێك ئافرەت هەبووبێت توندوتیژییش بە شێوەیێك لە شێوەکان هەبووە، جا توندوتیژییەکە جەستەیی بێت، یان دەروونی، یانیش کۆمەلایەتی بێت، گوێ بەوە نەدراوە کە ئافرەتەکە لە چ پێگەیەکی کۆمەلایەتیدایە، خوێندەوارە یان نەخوێندەوار، جوانە یا ناشرین، دەوڵەمەندە یا هەژار، بەڵکو ئافرەتەکە ڕووبەڕووی توندوتیژی بووەتەوە، بۆیە ئەوەی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین لە ئێستادا، ئەوەیە کە زۆرترین توندوتیژی کە ڕووبەڕووی ئافرەت دەبێتەوە، توندوتیژی خێزانییە، کە بە هۆکارێك لە هۆکارەکان ڕووبەڕووی ئەم توندوتیژیە دەبنەوە، گرنگترین هۆکاری توندوتیژی لە ئێستادا دەتوانین بڵێین سۆشیال میدیا و ناپاکیی هاوسەری وخێزانییە کە بەداخەوە ڕۆژانە سەدان ئافرەتی ئێمە بەهۆی ئەو هۆکارانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بێگومان خراپ بەکار هێنانی سۆشیال میدیا لە ئێستادا ڤایرۆسێکی گەورەیە و بەرۆکی کۆمەڵگەکەمانی گرتووە، بەکار هێنانەکەش دەگەڕێتەوە سەر ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت، ئەگەر فکرەی ئەو کەسە دادپەروەر و باش بێت بەکارهێنانەکە باش دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە کە فکرەی ئەو کەسە گەندەڵ بێت بەکارهێنانەکەش گەندەڵ دەبێت و دواجار کۆمەڵێك کێشەی نەخوازراوی خێزانی و کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدەن، کە چارەسەر کردنیان زەحمەتە. بۆیە پێویستە گرنگی بە لایەنی ڕۆشنبیریی تاکەکان بدرێت لە قوتابخانەکان، زانکۆکان و شوێنە ئایینییەکان، بۆ ئەوەی خێزانێکی تەندروست و دور لە توندوتیژی بنیات بنێین، چونکە کە خێزانێکی تەندروستمان بنیات نا، لە کۆتاییدا کۆمەڵگەیەکی تەندروست بنیات دەنێین.

**کەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی پێویستی بە هەوڵی فرەیی کۆمەڵگە و حکومەت و تاك و ڕێکخراوە جیاوازەکان هەیە**

**دابینکردنی شوێنی سەلامەت بۆ ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە بەدەست توندوتیژیی خێزانییەوە دەناڵێنن، جگە لە دابینکردنی پاڵپشتیی دەروونی بۆ یارمەتیدانیان بۆ چاکبوونەوە**

**بۆ ئەوەی کۆمەڵ کەمەندکێش بکەن، خەریکن نەریتە دواکەوتووەکان درێژە پێ دەدەن و، زەمینەیەک زاتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی پێبێت، پەراوێز خراوە**

# هەشتەمین فیستیڤاڵی ش

دەکرێ کەرکووك وەك پایتەختی شانۆی کورد لە باشووری کوردستان پێناسە بکەین. بێ لە جموجووڵی بەردەوامی شانۆ لەو شارەدا، شانۆکارانی ئەم شارە توانیویانە نوێنەرایەتیی شانۆی کوردستان لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا بکەن و، لە زۆر فیستیڤاڵی دەرەوەی وڵاتەوە بە خەڵات گەڕاونەتەوە.



لەگەڵ ئەوانەشدا ساڵانە لە کەرکووك دوو فیستیڤاڵی گەورەی شانۆ «فیستیڤاڵی شانۆی کەرکووك» لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان و «فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی شەقامی کەرکووك» بەڕێوە دەچن. هەموو ئەمانە پەیوەست بە هونەری شانۆوە و، پێگەیەکی گرنگ و هەستیار بە شاری کەرکووك لە نێو شارەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا دەدەن. ڕۆژانی ٢-٤/تشرینی دووەم/٢٠٢٤ هەشتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی شەقامی کەرکووك لە نێو شارەکەدا بەڕێوە چوو، (٢٠) نمایشی شانۆیی لە (١٤) وڵاتی ئاسیا، ئەفریقا و ئەورووپا، هەر لە ژاپۆنەوە بەرەو کوردستان تا دەگاتە فەرەنسا، بەشدارییان لەو فیستیڤاڵەدا کرد، بەرنامەی فیستیڤاڵەکە دەوڵەمەند و فرە ڕەنگ بوو. بە پێی دەرفەت، لێرەدا پێناسەیەکی کورتی چالاکییەکانی فیستیڤاڵ دەخەینە ڕوو.



وا باوە، ساڵانە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی شەقامی کەرکووك بە ڕێڕۆیشتنێك بە نێو شاردا دەست پێ دەکات. بەڕێوەبەرانی فیستیڤاڵ کارێکی باشیان کرد، لە خولی هەشتەمدا ڕێڕۆیشتنی دەسپێکی فیستیڤاڵیان لە ناوچەیەکی زۆرینە کوردنشینەوە بەرەو ناوچەیەکی دانیشتووانی تێکەڵی شارەکە گواستەوە، ئەمە مۆرکێکی زیاتر کەرکووکییانەی بە فیستیڤاڵەکە دا، فیستیڤاڵەکەی کردە موڵکی هەموو پێکهاتەکانی شارەکە. ڕێڕۆیشتنی بەشدارانی فیستیڤاڵ و کەژاوەی دەسپێك، کە بریتی بوو لە شانۆکارانی بەشدار و گرووپی ئەسپسوار و هەڵگرانی ئاڵا و ناوی وڵاتانی بەشدار و تیپی مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و بووکەڵە، لە گۆڕەپانی بەردەم تەلاری پێشووی پارێزگای کەرکووکەوە دەستی پێ کرد، لەوێوە بەرەو پردێ سێ کەوتنە ڕێ و لە مەودای نزیکەی دوو کیلۆمەتر، بەدەم دەنگی دەهۆڵ و زوڕناوە، ڕێڕۆیشتنی شانۆکاران کەشێکی پڕ لە هونەر و شادییان بە شوێنەکە بەخشی. ئەگەرچی بینەرانی ئەو نمایشە دەگمەنە وەك خولەکانی ساڵانی پێشوو زۆر نەبوون، چونکە لە لایەك شوێنەکە بازاڕ و بازرگانییە، لە لایەکی دیکەوە شوێنانی دانیشتووان تێکەڵ لە شاری کەرکووك، وەك شوێنانی زۆرینە کوردنشین، ڕانەهاتوون هێندە گەرم و گوڕ و زوو ئاوێتە بە کەشی ئاهەنگسازیی



# ـــــــانۆی شەقامی کەرکووک

تاریق کارێزی

هونەر ببن. وێڕای ئەوەش کەرنەڤاڵێکی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێش و دەگمەن بوو بۆ کەرکووک، دەنگی هونەر و ئازادی و پێکەوە ژیان و برایەتی لەم شارە فرەنەتەوە و فرەکلتوورەی کوردستاندا، بەرەو کەشکەڵانی فەلەك بەرز دەبووەوە. ئەمە لاپەڕەکی گەشە لە دەروازەی هونەرەوە بەرەو ڕووی شاری کەرکووکدا دەکرێتەوە.

فیستیڤاڵ بە بەخشینی خەڵاتی زێڕین بە ژمارەیەك لە هونەرمەندانی کوردستان و بیانی، کارێکی باشی کرد، هەموو ئەوانەی خەڵاتی زێڕینی فیستیڤاڵیان پێ درا، ڕۆڵی پێشەنگ و دیاریان لە هونەری شانۆی وڵات و نەتەوەی خۆیاندا گێڕاوە. بەرنامەی سێ ڕۆژی فیستیڤاڵەکەش بەم جۆرە بوو:

ڕۆژی یەکەم: کاژێر دووی پاش نیوەڕۆ، دەسپێکی فیستیڤاڵ لە باخچەی بەردەم تەلاری پێشووی پارێزگای کەرکووکەوە ڕاگەیاندرا، گرووپی هەڵپەڕکێی ئەستێرە- سلێمانی، شانۆیی کێ باشترە، ئاهەنگی سەمای تیپی بووکەڵە- ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شانۆیی چی، چەندین برگەی نمایش و گۆرانیی میللی، هەموو ئەو چالاکییانە لە شەقامی ڕێی بەغدا لە مەودای دوو کیلۆمەتری ڕێڕۆیشتنەکەی نێو شەقامدا پێشکەش کران. دواتر شانۆیی چارەنووس و مەراسیمی کردنەوەی فیستیڤاڵ لە هۆڵی شاهانەی کۆمەڵگەی بۆلیڤارد پێشکەش کران.

ڕۆژی دووەم: چالاکییەکانی دووەمین ڕۆژ لە کاتژمێر ٩ی بەیانییەوە تا ٦:٢٥ی ئێوارە بەردەوام بوون، بریتی بوون لە توێژینەوەیەك لە بارەی شانۆی شەقامەوە، واژۆکردنی چوار کتێبی شانۆ، شانۆیی باوکە هەستە، ئێستا بەرەو کوێ، نی مە، لە هوتێلی ئاڵتوونسەرای و زانکۆی قەڵەم لە گوندی چیمەن پێشکەش کران. هەر ئەو ڕۆژە ئەم نمایشانەی شانۆ: مێشکی بووکەڵە، جیهانی ماسك و بووکەڵە، هاروهاج، مریشکی دراوسێ قاز نییە، دە لەسەر دە، بانگی میمدۆس، کێ لە دایکی منە، ڕۆژێك دەبم بە دار، لە مۆڵ ئۆف کەرکووك پێشکەش کران.





ڕۆژی سێیەم: چالاکییەکانی دوایین ڕۆژی فیستیڤاڵ لە ١٠ی بەیانیی ڕۆژی ٤/تشرینی دووەمدا دەستیان پێ کرد، بریتی بوون لە شانۆیی: بێ هێلان، خودی پەرتەوازە، هاواری تاساو، بڵقی خەون، هونەر پارچەیە، تائە- هان، لە زانکۆی کیتاب لە شاری پردێ پێشکەش کران، دواتر پانێلی گفتوگۆیەکی کراوە لە هوتێلی ئاڵتوونسەرای لە شاری کەرکووك بەڕێوە چوو. هەر لەو ڕۆژەدا کاژێر ٨ی ئێوارە مەراسیمی کۆتاییهاتنی فیستیڤاڵ لە هۆڵی شاهانەی کۆمەڵگەی بۆلیڤارد بەڕێوە چوو.



## سەلما حایک :

# هەوڵ دەدەم بە دەستی خۆم سەروەت و سامان بەدەست بهێنم

خانمە ئەکتەری مەکسیکیی بە ڕەچەڵەك لوبنانی «سەلما حایك» ڕەتی کردەوە هیچ ڕێککەوتنێکی پێش هاوسەرگیریی ئەنجام دابێت بۆ دابەشکردنی سەروەت و سامانەکەی لە نێوان خۆی و هاوسەرە ملیاردێرەکەی «فرانسوا هێنری پینوڵت»، بەڵام لە هەمان کاتدا بە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ڕاگەیاندووە، هەوڵ دەدات خۆی سەروەت و سامانی بەدەست بهێنێت، و هەست بە فشار دەکات ئەگەر لە داهاتوودا بڕە پارەیەکی دیاریکراو بەدەست بهێنێت. حایك تەمەن ٥٨ ساڵ، دوای سێ ساڵ پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ هاوسەرەکەی « پینوڵت «ی تەمەن ٦٢ ساڵ، لە ساڵی ٢٠٠٩ هاوسەرگیری کرد، بە خێرایی هاتە ناو جیهانی دەوڵەمەندە سەرسوڕهێنەرەکانەوە، بەو پێیەی پینوڵت سەرۆکایەتی کۆمەڵەی لوکس کێرینگ دەکات و سامانەکەی زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلارە.
حایك بە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ڕاگەیاندووە، کچێکیان هەیە بە ناوی ڤالێنتینا تەمەن ١٧ ساڵ و لە ڕووی داراییەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی جیان.
حایك و پینوڵت لە بنەڕەتدا لە دوو خانەوادەی دەوڵەمەندن، بەو پێیەی باوکی کارگێڕی نەوت بووە، لە کاتێکدا پینۆڵت گرووپی فرۆشتنی تاکەکەسیی لە باوکییەوە بە میرات وەرگرتووە. حایك ئاماژەی بەوەش کردووە، دەوڵەمەندبوون وای کردووە کە وەك ئەستێرەیەك بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بدرەوشێتەوە کە چاوەڕێی نەدەکرد.
حایك لە لێدوانەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ ئاماژەی بەوەش کردووە، هەبوونی



## ڕیهانا دەیـــــــــــ

بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان، پێدەچێت گەڕانەوەی هونەری ڕیهانا لە هەموو کاتێك نزیکتر بێت، دوای لێدوانە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم دواییەی کە تیایدا پلانە هونەری و خێزانییە نوێیەکانی ئاشکرا کرد، ئەمە جگە لە قسە سەرسوڕهێنەرەکانی سەبارەت بە ئارەزووی هاوکاریکردنی لەگەڵ ئەستێرەی گەنج بیلی ئایلیش.
ڕیهانا پلانە هونەری و خێزانییە نوێیەکانی خۆی ئاشکرا دەکات و چەندین سوپرایز و وردەکاریی نوێی سەبارەت بە کارە هونەرییە نوێیەکانی ئاشکرا کرد، هەروەها پلانی خێزانەکەی دوای ئەوەی بەم دواییە پێشوازی لە کوڕە دووەمەکەی کرد.
لە میانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ “Entertainment Tonight”



پارەیەکی زۆر نەبووتە هۆی ئەوەی ناچاریێت بیر لەوە بکاتەوە کە زیاتر لەو پارەیە بەدەست بهێنێت.
جگە لە ڕۆڵە سەرەکییەکانی نواندن لە فیلمەکاندا وای لێ کرد یەکەم ئەکتەری مەکسیکی بێت کە پاڵێوراو بێت بۆ خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین ئەکتەر، هەروەها کۆمپانیاکانی بریتین لە «ئۆگلی بێتی»، «سانتا ئیڤیتا» و «فریدا» کە پاڵێوراو بوو بۆ شەش خەڵاتی ئۆسکار، حایك گرێبەستی لەگەڵ براندەکانی وەك ڕێڤلۆن، ئەڤۆن کۆسمێتیکس، کارتیە و کاهلیۆا ئەنجام داوە.
لە لایەکی دیکەوە حایك دەستی بە چەندین ئەرکی خێرخوازییش کرد، بەو پێیەی خۆی و هاوسەرەکەی دامەزراوەی کێرینگیان دامەزراند کە پشتگیری لە پرسەکانی ژنان دەکات، وەك بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، لەگەڵ بیۆنسیش لە ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوەی گوچی بۆ گۆڕانکاری دامەزراند، کە یەکسانیی جێندەری بەرەوپێش دەبات.

## ـــــــەوێ بگەڕێتەوە

باسی لە پەیوەندیی لەگەڵ منداڵەکانی کرد دوای ئەوەی بە وتەی خۆی ئیلهامی لە منداڵە بچووکەکانی وەرگرتووە و دەڵێت: "ئەوان یارمەتیدەرم بوون بۆ ئەوەی بزانم چۆن پێڵاوەکان ئاسانتر بکەم، ناچار بووم کاتێك بۆ دیزاینکردنەوەیان تەرخان بکەم بۆ ئەوەی ببنە شتێك کە ئێمەی دایکان دەتوانین لەبەریان بکەین بەبێ ئەوەی بێزارت بکەن.
ڕیهانا دوای ئەوەی کوڕی دووەمی بوو، خواستی خۆی بۆ منداڵبوونی کچ ئاشکرا کرد و دەڵێت: «دەمەوێت کچێکم هەبێت نازانم چی بکەم، چونکە تا ئێستا تەنیا کوڕ دەناسم.. شتێکی نوێ دەبێت کە زۆر حەزی لێ دەکەم و لە خودا داواکارم ئەم ئاواتەشم بێتە دی».
لە لایەکی دیکەوە بەشداریکردنی لە ئاهەنگی داهاتووی «مێت گالادا»ی پشتڕاست کردەوە دوای ئامادەنەبوونی لە کۆنسێرتەکەدا، جگە لە پشتڕاستکردنەوەی کارەکانی لەسەر ئەلبومە نوێیەکە، کە خۆی ئامادە دەکات و بە نیازە لە ماوەی داهاتوودا بڵاوی بکاتەوە.

کاوە کاوانی بۆ گوڵان:

# هونەری کوردی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتوانین بە وڵاتانی دراوسێی ئاشنا بکەین



**هونەرمەند کاوە کاوانی خاوەنی دەنگێکی خۆشە و کۆمەڵێك بەرهەمی جوان و ناوازەی پێشکەش کردووە، توانیویەتی جەماوەرێکی باش لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، ماوەیەکە گەڕاوەتەوە کوردستان و لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (گوڵان)، باس لەوە دەکات لە پلانیدایە هونەرەکەی لە ڕێگەی لایڤ موزیکەوە پێش بخات.**

*** بەرهەمی ئەم جارەت بە ناوی دایك بوو، ئایا توانیوتە قەرزی دایك بدەیتەوە؟**

- ئێمە هەموومان قەرزداری دایکین، کە گوێت لە وشەی دایك دەبێت، نیشتمانمان بیر دێتەوە، ئەم گۆرانییەشم بۆ خۆم گوتووە، داوا لە خودا دەکەم ئەمجارەش بە دایکم شادم بکاتەوە و وەك منداڵ لە ئامێزم بگرێت. پێشتر گۆرانیم لەسەر هەولێر و کوردستان هەبوو، نەمدەوێرا خۆم لە گۆرانیی دایك بدەم، بەڵام ئەو شیعرە هی «ئەحمەد محەمەدی»یە و زۆرم بەدڵ بوو، بۆیە بەپێویستم



زانی بیکەمە گۆرانی و بە ناوی (دایك) بڵاوی بکەمەوە.

*** ماوەیەکە لە کوردستانیت، دەتوانین بڵێین بە یەکجاری گەڕایتەوە کوردستان؟**

- زۆر حەز دەکەم بە یەکجاری بگەڕێمەوە هەولێر، چونکە هەولێر وەك باوەشی دایك وایە، بەڵام بۆ هاتنەوەم بۆ یەکجاری، مەگەر تەرمەکەم بێتەوە هەولێر، لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم تورکە و سێ منداڵمان هەیە و منداڵەکانم لەوێ دەخوێنن، ئەگەر بێمەوە ڕەنگە ژیانیان لێ تێك بچێت، ئەگەرنا زۆر حەز دەکەم بگەڕێمەوە، وەسیەت بێت ئەگەر مردم با لە نیشتمانی خۆم بمنێژن کە کوردستانە.

*** جیاوازیی ئێوە و ئەو هونەرمەندانە چییە کە هونەر پیشە و داهاتیانە، ئێوە بە هونەرەکەتان ناژین و هونەرمەندیش هەیە بە هونەرەکەی پارەیەکی خەیاڵیی دەست دەکەوێت؟**

- ئەوەی دەڵێت بە هونەر پارەی پەیدا کردووە، بە هونەر پەیدای نەکردووە، ١٠٠ هەزار جار لایف موزیك بکەیت پارەیەکی خەیاڵی پەیدا ناکەیت، بەڵام زۆرجار هونەر دەتباتە پێش و وادەکات حکومەت یان هەر لایەنێك بێت بە دیداری شاد دەبێت و دەرفەتێکت بۆ دەڕەخسێت کە بازرگانییەك بکەیت، بۆیە ئەوەی ئەو کردوویەتی من حەسوودیی پێ نابەم و پێیشی ناڵێم گەندەڵ، پێویست بەناوهێنانیش ناکات.

*** هونەری کوردی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتوانین بە وڵاتانی دراوسێی ئاشنا بکەین؟**

- بەڵێ هونەری کوردی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتوانین بە وڵاتانی دراوسێی ئاشنا بکەین، من لێرە باسی خۆم دەکەم، لە ڕووی ئاواز و موزیك و هەربابەتێکی دیکە زۆر کەسم پێگەیاندووە، ئێستاش کە هونەر دەکەم بیر لەوە دەکەمەوە کارێك بکەم هەموو وڵاتان گوێمان لێ بگرن، چونکە هیچمان لەوان کەمتر نییە، بەڵکو بگرە زۆر لەوان دەوڵەمەندتریشین، سەیری ئێستا مەکە دوو کەس کردوویانە مۆدێل و بەندبێژن، ئەوە هونەر نییە، هونەرمەندی زۆرباشمان هەیە کاری جوان دەکەن وەك موزیك و شیعر و گۆرانی، بەڵام بەداخەوە ئێستە هاوکێشەکان پێچەوانە بوونەتەوە ئەگەر گوێ بدیتە موزیکوانەکان دەبینیت لە ڕووی موزیك و ئاوازەوە زۆر جوانتر لە عەرەب و تورك کار دەکەین.

*** بە ڕای ئێوە هەژاری بەهرەی مرۆڤ لەناو دەبات، یان ئایا هەژاری کاریگەریی لەسەر خۆت هەبووە؟**

- ئەوەی هەژار بێت بەهرەی بۆ دێت، دەوڵەمەند ئاگای لە داهێنان نییە، بەڵام ئەگەر باری دارایی و ئابووریت باش بێت، ئەوا دەتوانیت داهێنان بکەیت، هەژاری هیچ کاریگەرییەکت لێ ناکات، دیسان دەڵێمەوە هەژاری وات لێ دەکات داهێنان بکەیت ئەوجا لەهەر بوارێکدا بێت.

*** چۆن بوو تۆش وەك هونەرمەندەکانی دی لە کاتی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا هیچ گۆرانییەکت بۆ هیچ لایەنێك نەگوت؟**

- هونەرمەند هەیە حزبێکی خۆش دەوێت و ڕای دەگەیەنێت و گۆرانیی بەسەردا هەڵدەڵێت، هەموو کەسێك ئازادە گۆرانی بەسەر کێدا هەڵدەڵێت، بەڵام من کوردستانم خۆش دەوێت و چەند بەرپرسێکیش داوایان لێ کردم، بەڵام نەمگوت، ئەگەر بە دەفتەر دۆلاریشم بدەنێ ناتوانم گۆرانی بەسەر لایەنێکی دیاریکراودا بڵێم، چونکە لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەدا لە هەموو حزبەکان دۆستی خۆم هەبوو و خۆیان کاندید کردبوو، بۆیە نەمدەتوانی بانگەشە بۆ هیچ لایەنێك بکەم، منیش لە دڵی خۆم لایەنێکم خۆش دەوێت، بەڵام بانگەشە بۆ پارە و بۆ هیچ شتێك ناکەم، ئەوەی لای من گرنگە کوردستانە.

*** بەنیاز نیت بەشداریی لایف موزیکەکان بکەیت؟**

- بەڵێ بەنیازم لایف موزیك بکەم، بەڵام بەو مەرجەی شوێنێکی باش و گونجاو بێت، لایف موزیك کارێکی باشە چونکە دەتوانێت لە جەماوەرەکەت نزیك بێت، هونەرمەند ئەوکاتەی خۆشە لەسەر ستەیج بێت و گۆرانی بۆ جەماوەرەکەی بڵێت، بۆ گۆرانیبێژیش گرنگە بە لایف گۆرانی بڵێت.

*** گۆرانییەکانت سارێژی چ برینێکت دەکات؟**

گۆرانییەکانم سارێژی برینی خۆم دەکات، چونکە یەکەم جار گۆرانییەکە بۆ خۆم دەڵێم، کە لە دڵی دام، ئەوکات هەست دەکەم لە دڵی گوێگریش دەدات.

چۆڤین چالاک

یاریزانی باڵەی یانەی ئەفرۆدێت:



# بوونی ئامانج و ئیرادەیەکی بەهێز وات لێ دەکات سەربکەویت

تیپی باڵەی کچانی ئافرۆدێتی شاری سلێمانی، لە یاریی باڵەدا یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سەرئاستی کوردستان و عێراق، یانەکە گرنگیی زۆر بە تیپەکانی کچان دەدات، جگە لە تیپەکانی باڵە یانەکە خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە لە سەر ئاستی کوردستان و ئەنجامەکانیان زۆر باشە، تیپی باڵەی یانەکە ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خول و پاڵەوانێتییەکاندا بەردەوام لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و نازناوەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش، یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکە (چۆڤین چالاك)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ ی پارێزگای سلێمانییە و یاریزانی یانەی ئەفرۆدێتە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد.



*** چی وای کرد بچیتە نێو جیهانی وەرزشەوە؟**

- وەرزش خولیایەکە هەر لە تەمەنێکی کەمەوە لە نێو وەرزشدام، سەرەتا لە شاخەوانییەوە دەستم پێکرد، توانیم لەم وەرزشەدا ئەکادیمییانە بەرەوپێش بچم، جگە لەو شاخەوانییشم کردووە و خاوەنی بڕوانامەم، هەر لەگەڵ ئەم وەرزشە یاریی باڵەم هەڵبژارد.

*** وەکو حەز یان بۆ وەرزش یاریی باڵەت هەڵبژاردووە؟**

- سەرەتا وەکو حەزێك یاریی باڵەم هەڵبژارد، پاشان وەکو وەرزشێك کە گونجاو بوو بۆم، تا خۆم بەرەوپێش ببەم، چونکە یاریی باڵە شان بە شانی یارییەکانی دیکە سوودی جەستەیی و دەروونیی هەیە.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- سەرەتا هەست بە قورسییەك دەکەیت، بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوونت لەم وەرزشە و بەرەوپێشچوونت، هیچ قورسییەك نامێنێت، بگرە لە داهاتوودا دەتوانی لە ڕێی ئەم وەرزشەوە خزمەتی فێرخوازان بکەیت.

*** یاریی باڵە چ ئاستێکی تێپەڕاندووە لە کوردستان؟**

- تا ڕادەیەك پێشکەوتووە، بەڵام دەتوانم بڵێم ساڵانی پێشتر خولەکان بەردەوام هەبوون، لە ئێستادا تەنیا خولی عێراقی هەیە کە یانەکان ئامادەکاریی بۆ دەکەن، پاشان لە ڕێی ئەم خولەوەیاریزانی ئاست بەرز هەڵدەبژێردرێت بۆ خولەکانی دەرەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- بە بۆچوونی من پێویستە خولی زیاتر




بکەنەوە، هەموو ساڵێك پێش خولی عێراقی خولی کوردستانیش بکرێتەوە، ئەمە وا دەکات چ ئاستی یاریزان چ ئاستی یانەکان دەربکەوێت.

*** زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە یانەکانی کوردستان تیپی باڵەی کچانیان پشتگوێ خستووە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- بەڵێ لە دیدی منەوە کەمیی خول و نەبوونی تێچوویەکی باش لە زۆربەی زۆری یانەکاندا وای کردووە کە زۆربەی یانەکان لە خولەکان بکشێنەوە.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- خزمەتێکی باشی وەرزش بکەم.

*** سەرکەوتن چ مانایەك دەبەخشێ لای تۆ؟**

- سەرەتا بوونی ئامانج و بوونی ئیرادەیەکی بەهێز وات لێ دەکات سەربکەویت، سەرکەوتن چێژێکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی زیاتر بەرەوپێش بچم.

*** لە سنووری ناوچەکەی ئێوە تا چەند گرنگی بە ئافرەتان دەدرێ، هیچ ڕێگرییەك هەیە؟**

- ساڵانی پێشوو ئەو ڕێگریی زۆر هەبوو، بەڵام لە ئێستادا باشتر بووە و یاریزانی کچمان زۆر بووە، بگرە زیاتریش دەبێت، خزمەتکردنی ئەم وەرزشە وا دەکات ئافرەتان زیاتر بەشداربن.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە لەم یارییە؟**

- ئومێدم هەیە وەك باشترین یاریزان هەڵبژێردرێم و وەکو یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقیش وەربگیرێم.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی بۆ یاریکردن؟**

- بەڵێ هەبووە، بەڵام لەبەر دڵسۆزی و خۆشەویستیم بۆ یانەکەم و مامۆستاکەم هەموو گرێبەستێکم ڕەت کردووەتەوە.

***کێ بەهاوکار و پاڵپشتی خۆت دەزانی؟**

- لە سەرەتا و ئێستاشدا باوکم وەك هاوڕێیەکی باش پاڵپشتمە.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان لەم ڕێگەیەوە ڕاوبۆچوونی یاریزانەکان نیشان دەدات و خزمەتێکی باشی وەرزش دەکەن.

# یاریزانە ژاپۆنییەکە بەردەوامە لە شکاندنی ڕیکۆرد



کازویۆشی یاریزانە ٥٧ ساڵانە ژاپۆنییەکە دەیەوێت وەرزی داهاتووش لە یاریکردن بەردەوام بێت و بەنیاز نییە واز لە یاریکردن بهێنێت.

ڕۆژنامەکان ئاشکرایان کرد کازویۆشی میورا، کە مانگی شوباتی داهاتوو تەمەنی دەبێتە ٥٨ ساڵ دەیەوێت لە یاریکردن بەردەوام بێت، کە لە خولی پلە چواری ژاپۆنی لە ڕیزی یانەی ئەتلەتیکۆ سوزوکا یاری دەکات.

کازویۆشی، کە لە نەوەتەکانەوە یاری دەکات بە تەمەنترین یاریزانە لە یاریی تۆپی پێ لە ژیانی پیشەگەری بەردەوام بێت دەیەوێت گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی نوێبکاتەوە و لە وەرزی نوێی خولی ژاپۆنی یاری بکات لەکاتێکدا دوای چوار مانگی دیکە تەمەنی دەبێتە ٥٨ ساڵ.

کازویۆشی، کە لەگەڵ هاڵبژاردەی ژاپۆن لە ٨٩ یاری خاوەنی ٥٥ گۆڵی نێودەوڵەتییە، پێشتر لە وڵاتانی ئیتاڵیا، بەرازیل، کرواتیا، ئوستراڵیا و پۆرتوگاڵ یاری کردووە، ساڵی ١٩٨٦ دەستی بە کاروانی وەرزشی کردووە و وەرزی داهاتوو دەبێتە ٤٠ وەرز لەسەریەک بەردەوام بێت.

کازویۆشی ساڵی ١٩٨٦ لە یانەی سانتۆسی بەرازیلی دەستی بە یاریکردووە، لە ڕیزی یانەکانی دینامۆ زەگرەبی کرواتی، ڤیسێل کۆبی ژاپۆنی، جێنەوای ئیتاڵی و سیدنی ئوستراڵی یاریکردووە.

# یاریزانێکی نێودەوڵەتی کۆچی دوایی کرد



یانەی کیتۆ، کە لە خولی تۆپی پێی پلەیەکانی ئیکوادۆر یاری دەکات، گیانلەدەستدانی یاریزان مارکۆ ئەنگولۆی ڕاگەیاند دوای ئەوەی لە ٧ی مانگی ڕابردوودا تووشی ڕووداوێکی هاتووچۆ بوو.

یانەی کیتۆ و خولی پیشەگەری ئیکوادۆر ماتەمینیان بۆ ئەنگولۆ ڕاگەیاند، کە لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا کۆچی دواییکرد، کە لەو ماوەیەدا ئەزموونێکی لە خولی پیشەگەری ئەمەریکی هەبوو و هەروەها درێسی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لە چەند بۆنەیەکدا پۆشی بوو.

ڕووداوەکە لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ ڕوویداوە، ڕۆژێک لە دوای دوایین یاریی، کە مارکۆ ئەنگولۆ لە خولی پیشەگەری ئیکوادۆر بەشداریکردبوو.

دوای ئەو ڕووداوە، کە لە کویتۆی پایتەختی ئیکوادۆر ڕوویدا، کە ئەنگولۆ بەیاوەری ٤ کەسی دیکە لە ئۆتۆمبێلێکدا بوون چەندین نەشتەرگەری بۆ یاریزانەکە کرا و زیاتر لە هەفتەیەک لە چاودێری چڕدا ماوە لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا ئەنگولۆ و دوو کەسی دیکە گیانیان لەدەستداوە و دوو سەرنشینی دیکەش بەسەختی بریندار بوون.

یانەی کیتۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کۆچی دوایی یاریزانە خۆشەویستەکەمان مارکۆ ئەنگولۆ ئاگادارتان دەکەینەوە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خێزان و ئازیزانی دەکەین و کۆچی دوایی ئەو زیانێکی گەورەیە و قەرەبوو ناکرێتەوە، کاریگەرییەکی نەسراوە لەسەر دڵمان بەجێدەهێڵێت.

ئەنگولۆ ١٦ یاری لەگەڵ یانەکەدا ئەنجامداوە و پێشتر لە خولی ئەمریکی بەخواستن بۆ سینسیناتی یاریکردووە.

یاریزانەکە بۆ یەکەمجار لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیکوادۆر دەرکەوت، کە وەک یاریزانێکی یەدەگ بەشداری لە یاریی دۆستانەی بەرانبەر عێراق کرد و بەبێ گۆڵ تەواوبوو، هەروەها سێ یاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ئەنجامداوە.

لە بەرانبەردا یەکێتیی تۆپی پێی ئیکوادۆر ماتەمینی بۆ یاریزانەکە ڕاگەیاند و لە بەیاننامەیەکدا: مارکۆ تەنیا یاریزانێکی باش نەبوو، بەڵکو هاوڕێیەکی باشیش بوو لە تیپەکەیدا خەمێکی قوڵی لە دڵماندا بەجێهێشت.



# یانە گەورەکانی ئەورووپا ڕکابەری لەسەر ئەستێرەیەکی سویدی دەکەن

فرێدریکۆ ڤارانداس، سەرۆکی یانەی سپۆرتینگ، دەرگای ڕۆیشتنی لەبەردەم ئەستێرەی یەکەمی یانەکەی کردەوە، لە گواستنەوەی هاوینی داهاتوودا.

ڤارانداس لە لێدوانێکدا لەبارەی داهاتووی ڤیکتۆر یۆکێرێش، ئەستێرە و گۆڵکاری یانەکەی قسەیکرد و گوتی: ناتوانم هیچ بەڵێنێک بدەم، ئەگەر یانەیەک بیەوێت مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی جێبەجێ بکات و یاریزانەکەش بیەوێت بڕوات، دەڕوات.

سەرۆکی یانە پۆرتوگالییەکە دووپاتیدەکاتەوە، ئەو ڕۆیشتنە لە گواستنەوەی زستانەدا ڕوونادات.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ناوی ڤیکتۆر یۆکێرێش میدیای ئەورووپای بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و دەنگۆی زۆر لەبارەی ئەگەری ڕۆیشتنی ئەو یاریزانە لە یانە پۆرتوگالییەکە بڵاوبووە، بەتایبەت دوای ئەوەی ڕۆبن ئامۆریم، ڕاهێنەری یانەی سپۆرتینگ ئەو یانەیەی بەجێهێشت و پەیوەندیی بە یانەی مانچستەر یۆنایتد کرد.

هەریەکە لە یانەکانی ئەرسیناڵ، چێڵسی، مانچستەر یۆنایتد و بەرشلۆنە گرنگی بەتواناکانی هێرشبەرە سویدییەکە دەدەن.

هەفتەی ڕابردوو هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە ڕێگەیان لە خوان لاپۆرتا، سەرۆکی یانەکە گرت و داوای گرێبەستکردنیان لەگەڵ ئەو یاریزانە لە سەرۆکی یانەکەیان دەکرد.

مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ڤیکتۆر یۆکێرێش لەگەڵ سپۆرتینگ ١٠٠ ملیۆن یۆرۆیە و ئەگەر ڕێککەوتن بکرێت، یانەکە بە ٧٥ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری ئەو یاریزانە دەبێت.

ڤیکتۆر لەم وەرزەدا ١٦ گۆڵی لە ١١ یارییدا کردووە، پێشەنگی گۆڵکارانی خولی پۆرتوگالی گرتووە و لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ٥ گۆڵی لە ٤ یارییدا تۆمارکردووە.

# کوردێک دەبێتە یاریزانی هەڵبژاردەی پارا تایکواندۆی عێراق




لە پاڵەوانێتی یاریزانانی تایکواندۆی یانە و هۆڵەکانی عێراقی لە شاری بەغداد کورە یاریزانێکی کوردی شاری هەولێر توانی یەکەمی یاریزانانی عێراقی بێت لە یارییەکانی پارا تایکواندۆ بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، شاد سابیر یاریزانی پارا تایکواندۆ کە خاوەن ئاستێکی بەرزە و چاوی لەوەیە لە داهاتوو بەشداری پاڵەوانێتی ئۆلۆمپیادی جیهانی بکات بۆ ئەوەی بتوانێ بە مەدالیای زێر بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان لە شاری بەغداد لە سەر ئاستی عێراقی توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت و بگاتە ریزی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی، لەم بارەشەوە عەلی سەرکەوت ڕاهێنەری تایکواندۆی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی و یاریزانی ناوبراو بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئاستی ئەم پاڵەوانێتیە زۆر بەرز بوو ئێمەش وەکو هۆلێکی شاری هەولێر بە کۆمەڵێك یاریزانەوە بەشداری پاڵەوانیتیەکەمان کردبوو و توانیمان ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت لە ئاستی پارا تایکواندۆش یاریزانی شاری هەولێر کە لای خۆم یاریزانە توانی پلەی یەکەم لە سەر ئاستی عێراقی بەدەست بهێنێت، ئێمە بەردەوامین لە گرنگیدان بە یارییە تاکییەکان و ئامانجمان ئەوەیە بتوانین زۆرترین ئەنجامی گەورە لە سەر ئاستی عێراقی بۆ شاری هەولێر بەدەست بهێنین، ئەگەر پشتگیریمان بکرێ ئەنجامی زۆر گەورە دەتوانین بەدەست بهێنین.

# ئارارات
# لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان کشایەوە




تیپی تۆپی پێی ئاراراتی قەزای پیرمامی سەر بە پارێزگای هەولێر یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق بووە لە ساڵانی ڕابردوو، بەڵام ماوەیەکە یانەکە دوو چاری گرفتی دارایی بۆتەوە بەم هۆیەشەوە نەیتوانیوە وەکو پێویست بەشداری چالاکییەکان بکات، ئەم وەرزە یانەکە بڕیاری دا بوو بەشداری خولی نایابی یانەکانی کو ر د ستا ن بکات، بەڵام گرفتی دارایی ڕێگری لێ کرد و کشانەوەی لە خولی نایاب ڕاگەیاند و تیپەکە دابەزی بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یانەکەش بەیاننامەیەکی بلاو کردەوە و ئاماژەیان بەوە کردوە کە لە جاران باشتر دەبن و مێژوویی یانەکە دەپارێزن کە لە ماوەی ڕابردوو بە دەستیان هێناوە، بڕیاریشیانداوە بەشداری خولەکانی لاوان و تازە پێگەیشتووان و چەند خولێکی دیکە و چالاکییە وەرزشیەکانی دیکە بکەن، ئارارات ئەم ماوەیە هیچ ئامادەکارییەکی نەکرد بوو بۆ دەستپێکی یارییەکانی خولی پلە نایابی کوردستان هەر چەندە هەتا دواین ڕۆژەکانی بەر لە دەستپێکی خولەکەش نیازی ئەوەیان هەبوو بەشدار بن، بەڵام گرفتی دارایی ئامانجەکەی نەپێکا و تەنیا کشانەوەیان هەڵبژارد دەیانەوێ جارێکی تر تیپەکە ڕێکبخەنەوە و بێنەوە ناو کێبڕکێیە جیاوازەکانی خولەکانی کوردستان.




# پیشەسازی چاوی لە ئەنجامی شایستەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی پیشەسازیی شاری هەولێر ئەمساڵ یەکەم ساڵیەتی لە بەشداری کردنیان لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزە کارگێڕیی یانەکە سەرەڕای ئەوەی کە وەکو پێویست لایەنی دارایی تیپەکە باش نییە، بەڵام دەیانەوێ جیاواز بن و ئەنجامی شایستە لەم وەرزە بەدەست بهێنن لە پاڵ یانە گەورەکانی کوردستان، لە دەستپێکی خولی پلە نایابی کوردستان یانەکە لە یانەی دەربەندیخانی بردەوە لە دەرەوەی یاریگای خۆی، لەم بارەشەوە مەولود ڕەمەزان ڕاهێنەری یانەی وەرزشی پیشەسازی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە یەکەم ساڵمانە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دەمانەوێ تیپێکی جیاواز بین لە خولەکە و ئامانجی ئێمەش ئەوەیە ئەمساڵ کە چوار تیپ دادەبەزێ ئێمە خۆمان بهێلینەوە و بتوانین کێبڕکێ لەگەڵ یانە بەهێزەکانی خولەکە بکەین، هەر چەندە ئامادەکاری تیپەکە ئامادەکارییەکی مام ناوەندە، بەڵام ئومێدی زۆرمان هەیە کە بتوانین ئەنجامەکانمان باش بێت و پلانی تۆکمە دابنێین بۆ ئەوەی لە یارییەکانی داهاتوودا ئەنجامەکانمان باش بێت، لە بارەی گرفتەکانیش گوتی: گرفتی دارایمان هەیە ئەوەش گرفتێکی گەورەیە کە ئێمە پێوەی دەناڵێنین بەهیوای ئەوەین هاوکاری تیپەکەمان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامان دڵخۆشکەر بێت.

# ئایا چالاکیی جەستەییت گونجاوە لەگەڵ تەمەنتدا؟

ناتوانرێت بە مەشقی وەرزشی ساڵەکان بسڕێنەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت کە بە مەشقی وەرزشی تا رادەیەکی باش ڕێگە لە کاریگەرییەکانی بەساڵاچوون بگیرێت. لە راستیدا، بوون بە خاوەن لیاقەیەکی فیزیکی (بەدەنی) باشترین شتە بۆ تەندروستیی دەروونی و جەستەیی. لیاقەی بەدەنی هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی ریسکی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشییە درێژخایەنەکان هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی نیشانەکانی پەستی و خەمۆکی لە گەڵێك کەسدا. بە پێی راپۆرتێکی کۆلێژی هەنتیگدۆن Huntingdon لە ویلایەتی ئەلەباما/ ئەمریکا، بوونی کەسێك بە خاوەن لیاقەیەکی فیزیکی باش، واتە بوون بە خاوەن تەندروستیی یەکێك کە ١٠-١٥ ساڵ لە تەمەن بچووکتر بێت. بەگشتی لیاقەی جەستەیی Physical fitness واتە بوونی هێزی باشی ماسوولکە لەگەڵ چوستی و بەرگەگرتن، جووڵەی باشی جومگەکان، لەگەڵ بوونی توانا بۆ ئەنجامدانی چالاکییە جەستەییەکان بێ هەستکردن بە ماندووبوون یان هیلاکیی سەخت.



# سوود و زیانەکانی بەکارهێنانی خەنە بۆ قژ و پێست



خەنە Henna بریتییە لە پاودەری گەڵای هاراوی ڕووەکێکی تایبەت کە ڕەنگێکی قاوەیی سوورباوی هەیە. بەکارهێنانی خەنە بۆ ڕەنگکردنی پێست یان قژ یان نینۆك لە کەسانی پێگەیشتوودا بەگشتی سەلامەتە، بە مەرجێك خەنەی سرووشتی بێت، واتە هیچ ماددەیەکی کیمیایی تێکەڵ نەکرابێت، ئەگەرچی هەندێك جار دەبێتە ئەگەری هەستەوەری بە شێوەی خورشت، سووتانەوە، ئاوسان، یان سووربوونەوەی پێست، یان هەتا پەیدابوونی بڵۆق یان ئاسەوار لەسەر پێستدا. بەکارهێنانی خەنە بۆ پێست یان قژ بۆ منداڵ هەرگیز ڕێنمایی ناکرێت، بەتایبەتی بۆ منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشیی (پاقلە) Favism، چونکە زیان بە خڕۆکە سوورەکانی خوێن دەگەیەنێت. بەکارهێنانی خەنە بە دەگمەن دەبێتە ئەگەری هەستەوەریی توند، بەتایبەتی ئەگەر ماددەی کیمیایی بۆ مەبەستی جیاواز بۆ زیاد کرابێت وەکو خەنەی ڕەش Black henna، لێرەدا نیشانەکان بریتین لە: خورشت و سووربوونەوەی پێست، زیادبوونی دەردراوی لووت، دەنگی ویزە لەگەڵ هەناسەدا، لەگەڵ هەناسەتەنگی.

# نووستن بە تاقمی ددانەوە گرفتی تەندروستی پەیدا دەکات



تاقمی ددان Dentures لەگەڵ سوودە زۆرەکانیدا، گەلێك گرفتی نەخوازراویشی هەیە، بۆنموونە فشار دەخاتە سەر پووك و ئێسکی شەویلاك و ژێرەوەی پووك کە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قەبارە و چڕیی ئێسك Resorption بەتایبەتی کە تاقمی ددان ڕۆژان بۆ ماوەیەکی زۆر دابنرێت، پاشان تاقمی ددان لە شوێنی خۆی لەق دەبێت و بە دروستی جێگیر نابێت، بۆیە پێویست بە گۆڕین دەکات. لە لایەکی دیکە ئەگەر تاقمی ددان بە پێی ڕێنماییەکان بە دروستی چاودێری نەکرێت و لەکاتی نووستندا لانەبرێت، ئەوا دەبێتە مۆڵگە بۆ بەکتریا و کەڕوو کە هەوکردن پەیدادەکەن و بۆنی دەم ناخۆش دەکەن، سەرەڕای سووتانەوە و هەوکردنی پووك و ناوپۆشی دەم یان تەنانەت هەوکردنی شانەی سییەکان. تاقمی ددان لەکاتی نووستندا لەوانەیە کەبخزێتە ناو قورگ و ببێتە هۆی هەناسەتەنگی و هەستکردن بە خنکان، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە تاقمی ددانیان هەیە، پێش نووستن تاقمەکەیان دابنێن.





# زیاد وەرگرتنی ڤیتامین D زیانی هەیە

وەرگرتنی ژەمی زیادی ڤیتامین D بەبێ ڕێنمایی دکتۆر و زیادبوونی ڕێژەکەی لە لەشدا واتە ژاراویبوون بە ڤیتامین D، کە ئەگەرچی حاڵەتیکی زۆر باو نییە، بەڵام مەترسیدارە. زیادبوونی ڤیتامین D لە لەشدا هاندەرە بۆ زیادبوونی ڕێژەی کانزای کالسیۆم لە خوێندا. نیشانەکانی ژاراویبوون بە ڤیتامین D: هێڵنج، ڕشانەوە، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، قەبزی، زیاد تینووبوون، زیاد میزکردن، بێهێزبوونی ماسوولکەکان، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، شێوانی دەروونی Confusion، ئازاری ئێسك و کەمبوونەوەی بارستایی ئێسك کە هۆکارە بۆ لاوازبوون و زوو شکانیان تەنانەت بە زەبری سادە، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەندێك جار زیادبوونی ڕێژەی ڤیتامین D لە لەشدا بە دەگمەن دەبێتە ئەگەری: ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ Arrhythmia، نیشتنی کالسیۆم لە چەند ئەندامێکی لەش وەکو گورچیلە، دڵ، دیواری خوێنبەرەکان و شانەکانی دیکەی لەش، هەروەها گرفت لە گورچیلە بە شێوەی بەردی گورچیلە یان پەککەوتنی گورچیلە.

# دابەزینی پلەی گەرمیی لەش

پلەی گەرمیی ئاسایی لەش لە نێوان 36.5-37.2° سێلسیەس دایە، پلەی گەرمیی لەش کەمتر لە 36.5° سیلسیەس واتە بوونی نادروستییەك لە لەشدا. لە لایەنی پزیشکییەوە، پلەی گەرمیی لەش نزمتر لە 35° سێلسیەس بە پلەی گەرمیی نزمی لەش Hypothermia هەژمار دەکرێت، کە حاڵەتێکی مەترسیدارە و پێویستی بە چاودێریی نزیکی پزیشکی دەبێت. هۆکارەکان: لەگەڵ بەتەمەنداچووندا پلەی گەرمیی لەش کەمێك دادەبەزێت، لەبەر کەمبوونەوەی ڕێژەی چەوریی لەش، زیانی لابەلای چەند دەرمانێك، گۆڕانە هۆرمۆنییەکان، سستبوونی گلاندی دەرەقی، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، گرفتەکانی سووڕی خوێن، کەمیی کانزا و ڤیتامینەکان بەتایبەتی ئاسن و ڤیتامین B12، هەوکردنی توند لەلەشدا، هەوکردن بە ڤایرۆسی کۆڤید ١٩، هەروەها بەرکەوتنی زیاد بە هەوا، بەفر، یان ئاوی سارد. نیشانەکان: هەستکردن بە سەرما و لەرز، شێوانی دەروونی، بۆرژان، ساردبوون و کاڵبوونی پێست، کەمبوونەوەی لێدانەکانی دڵ، لەسەرخۆبوونەوەی هەناسە، لەرزی کۆنترۆڵ نەکراو پاشان وەستانی یەکجارەکیی لەرز، تێکچوونی هەماهەنگیی بەشەکانی لەش، هەروەها بێهێزیی گشتی.





# وشکبوونی پێست لە وەرزی زستاندا

وشکبوونی پێست لە وەزری زستاندا باوترە بەراورد بە وەرزی هاوین. گۆڕان لە پلەی گەرمی و ڕێژەی شێداریی هەوا لە وەرزی زستاندا هۆکارن بۆ سووتانەوەی پێست، کە دەبێتە هۆی وشکبوونی پێست. چینی هەرە سەرەوەی پێست کە بە بەربەستی پێست Skin barrier ناسراوە، لە خانە مردووەکان و چەورییە سرووشتییەکان پێك هاتووە. تێکچوونی ئەم چینە بە هەر هۆکارێك دەبێتە هۆی وشکبوونی پێست. شێداری زۆر پێویستە بۆ چینی بەربەستی پێست، لە مانگەکانی زستاندا، گەرمکردنەوەی ناوماڵ ڕێژەی شێداریی هەوای ناوماڵ کەم دەکاتەوە، لە دەرەوەی ماڵیشدا هەوای سارد، بای توند، لەگەڵ باران هاندەرن بۆ لابردنی چەورییە شێدارکەرەوە سرووشتییەکانی چینی بەربەستی پێست. لە لایەکی دی وەرگرتنی دووشی گەرم کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر چینی سەرەوەی پێست و وشکی دەکاتەوە، هەروەها بەکارهێنانی سابوونی بەهێز و لیفکەی زبر و وشککردنەوەی پێست بە خاولیی زبر، چینی سەرەوەی پست تێك دەدەن. نیشانەکانی وشکبوونی پێست لە زستاندا: تفرکردن و زبربوونی پێست، قڵیشان، سووربوونەوە، خورشت، هەروەها زیاد هەستیاربوونی پێست بۆ بەرکەوتن.

## رۆبۆتێکی بچووک ی

رۆژێك دادێت كامێرا چاوەدێرییەكان كە بەڕاستی لە بواری ئەمنییەت و چاودێرییەوە شۆڕشێكی نوێی تەكنەلۆژیان هێناوەتە ئاراوە، ئەوانیش لە برەو دەكەون و دەبێتە سەردەمی ڕۆبۆتە بچووكە چاودێرەكان، بۆ نموونە ڕۆبۆتی بچووكی enabut EBO كە بە تەنیا ڕۆبۆتێك نییە بگرە كامێرایەكی چاودێریی بەهێز و هاوڕێیەكی نزیكە بۆ گشت ئەندامانی ماڵەوە تەنانەت بۆ گیاندارانیش!

رۆبۆتەكە پاڵپشتی لە ژیریی دەستكردی -GPT




## پرینتەرێک لەسەر هەموو شتێ

پرینتەر ئەو ئامێرەیە كە داتای دیجیتالی دەخاتە سەر كاغەز، قەوارە و توانا و تایبەتمەندییەكانی پرینتەر جیاوازن. جۆرێك لە پرینتەر هەیە پێی دەگوترێت پرینتەری گەرمی كە كاغەزێكی تایبەتی دەچێتە سەر و بەڵام حیبری لەسەر نییە و بەهۆی گەرمییەوە چاپ دەبێت.

پرینتەری جۆری printpods پرینتەرێكی بچووكە، قەوارەكەی ٢٠ سانتیمە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە. كێشەكەی تەنیا ١٧٧ گرامە. وردبینی پرێنتكردنەكەی ٣٠٠ DPIیە.



## كورسیی تایبەت بەگەیمینگ هاوشێوەی فیلمە خەیاڵییەكان

لە یەكەم ڕوانیندا كە سەیری ئەو كورسیی تایبەتە بە گەیمە دەكەی هەست پێدەكەی ئۆتۆمبیلێكی ناو فیلمە خەیاڵییە زانستییەكان دەبینی. ئەوە كورسییەكی تایبەت بەگەیمە كە بە جۆری ORB X ناسراوە. بەكارهێنەر كاتێك لەسەر كورسییەكە دادەنیشێت هەست پێدەكات فرۆكەوانێكە و سواری فڕۆكە بووە. كورسییەكە هیچ سیستەمێكی كۆمپیوتەری یا مۆنیتۆرێكی تایبەتی تێدا نییە، بەكارهێنەر خۆی دەبێ ئەوانە دابین بكات. دەكرێت لەیەك كاتدا ٣ مۆنیتۆری ٢٧ ئینجی لەسەر دابندرێت لەگەڵ مۆنیتۆرێكی ٣٤ ئینجی كە كۆی كێشی ئەوانە بكاتە ٢٦ كیلۆ. كێشی خودی كورسییەكە ٣٤٣ كیلۆیە و بەرزییەكەی ٢ مەترە. گشت كەلێن و پۆرتەكان و سیستەمی دەنگی بەهێز و هەروەها ڕووناكی بەهێزی تێدایە. كورسییەكە لە قایشی ئەسڵی دروستكراوە. هەربۆیە زۆر گرانباییە.

## پاسەوانە بچووکەی ماڵەوە



4o دەکات و ئەوەی مەبەستتە دەتوانی لێی بپرسی، منداڵان دەتوانن وانەکانی خۆیانی لێبپرسنەوە و زانیاری نوێ بەدەست بێنن، بەتەمەنەکان دەتوانن نوێترین زانیاری لە بارەی هەواڵە گەرمەکانی ڕۆژەوە لێی بپرسن. خۆی پاسەوانێکی بچووکی ماڵەوەیە و چاودێری هەموو ژوورەکان دەکات. چاوەکانی زۆر بەهێزن کامێرای 8K و 4Kین. نەخشەی هەموو ژوورەکان دەگرێت، ئەگەر هەست بە بچووکترین شتی جێگای گومان بکات ئەوە ئاگاداری ماڵەوە دەکات. ئەندامانی ماڵەوە هەموویان دەناسێت و لەگەڵ میوان و کەسانی غەریبە لێکیان جیا دەکاتەوە. بە دەنگ دەتوانی فەرمانی بەسەردا بکەی. میمۆرییەکی جۆری SD 64ی لەسەرە.

## ک چاپ دەکات

پرینتەری ناوبراو لەسەر هەموو شتێك چاپ دەکات، لەسەر کاغەز، قوماش، دار، ئاسن و تەنانەت جەستەی مرۆڤ و تووکی گیاندارانیش پرینت دەکات. لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و داتاکانی چاپ کردن لە مۆبایلەوە دەدرێن بە پرینتەرەکە. پێچەوانەی پرینتەرە بچووکەکان ئەو پرینتەرە کارتریجی دەچێتە سەر. پانتایی چاپکردنی ٢٦ ملمە و درێژییەکەشی بێ سنوورە.



## پاوەربانكێک خێرا و بێ وایەر بۆ هەموو ئامێرێک

پاوەربانك بەتایبەتی بۆ گەشت و گەڕان و ئەو شوێنانەی بە ئاسانی دەست بە کارەبا ڕاناگات یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکان، چونکە ئامێرەکانی سەردەم بە زۆریان پێویستیان بە بارگاوی کردنە.

پاوەربانکی جۆری PISEN 140W بۆ گەشت ئەو ئامێرانە دەگونجێت کە پێویستیان بە بارگاوی کردنە. وەك: مۆبایل، کامێرا، لاپتۆپ، کاتژمێر و هەروەها ئامێری دیکەش. هێزی باترییەکەی ٢٥ هەزار واتە و شارژی خێرایە و بە خێرایی ١٤٠ وات ئامێرەکان شەحن دەکاتەوە. لە یەك کاتدا دەتوانێت ٦ ئامێر پێکەوە بارگاوی بکاتەوە. لاپتۆپێکی جۆری ماك پرۆ لە ماوەی کاتژمێر و نیوێکدا بارگاوی دەکاتەوە. بەشی سەرەوەی پاوەربانکەکە تایبەتە بەو ئامێرانەی کە لە سیستەمی بێ وایەر سوود دەبینن. خودی ئامێرەکە ٥ ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە. هەرچەندە وەك پاوەربانکێکی دیکە کێشی تا ڕادەیەك زۆرە، بەڵام بە بەراورد بەکاراییەکەی زۆر گونجاوە.






# دوو وێبکەم گۆڕانکارییەک لە وێبنارەکاندا پێکدێنن

وێب کەم (webcam) واتە کامێرای تایبەت بە ئینتەرنێت، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفرانسە ئۆنلاینەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. لەو ماوەیەدا دوو وێب کەم لەلایەن insta360 بەرهەمهاتوون کە بە جۆری link2 و هەروەها link 2c ناسراون.

ئەم دوو وێبکەمانە سەرەتای گۆڕانکارییەکی نوێن لە وێبنار و سیمینارە ئۆنلاینەکاندا. هەردوو وێبەکەمە لە زیرەکیی دەستکرد سوود وەردەگرن. بەهۆی ئەو وێبکەمانە دەنگە دەنگی دەوروبەر ناڕوات.

جۆری likn2 باشترە لە جۆری یەکەم چونکە لە گەیمبۆڵی دوو لایەنە سوود وەردەگرێت، بەهۆیەوە هەمیشە وێنەکە بە جێگری دەمێنێتەوە، چونکە لەگەڵ جوڵەی بەکارهێنەرەکەی ئەویش ئاراستەکەی دەگۆڕێت. بەهۆی ئەوەی لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێت، حاڵەتێکی تایبەت بە تەختە سپی بۆ ڕوونکردنەوەی و شیکردنەوەی بابەتەکانی تێدایە و هەروەها حاڵەتێکی تێدایە بۆ دانانی گرووپێکی چەند کەسە پێکەوە لەیەك چوارچێوەدا. هەردوو وێبکەمەکە بە جوڵەی دەست کۆنترۆڵ دەکرێن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هەندێك فایل هاتوونەتە سەر کۆمپیوتەرەکەم بەڵام هەرچی دەکەم ناسڕدرێنەوە، ڕێگا چارە چییە؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر شێواز هەن بۆ سڕی ئەونەوەی فایلانەی لەسەر کۆمپیوتەر ناسڕێنەوە. وەك خۆت ئاماژەت پێداوە بەتایبەت ڤایرۆسی شۆرتکەت کە ناسڕێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئاسانترین شێوە ئەوەیە کۆمپیوتەرەکەت ڕیستارت بکەوە بەڵام دوگمەی shift دابگرە، دواتر پەنجەرەیەکی شین دەکرێتەوە کە چەند هێمای تێدایە، فەرمانی troubleshoot دابگرە، پاشان فەرمانی advanced options دابگرە و پاشان فەرمانی startup دابگرە و لە کاتی ڕیستارت بوونەوە دوگمەی f٤ دابگرە، کە هەڵبوویەوە هەموو ئەو فایلانە بسڕەوە کە ناسڕدرێنەوە. دواتر ڕیستارتی بکەوە.

# ئامێرێکی پێویست بۆ ئەوانەی کاری پیشەیی دەکەن

ئەو کەسانەی لە بواری گرافیك، دیزاین، فیلم و دۆبلاژ و مونتاژ، بواری دەنگ... تاد کار دەکەن، پێویستیان بە ئامێرێکە ئاسانکارییان بۆ بکات و بتوانن لە ماوەیەکی ئەرکەکانیان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن. ئەو بوارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان جگە لە ماوس و کیبۆردی کۆمپیوتەر پێویستە ئامێرێکی دیکەش هەبێت کە کارئاسانیان بۆ بکات، ئامێری جۆری TourBox Lite بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە، ئامێرێکە بە کۆمپیوتەرەوە پەیوەند دەدرێت و بەهۆی ٨ دوگمەوەو دەکرێت زیاتر لە پەنجا فەرمانی پێ جێبەجێ بکرێت. لەگەڵ هەموو زنجیرە پرۆگرامەکانی ئەدۆب وەك: فۆتۆشۆپ، ئیندیزاین، سینەما ئیفکێت، ئافتەر ئیفێکت... تاد دەگونجێت جگە لەوەش لەگەڵ پرۆگرامەکانی وەك تریدی ماکس، ئۆتوکاد و دەیان پرۆگرامی دیکەش. هەرکام لەو هەشت دوگمانە فەرمانی تایبەت بەخۆی جێبەجێ دەکات. دوو دوگمە لەوانە تایبەتن بە سکرۆڵ واتە سووڕان بۆ نموونە دەنگ و ڕەنگ زیاد و کەم کردن. سایز کەم و زیاد کردن. بەهرەمەندانی پیشەیی دەتوانن خێراتر ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن.







# ماوسێک بۆ مۆبایل و تەبلێت

ئەوانەی بۆ سەیرکردنی فیلمەکانی یوتیوب لە مۆبایل سوود وەردەگرن، یا ئەوانەی بۆ خوێندنەوە لە تەبلێت یا کتێبخوێنە دیجیتالییەکان سوود وەردەگرن، پێویست ناکات مۆبایل یا تەبلێتەکانیان ئەوەندە لێیان نزیك بێت کە لە داهاتوودا کێشەی بۆ بینینان دروست بێت. ئامێری SOFAMIRI وەك ئەنگوستیلەیەك لە پەنجە دەکرێت و هەمان ڕۆڵی ماوس لە کۆمپیوتەردا دەگێڕێت. بەکارهێنەر پێویست ناکات بەردەوام بۆ گۆڕینی فیلمێك یا بۆ وەستاندن و بردنە پێش و دواوەی فیلمێك پەنجە لە مۆبایلەکەی بدات، بە دوگمەکانی سەر ئەو ماوسە بچووکە دەتوانێت ئەو کارە جێبەجێ بکات. هەروەها کاتێك خەریکی خوێندنەوە لەسەر کتێب خوێن یا تەبلێتی بۆ گۆڕینی لاپەڕەکان پێویست ناکات دەست بۆ تەبلێتەکە بەرێت بەو ماوسە دەتوانێت ئەو کارە بکات. ماوسەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل و تەبلێت پەیوەند دەدرێت. کێشی زۆر گەمە تەنیا سەد گرامە و شەحن دەبێتەوە. بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ بیناسازی

بنەمای شارستانییەتی مرۆڤ لە بیناسازییەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێك دەزانێت وڵاتێك خاوەن مێژوویەکی دێرینە، گرنگترین بوار بۆ سەلماندنی مێژووی دێرینی وڵاتێك بیناسازییەکەیەتی. ڕۆمای کۆن بە بیناسازییەکەوە ناسراوە. تەنانەت قەڵای هەولێر وەك بینایەکی دێرین شارستانییەتی ئەو ناوچەیە نیشان دەدا. ماڵپەڕێکی زۆر لەم بوارەدا هەیە. یەکێك لە ماڵپەڕەکان ArchDaily.comە. ماڵپەڕەکە پڕبینەرترین ماڵپەڕی بیناسازییە لە جیهاندا. زیاتر لە دەیەیەکە دامەزراوە، زیاتر لە بیست هەزار وتاری لە بواری بیناسازی تێدایە، نوێترین هەواڵ و زانیارییەکانی بیناسازی ڕۆژانە لەوێ بڵاودەبنەوە. بە دەیان و سەدان پڕۆژە و فیلمی بواری بیناسازی تێدایە.

# پرۆگرامێکی بەهێز بۆ دیزاینی جلوبەرگ

هونەری بەرگدروون وەك پیشە و هونەرێکی بەرز سەیر دەکرێت، لەناو کورددا ئەو هونەرە لە دێرزەمانەوە لەلایەن بەرگدروو و وەستا دەسترەنگینەکان پەرەی پێدراوە و هەر جارە و دیزاین و نەخشەیەکی نوێی جلوبەرگ بەرهەم هاتووە. جلوبەرگی کوردی دیزاینی زۆر هەڵدەگرێت.

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا بۆ کارئاسانی لەبەرگدرووین و لە دیزاین و بڕینی قوماشدا چەندین پرۆگرام بەرهەم هاتوون، پرۆگرامی Marvelous designer یەکێکە لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان. یارمەتی بەرگدرووەکان دەدات بە ئاسانترین شێوە جلوبەرگەکان بەر لە بڕین و دروونیان دیزاین بکەن. لە ساڵی ٢٠٠٩ وەك بەهێزترین پرۆگرامی دیزاینی جلوبەرگ ناسراوە. لەلایەن ستۆدیۆکانی ئەنیمەیشن و بەرهەمهێنانی فیلم و بەرگدرووە سەرکەوتووەکان گرنگیی زۆری پێدراوە. لە زۆر فیلم و ئەنیمەیشندا لەو پرۆگرامە سوود وەرگیراوە. ئەوانەی ئارەزووی بەرگدروون بەشێوەی سەردەمیانە دەکەن دەتوانن بە باشی سوودی لێببینن.



# چەند ڕێگەیەکی سرووشتی بۆ گرنگیدان بە پێست



١- شێدارکردنی باش: ڕۆژانە بڕێکی پێویست ئاو بخۆرەوە بۆ ئەوەی پێستت بە شێداری بمێنێتەوە.
٢- خۆراکی هاوسەنگ: خواردنی سەوزە و میوە دەوڵەمەندە بە ڤیتامین، وەك پرتەقاڵ و شووتی و خەیار و گێزەر، ئەمەش یارمەتیی پێست دەدات تا بە زیندوویی بمێنێتەوە.
٣- ماسکی سرووشتیی دەموچاو: کەوچکێك هەنگوین لەگەڵ دڵۆپێك ئاوی لیمۆ تێکەڵ بکە، پاشان تێکەڵەکە بخەرە سەر دەموچاوت بۆ ماوەی ١٥-٢٠ خولەك، یان جێڵی ئالۆڤێرا ڕاستەوخۆ لەسەر پێست بەکار بهێنە، ئەمەش ڕێگەیەکی باشە بۆ خۆراکدان و شێدارکردنی پێست.
٤-زەیتی گوێزی هیندی: بۆ شێدارکردن و بەرزکردنەوەی درەوشاوەیی دەتوانرێت پێست بە زەیتی گوێزی هیندی مەساج بکرێت.
٥- چای گیایی: خواردنەوەی چای وەك بەیبوون، یان چای سەوز یارمەتی پاککردنەوەی جەستە دەدات و پێستێکی تەندروست دەبەخشێت.
٦-دوورکەوتنەوە لە فشاری دەروونی: تەکنیکەکانی پشوودان، وەك یۆگا یان مێدیتەیشن یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی تەندروستیی پێست.
٧- پاراستن لە خۆر: بەکارهێنانی دژەخۆر بۆ پاراستنی پێست لە تیشکی زیانبەخش.








# چۆن پانتۆڵی جینزی گونجاو هەڵدەبژێریت

جینز یەکێکە لەو پۆشاکانەی کە هەمیشە جوانی بە جەستەی خانمان دەبەخشێت، شێوەیەکی چوستی هەیە و جەستە بە توندوتۆڵی دەردەخات، هاوکات یەکێکە لەو پۆشاکانەشی کە بەردەوام گرنگیی پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی پانتۆڵێکی جینزت هەبێ، پێویستە تێبینی جەستەی خۆت بکەیت، چونکە هەڵە هەڵبژاردنی جینز شێوەت ناشایستە دەکات، هەربۆیە پێویستە جینزێك هەڵبژێریت ڕێك و ناوازەت بکات.
بۆ ئەوانەی کە ناو قەدیان باریکە، دەتوانن ئەو جۆرە هەڵبژێرن کە لە سەرەوە گەورە دەردەکەوێ و لە خوارەوەش تەسك دەبێتەوە، ئەمەش وا دەکات کە یەکسانی لە شێوەی خوارەوەی جەستەی خانماندا بەدی بکرێت. بۆ ئەوانەی لە باڵایاندا زیاتر قاچیان درێژە، دەتوانن پاتۆڵێك هەڵبژێرن کە لەسەرەوەی پێ جینزەکە دەچەمێندرێتەوە، کە شێوەیەکی دروست بە باڵایان دەدات و درێژیی قاچ ون دەکات. ئەوانەشی لاوازن، دەتوانن ئەو جۆرە بپۆشن کە ڕەنگێکی تۆخیان هەیە، وەك ڕەش و قاوەیی، تاوەکو شێوەی ڕان و قاچیان ون بکات، بەمەش جوانییەکی شایستە بە جەستەیان دەبەخشێت.



# کراسی بووکی تەنک و ناسکی شاهانە هەڵبژێرە

هەندێك لە براندەکان هەڵبژاردەیان وایە پشتێن لە هەمان ڕەنگی چاپی سەر ڕووی جلەکان بێت، هەندێکیش دیزاینەکانیان بە تەواوی بە ڕەنگی ڕەش بۆ بووك دەخەنە ڕوو، هەندێکی دیکەش بە پشتێنێکی ڕەشی تەنك بەدلەی سپیی بووك دەڕازێننەوە.
لە ساڵی ٢٠٢٤دا زیاتر دیزاینەکان وا بوو کە پێویست ناکات پشتێن لە دەوری کەمەر بپێچرێت، هەندێك لە براندەکان دیمەنێکیان پێشکەش کرد کە تێیدا خانمە مۆدێلەکان بە پشتێنێکی «ساتن»ـەوە دەرکەوتن، کە گەردن دەڕازێنێتەوە و دیزاینێکی مۆدێرنە و لەگەڵ بووکدا دەگونجێت تا زیاتر سەرنجی خەڵك ڕابکێشێت و بە ڕوخسارێکی جیاوازەوە لە ڕۆژی هاوسەرگیرییەکەیدا دەربکەوێت.
ئەمساڵ مۆدەی جلی بووکێنیی جیاواز سەری هەڵدا و هەندێك لە براندەکان بە شێوەی شریتی «ساتن» بەرهەمەکانیا خستە ڕوو، کە لە پێشەوە گرێ دراون، بە تەواوی بە دانتێل داپۆشراون و نەرمی و ناوازەیی تێکەڵ دەکات.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**

## مێژووی مرۆڤایەتی لە دیوارێکدایە





لێرەدا کۆنترین کەرەستە و زانیاری و هەر کەلوپەلێکی کۆن دانراون، کە بە سەرچاوەی نهێنیی مێژوو دادەنرێت، دەگوترێت کە مێژووی مرۆڤایەتی لێرە دانراوە، زیاتر لە ٨٤ هەزار دەستنووسی نهێنیی مێژووی مرۆڤایەتی کە تەمەنیان زیاترە لە هەزار ساڵ، لە تبت لە پشت دیوارێکی زەبەلاحەوە دۆزرایەوە، کە درێژییەکەی ٦٠ مەتر و بەرزییەکەی ١٠ مەترە، بەڵام چارەنووسی ئەم دەستنووسانە وەك ئەوەی لە کتێبخانەی ڤاتیکاندا هەیە وایە، هەر شتێك کە نایانەوێت خەڵك بزانن یان بیدۆزنەوە، دەڵێن ئەفسانەیە. ئەمەش رامان دەکێشێت بۆ ئەو پرسیارەی کە بڵێین: ئایا پێشینەکان ئاگاداری ساختەکردنی مێژوو بوون بۆیە پلانەکانیان لە شوێنی نهێنیدا پاراستووە؟.

## سەرتاشێکی ناودار بە خۆڕایی کار دەکات



سەرتاشێکی بەناوبانگ لە ئەمریکا، کە کارەکانی هێندە جوان و دانسقەیە زیاتر بۆ کەسانی ناودار و خاوەن سەرمایەکان کار دەکات، ئەو سەرتاشە ناوی مارك بۆستۆ، یەکێکە لە گرانترین سەرتاشەکان لە سەرانسەری ئەمریکا و جیهاندا، کە نرخی سەرچاککردن لە ١٥٠دۆلار دەست پێدەکات، بەڵام یەکشەمان کە لە پشوودایە لە سەر شەقامەکان پرچی هەژاران بێبەرامبەر چاك دەکات، بە بێ جیاوازیی ڕەش پێست و سپی پێست.







## ئایس کرێمی بێزکەرەوە

ئایس کرێم بە تامی سیسرك، ساردەمەنی فرۆشێك لە ئەڵمانیا ئایس کرێمی بە تامی سیسرك پێشکەشی خەڵك دەکات، ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی dpa بڵاوی کردەوە، ئەو شیرینییە نائاساییە لە فرۆشگای «تۆماس میکۆلینۆ» لە شارۆچکەی ڕۆتنبورگ ئام نێکار لە باشووری ئەڵمانیا دەست دەکەوێت. بەهای هەر ئایس کرێمێکیش چوار یۆرۆ (٤,٢٥ دۆلار) ئەوەی کە ئێستا دەتوانێت ئایس کرێم بە تامی سیسرك بەرهەم بهێنێت، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێسایەکی یەکێتیی ئەورووپا کە ڕێگە بە بەکارهێنانی حەشەرات و مێرووەکان دەدات لە خۆراکدا.



## وشکردنەوەی بیبەری توون لە کوردستان

خواردنی شتی تیژ و توون، لە کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر بە تایبەت تورکیا، خواستێکی زۆری لەسەرە، هەر بۆیە زۆربەی خواردنەکان بە بەرهەمەکانی تیژ و توون بەتامتر دەکرێن، بیبەری تیژ یەکێکە لەو سەوزانەی لە خێزانی باینجانەکانە، کە زیاتر بەپێی پلەی گەرمیی شوێنەکە ڕێژەی توونییەکەی زیاد وکەم دەبێت، کە بە پێوەری (سکوفێل) ڕێژەی تیژییەکەی پێوانە دەکرێت، جۆرەکانی زۆرن لەوانە: ئینتا، فویگۆ، سوپەر، پاری، تای، کاین... ساڵانە زیاتر لە ٣٤ ملیۆن تۆن بیبەری توون بەرهەم دەهێنرێت، باکووری کوردستان سەرچاوەی چاندنی ئەم ڕووەکەیە، کە دواتر وشك دەکرێتەوە و بۆ وڵاتانی دەوربەر و جیهان دەنێردرێت، لە پارێزگای دیلۆکی باکووری کوردستان ساڵانە دەست بە وشککردنەوەی بیبەری سوور دەکرێت، ئەویش بە دانانی بیبەرەکە لەسەر ڕووبەری ٢٦٠ هەزار مەتر چوارگۆشە زەوی.







# نهێنی و شاراوەی بەرمۆدا

ناوچەی بەرمۆدا دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای زەریای ئەتڵەسی، تەنیشت کەناراوەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی فلۆریدا، سێگۆشەکە فلۆریدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دوورگەکانی بەرمودا سەر بە بەریتانیا و باهاماس درووست بووە، خەندەقی پورتوگال قووڵترین خاڵە لە زەریای ئەتڵەسی کە بەرزییەکەی ٣٠ هەزار و ١٠٠ پێیە، و دەکەوێتە ناو کۆئۆردیناتی سێگۆشەی بەرمودا. ناوی لێنراوە بە ناوی دوورگەکانی بەرمۆدا کە لە کۆمەڵێك دوورگەی ٣٠٠ کەس پێك هاتوون، کە هەموویان شوێنی نیشتەجێ نین، بەڵکو تەنیا ٣٠ دوورگەیان خەڵکی لێ نیشتەجێیە، پایتەختەکەی «هامیلتۆن»ـە و دەکەوێتە سەر دوورگەی دایکی. سێگۆشەی بەرمودا ڕووبەری نزیکەی ١،١٤٠،٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە دەگرێتەوە، هەروەها بە هێڵێکی خەیاڵی سنووردارە کە لە خاڵێکی نزیك مێلبۆرن لە ویلایەتی فلۆریدا دەست پێدەکات و بە بەرمودا تێدەپەڕێت، پاشان پورتوگال، جارێکی دیکە لە فلۆریدا کۆتایی دێت.

# یاسا



## زمانی دادگا

گرنگیی زمان لە دادگاکان هیچی کەمتر نییە لەچاو گرنگییەکەی لە شوێنانی دیکە، چونکە گەلێك جار چارەنووسی کەسەکانی پێوە بەستراوەتەوە، بۆیە ئەگەر چاو لێ بکەین، یاسا زۆر گرنگیی بە زمان داوە و لە گەلێك شوێندا ناوی هێناوە و باسی کردووە، سەرەتا ئەگەر چاو لە (دەستووری عێراق)ی ساڵی (٢٠٠٥) بکەین، کە باڵاترین هێزی یاسایی هەیە، دەبینین لە مادەی چوار برگەی یەکەمدا هاتووە «زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین بۆ عێراق»، لە برگەی دووەمی هەمان مادەشدا هاتووە «مەودای دەستەواژەی زمانی فەرمی و چۆنیەتیی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم مادەیە بە یاسایەك دیاری دەکرێت کە لە خۆی دەگرێت» خاڵی ؛ب؛ «قسەکردن و تاریێژی و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکانی وەك ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنفرانسە فەرمییەکاندا بە هەریەك لە زمانەکان». لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)یش ئەم بابەتە ڕێك خراوە لە هەرێمی کوردستان و بە گوێرەی مادە (٦)ی یاساکە «زمانی کوردی زمانی دادگاکانە».



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە ئاماژە بەو کەسانە دەکات کە هەمیشە بە جوانی نواندن دەکەن، واتە لە شانۆی ژیاندا، ڕووناکی لەسەر ئەو کەسانە دەبێت کە لە ڕۆڵ و دەرکەوتندا باشن، نەك ئەوانەی کە لە کار و ئەنجامداندا باشن.



## دیمەنە سەیرەکان

**داهێنەری فڕۆکە**

ئەو کەسەی لە وێنەکەدا فڕۆکەکە دەفڕێنێت «ئیگۆر سیکۆرسکی»یە، کە داهێنەری یەکەم کۆپتەرە لە جیهاندا، فڕۆکەکە فڕۆکەیەکی جۆری «سیکۆرسکی ئێچ فایف»ـە و لە ساڵی ١٩٤٥ وێنەی گیراوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە کارەکەتدا ئەگەر ماندونەبیت و هەوڵی بۆ نەدەیت هەرگیز ناگەیت بە پلە و پێگەیەکی باش، باشترە لەگەڵ هاوبەشی ژیانت چێژ لە ساتەکانت ببینیت و تێگەیشتن و ڕێز لە نێوانتاندا هەبێت، زیادەڕەوی مەکە لە خواردنی شیرینیدا.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کاتێك دڵنیادەبیتەوە لە گونجاویی کارێك یان پیشەیەك، هەوڵ بدە باشترین پێشکەش بکە، هەوڵ بدە لەلایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندییەکەت بەهێز بکە و ڕێگە مەدە کێشەکان ئاڵۆز ببێت، دەکرێت گۆڕانکارییەك بکەیت و دەروونت لەو ماندووبوونە ڕزگار بکەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەهۆی بەردەوام دواخستنیان لە ڕۆژانی داهاتوودا کارەکانت کەڵەکە دەبن، سەرەڕای بوونی هەندێك کێشە و گرفت پەیوەندیی سۆزداریت لە ئێستادا جێگیرە، خواردنی چەور زیانی هەیە و دەبێت کەمی بکەیتەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر خەون و ئامانجەکانت لەلایەنی پیشەییەوە بچوکن، ئەوا بێگومان لە داهاتوودا هاتنەدییان مەحاڵە، باشترە خواستی گەورەت هەبێت، لەگەڵ هاوڕێکانت کاتێکی خۆش بەسەر ببە و دوور بکەوەرەوە لە خەمەکانت، هەمیشە بایەخ بە خواردنی تەندروست بدە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەندێك کێشە لە نێوانی تۆ و هاوپیشەکانتدا ڕوودەدات، بەڵام دەبێت بە ئارامی ڕەفتار بکەیت، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە بە شێوەیەکی ژیرانە کار بکەیت، بۆ ئەوەی ڕێز و خۆشەویستیی هەموان بەدەست بهێنیت، مەعنەویاتت بەرزە، ئەمەش وادەکات لە دڵەڕاوکێ دوور بکەیتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

واز بهێنە لە قەرزکردنی زۆر لە هاوپیشەکانت، چونکە کاریگەریی نەرێنی هەیە، زیاتر کەسایەتیت دەربخە و سەرنجی خۆشەویستەکەت ڕابکێشە، واز بهێنە لە دانیشتنی زۆر، چونکە زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.



## پەند و وتە

فیزیاناسی کەنەدی «گابور مات» لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاری بوداپێستی هەنگاریا لە دایك بووە و پاشان کۆچی بۆ وڵاتی کەنەدا کردووە و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی بەدەست هێناوە، یەکێکە لە فیزیاناسە ژیرەکانی وڵاتی کەنەدا، دەربارەی دەربازبوون لە مێژوو دەڵێ: «خۆ چاککردنەوە و چاکسازی لە هەست و دەروونڕدا ئەوەیە دووبارە پێداچوونەوە بە ڕابردوومان بکەین و، خۆمان لە کۆتوبەندە نێگەتیڤانەکانی پێشوو ڕزگار بکەین».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند کەسێك هەن، کە زیاترن لە پێنج کەس، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بیاندۆزیتەوە و شوێنەکانیان دیاری بکەیت.

بۆ زانیاریت

# ناوی ژمارەکان لە دوای ملیۆن



| ژمارەی سفرەکان | ناو |
|---|---|
| ٩ سفر | ملیار |
| ١٢ سفر | بلیون |
| ١٥ سفر | بلیار |
| ١٨ سفر | تریلیون |
| ٢١ سفر | تریلیار |
| ٢٤ سفر | کریلیون |
| ٢٧ سفر | کزیلیار |
| ٣٠ سفر | سنکلیون |
| ٣٣ سفر | سنکلیار |
| ٣٦ سفر | سیزیلیون |
| ٣٩ سفر | سیزیلیار |
| ٤٢ سفر | سیتلیون |
| ٤٥ سفر | سیتلیار |
| ٤٨ سفر | ویتلیون |
| ٥١ سفر | ویتلیار |
| ٥٤ سفر | تیفلیون |
| ٥٧ سفر | تیفلیار |
| ٦٠ سفر | دیشلیون |
| ٦٣ سفر | دیشل |
| ١٠٠ سفر | گـوگـل |

فیلم

## ئازاری گۆڕ - Grave Torture




فیلمێکی ترسناك و درامایەکی هـۆڕۆرە، بـاس لـە هێـزو توانـای دوو بـرا دەکات، کـە ڕێگـری دەکـەن لـە تەقینـەوەی بومبێکـی گـەورە کـە هەڕەشـەیە لەسـەر شـاری جاکارتـای ئەندەنوسیا، بۆمبەکـە لەلایـەن چەند ئەژدیهایەکەوە ئامادە کراوە تـا شـاری جاکارتـای پێی کاول بکرێت، لـە دەرهێنانـی جوکـۆ ئەنـوارە، لـە نووسـینی لـکال تانجـۆگ، مـاوەی فیلمەکـە یـەك کاتژمێـر و ٥٧ خولەکـە، لـە نواندنـی: فارادینـا مفتـی، ویـدۆری پاتری، کریستان هاکم، فاجری ئەلبار، ڕەزا ڕەهادین، موزیـکای ڕەمـدان.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

گرنگە بڕیارێکی گونجاو دەربارەی لایەنی ماددیت بدەیت، نابێت بە بێ پێویستی پارە بە هەموو شتێك بدەیت، لایەنی سۆزدارییت ناجێگیرە و کێشەکان ئاڵۆز دەبن، هەوڵ بدە ئاگاداری زیادبوونی کێشت بیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

باشترە پلانەکانت جێبەجێ بکەیت و لەپێناو داهاتوودا هەوڵ بدەیت، پێش ئەوەی پەیوەندیی سۆزداری دروست بکەیت، پێویستە لە کەسە دڵنیابیتەوە، ئاگاداری جۆری خواردنەکانت بە، چونکە هەندێکیان تووشی هەستیاریت دەکەن.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

زوو بڕیار لەسەر کارەکانت دەدەیت، ڕێگەمەدە هیچ کەسێك دەست وەربداتە کارەکانتەوە، هەمیشە بە شێوەیەکی نەرمونیان مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرتدا بکە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، دەکرێت هاوسەنگی لە نێوانی ژیانی تایبەتی و ژیانی پیشەییتدا ڕابگریت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کاتەکانت ڕێك بخە و ڕێگەیەکی گونجاو بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی ئەرکەکانت بە باشی جێبەجێ بکەیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت ژیرانە ڕەفتار بکە، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکەیت، هەرگیز بەهۆی ماندووبوون و کاری زۆرەوە تەندروستیی خۆت فەرامۆش مەکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە ماندوبوونی زۆر وا دەکات داهاتوویەکی پرشنگدارت هەبێت، پەیوەندیی سۆزداری هەندێك جار قوربانیدانی دەوێت، چونکە ڕەنگە هەموو بیرکردنەوەیەکت گونجاو نەبێت، لە ڕێگەی سیستمی خۆراکیی تەندروستەوە خۆت بپارێزە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەلایەن بەرپرسانی کارەکەتەوە تواناکانت بەرز دەنرخێندرێت و هەنگاوی باش دەنێیت، کاتێك تووشی کێشەی سۆزداری دەبیت، باشترە پشت بە کەسانی متمانەپێکراو ببەستیت، هەوڵ بدە لەوجێگەیانە دوور بکەوەرەوە کەتووشی دڵەراوکێت دەکەن و دەروونت ماندوو دەبێت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئیس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئیس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly November 18, 2024 Issue,No.1439

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ریستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی -٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

Contact with us :

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

